# کێ پالۆمینۆ مۆلرۆی کوشت

## براوەی خەڵاتی نۆبێڵی ئەدەبی ٢٠١٠

# کێ پالۆمینۆ مۆلرۆی کوشت

## براوەی خەڵاتی نۆبێڵی ئەدەبیی ٢٠١٠


**نووسینی**

**ماریۆ ڤارگاس یۆسا**

**وەرگێڕانی**

**عەبدولخالق یەعقووبی**

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان بەرێوەبەرایەتی
گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەرێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

## • کێ پالۆمینۆ مۆلرۆی کوشت


- نووسینی: ماریۆ ڤارگاس یۆسا
- وەرگێڕانی بۆ فارسی: ئەحمەد گوڵشیری
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی
- نەخشەسازی ناوەوە: رەسووڵ سوڵتانی (باران)
- بەرگ: هۆگر سدیق
- چاپی یەکەم: ٢٠١٢
- تیراژ: ١٠٠٠
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- چاپخانە: وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
- ژمارەی سپاردن: لە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ٨٣٤ ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە.

**زنجیرەی کتێب (٦٧١)**

**ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی**
**رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێنەوە**
**www .Kurdchap.com**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## کورتەیەك

ماریۆ ڤارگاس یۆسا لە ٢٨ی مارسی ١٩٣٦دا لە پیرۆ لە دایك بوو. یۆسا هەر لە سەردەمی گەنجێتییەوە دەستی کرد بە نووسین. سەرنجڕاکێشترین شتێك لە یۆسا ئاماژەی پێ کردووە، رۆڵی خەڵکی ئاساییە لە بەدەسەڵات گەیاندنی دیکتاتۆرەکاندا. یۆسا ئەو خەڵکی ئاساییەی، کە پشتی دیکتاتۆرەکان دەگرن بۆ ئەوەی بەدەسەڵات بگەن، بە وردە دیکتاتۆر یان دیکتاتۆری بچووك ناو دەبات.

یۆسا لەو بارەیەوە لە دیمانەیەکیدا گوتی:"دیکتاتۆرەکان بە یارمەتیی خەڵکێکی زۆر و جاری واش هەیە تەنانەت بە یارمەتیی قوربانییەکانی خۆیان بە دەسەڵات دەگەن. ئەزموونی سی ساڵەی من لە سیاسەتدا فێری کردم کە چۆن چاوبرسێتی و تەماحی سیاسی زەین و مێشکی بەشەر بەرەو فەوتان و نەمان دەبا، بەها و بنەماکانی دەفەوتێنێ و بنیادەمەکان دەکاتە دێوەزمەی بچووك بچووك.

# ١

لیتۆما، کە خەریکبوو جەرگ و ریخۆڵەی دەهاتە دەرێ، گوتی: ((هەی زۆڵینە. کوڕە لاو، جاخۆ هەر لە کەڵکوکەرەمیان خستووی)).

کوڕە گەنجەیان بە پیرەدارگوێزەکەدا هەڵواسیبوو، هەر لەجێشدا چوارمێخەیان کێشابوو. رواڵەتی هێندە گاڵتەجاڕانە بوو کە پتر لە داهۆڵ یان بووکەڵەیەکی دەستکردی هەپروون بە هەپروون دەچوو تا مەیتی مردوویەك. بەر لەوەی بیکوژن یان دوایە، ئازای ئەندامیان بە چەقۆ هەلابەهەلا کردبوو: لووت و دەمیان هەڵقلیشاندبوو. روخساری بەو خوێنانەی لەسەری ویشك ببوونەوە، بەو ڕەشایی و بڕاوی و جێگای داغکراوەکانی بە جگەرەوە، لە نەخشەیەکی جوگرافی تێکەڵ پێکەڵ دەچوو. لیتۆما هەستی بەوە کرد تەنانەت هەوڵیانداوە گونەکانیشی دەربێنن، چونکە تا سەر ڕانەکانی کێشیان هاتبوو. پای پەتی بوو، لە کەمەر بۆ خوارەوە رووت و قووت بوو و ژێر کراسێکی دڕاو لە کەمەر بۆ سەرەوەی دادەپۆشی. قژی ڕەش و ئاڵۆزی، لەژێر لەشکرێك مێشەوە، کە بە دەوری دەموچاویدا دەهاتن و دەچوون، دەدرەوشایەوە.

بزنی ئەو کوڕەی مەیتەکەی دۆزیبۆوە بۆنیان بە دەوروبەری کێڵگەوە دەکرد و دەمیان بۆ هەموو شتێك دادەپچڕاند تا شتێك بۆ خواردن بدۆزنەوە. لیتۆما بیری لەوە کردەوە کە بزنەکان هەر ئێستا نا ساتێکی تر بۆیان هەیە قەپاڵ بە قاچی کوڕە گەنجەکەدا بکەن.

دڵ تێکەڵییەکەی لەبیر بردەوەو لە کاتێکدا زمانی دەگیرا گوتی: ((ئەوە کام بەچکە بیژوویەك ئەم کارەی کردووە؟))

کوڕە گوتی: ((من نازانم. لەمن تووڕە مەبن، من هیچم نەکردووە. دەبێ خۆشحاڵ بن لەوەی هاتم ئەم هەواڵەم پێگەیاندن))

((من لە تۆ تووڕە نابم. لەو بەچکە بیژووە تووڕەم کە وێراوییەتی ئەم کارە بکات.))

کوڕە بەیانی ئەو ڕۆژە کە بزنی بەرەو کێڵگە ڕادابوو و لە ترسان سەرەگێژەی گرتبوو، قسەی تێدا نییە، یەکەمجار بوو کە بە درێژایی عومری خۆی بەم چەشنە هەژابوو. بەڵام لە ئەرکی خۆی نەخافڵا، مێگەلی لە نێو ئەو گاشە بەردانەی کە دەوراندەوری مەیتەکەیان تەنیبوو بەرەڵڵا کرد تا خۆیان بڵەوەڕن و بەرەو پاسگای پۆلیسی تالارا رای کرد. تالارا تا لەوەڕگاکە کاتژمێرێکی مەودا بوو و کەواتە کوڕە لە راستیدا پیاوەتی کردبوو. لیتۆما دەموچاوی ئارەقاوی و رەنگی ترساوی ئەوی وەبیر خۆی هێنایەوە، ئەو کاتەی دەرگای ژووری پاشگای کردەوەو هاتە ژووری:

((پیاوێکیان لە جادەی لوتیوس کوشتووە. بتانەوێ دەتانبەمە ئەوێ، بەڵام هەر ئائێستا دەبێ وەڕێ بکەون، چونکە بزنەکانم هەر لەوێ بەرەڵڵا کردوون و لەوانەیە بیاندزن و بیانبەن.))

خۆشبەختانە هیچ کام لە بزنەکانیان نەدزیبوو، لیتۆما کە سامی بینینی کوڕە گەنجەکە هێور هێور لە دڵیدا پاشەکشێی کردبوو کوڕەی دیتبوو کە دەستی راداشتووەو بە ئاماژەی قامك بزنەکانی دەژمارد. ئەو کات دەنگی هەناسەی هەڵکێشانی ئەوی ئەو کاتەی لە بزنەکانی خاترجەم بوو بیست: ((هەموویان ماون و تەواون.))

شوفێری تاکسی بە دەنگی بەرز گوتی: ((یا حەزرەتی مریەم، ئەمە ئیتر چییە؟))

بەدەم رێگاوە، کوڕە ئەو شتەی قەرار بوو بیبینن، کەم و زۆر شیکردبۆوە، بەڵام هێنانە بەرچاوی ئەو مەیتە لە کوێ و دیتن و دەست لێدانی لە کوێ؟ بۆگەنی مەیتەکە وڵاتی هەڵگرتبوو. تینی خۆر تا سەر ئێسکی ئەوان و تا نێو دڵی بەردەکانی دەبڕی، مەیتەکە شکی تێدا نەبوو لە خێراییەکی زۆر خەریکبوو لێك هەڵوەشێتەوە.

((کاکە، یارمەتیمان دەدەی، بیهێنینە خوارێ؟))

شۆفێی تاکسی وێنەی خاچێکی بە ئاماژەی دەست کێشاو گوتی: ((بەڵێ باش.)) تفێکی لە درەختی خڕنۆکەکە کرد، ((ئەگەر کەسێك پێی گوتبام کە بەم فۆردە بڕیارە چی هەڵگرم، حاشام لە

کڕینی دەکرد. ئێوەو جەنابی ستوان خەریکن کەرم دەکەن و کاری زیادیم لێدەکێشن چونکە من کابرایەکی بەستەزمانم.))

خێرۆ نیمۆ خاوەن تاکە تەکسیی تالارا بوو. ئەو بەو پیکاپە سەر داخراوە، فەرتووت و ڕەشەی، کە دەتگوت دارە مەیتە، بە دەروازەیەکدا هاتوچۆی دەکرد کە شاری لەو ناوچەی کارو ژیانی ئەو بیانییانەی کە کارمەندی کۆمپانی نەوتی نێو نەتەوەیی بوون جیادەکردەوە.

ستوان سیلوا و لیتۆما ئەو کاتەی کارێکیان لە شوێنێك بۆ دەهاتە پێش کە نەدەکرا بە ئەسپ یان دووچەرخە-واتە تەنیا ئامرازی هاتوچۆی ئیدارەی پۆستی گاردیا- بچن، سواری ئەم تاکسییە دەبوون. ئەوان هەرکات بانگی شۆفێرەکەیان دەکرد دەستی دەکرد بە بۆڵەبۆڵ و دەیگوت: ((ئێوە من لە کارو کاسبی دەخەن.)) هەرچەند ستوان لە گیرفانی خۆی پارەی بەنزینەکەی پێدەدا.

((ڕاوەستە خێرۆ نیمۆ، ئەلحان هاتەوە بیرم، تا ئەو کاتەی دادوەر نەیات و لە شتەکە نەکۆڵێتەوە، بۆمان نییە دەست لە مەیتەکە بدەین.))

کابرا پیرە منگە منگێکی کرد و گوتی: ((یانی دەفەرموون من ئەم ڕێگایە کە ناگاتە هیچ کوێ ببڕم و بگەڕێمەوە؟ یان بە قازی بڵێن کرێی خۆم بداتێ یان بڕۆن گەمژەیەکیتر وەگیر بێنن.))

ڕاست لەم کاتەدا دەستی لەسەر لاجانگی دانا، چاوی زەق بوون و لە مەیتەکەی بڕین: ((دا ڕاوەستن تۆزێك بزانم! من ئەم پیاوە دەناسمەوە!))

((کێیە؟))

گرێی روخساری پیرە مێرد کرایەوە: ((یەکێك لەو کوڕە گەنجانەی دوایین دەستەن کە بردیانن بۆ پایەگای هەوایی. ئەرێ، خەڵکی پیورایە، دەنگی خۆش بوو، بولرۆی دەگوت.))

# ٢

مۆنۆ دیسان گوتی: ((بۆلرۆی دەگوت؟ کەواتە هەر ئەو بابایەیە کە من باسم دەکرد.))

((خۆیەتی. پرسمانکرد و بە دوایدا گەڕاین، خۆیەتی. پالۆمینۆ مۆلرۆ، خەڵکی ئانتیل بوو. بەڵام باشە، ئێمە دەمانەوێ بزانین کێ کوشتوویەتی؟))

لە نێو قاوەخانەی بچووکی لاچونکا، نیزیك وەرزشگا، بوون. دیاربوو پێشبڕکێی مشتوەشێنی لە گۆڕدابوو، چونکی هەراو هاوار و زەنازەنای تواشاچیان دەبیسترا. لیتۆما لە ڕۆژی پشوودانیدا هاتبووە پیورا، یانی شوفێری پیکابی کۆمپانیی نەوتی نێونەتەوەیی ئەو بەیانییە هێنابووی و شەو دەگەڕایەوە. هەرکات لیتۆمان ڕێی دەکەوتە پیورا، لەگەڵ مامۆزاکانی، خوسێ و مۆنۆلێئۆن و هەروەتر خۆسێ فینۆی هاوڕێیان کە خەڵکی گوندی گای ئیناسێ رابوو، دەچوون بۆ شار. لیتۆما و برایانی لێئۆن خەڵکی لامانگاچریا بوون، بەڵام ئەم چوار هاوڕێیە دوژمنایەتیی لە مێژینەی دوو گوندەکەیان بە مەند وەرنەدەگرت. هێندە نێوانیان خۆش بوو کە خۆیان شیعری گۆرانییەکانیان دەهۆنییەوە و بەخۆیان دەگوت: ((ئارام هەڵنەگران)).

مۆنۆ گاڵتەجاڕانە گوتی: ((لیتۆما، ئەم یەکەیان بدۆزەوە با نیشانی ژەنەڕاڵی بە سینگتەوە هەڵواسن.))

((کارێکی ئەستەمە. کەس هیچی لێ نازانێ و کەسیش هیچی نەدیتووە. جیا لەمەو لە هەموو شت خراپتر، کاربەدەستان و بەرپرسان دەستی یارمەتیمان نادەنێ.))

خۆسێ فینۆ کە چاوی زەق ببوونەوە، گوتی: ((دا راوەستە بزانم، مەگین تۆ خۆت لە تالارادا کاربەدەست و بەرپرس نیت؟))

((من و ستوان سیلوا کاربەدەستی پۆلیسین. ئەو کاربەدەست و بەرپرسانەی من باسیان دەکەم ئی هێزی ئاسمانین. ئەو گەنجە لەڕ و لاوازە سەر بە هێزی ئاسمانی بووە. هەربۆیە ئەگەر بێت و ئەوان یارمەتیمان نەدەن، کام بێ پدەر و مادەر یارمەتیمان دەدات؟))

لیتۆما فوویەکی لە کەفی سەر بیرەکەی کرد، دەمی وەك تیمساح کردەوە، کەمێکی لێ خواردەوەو گوتی: ((ئەو بێ کەسوکارانە، ئەگەر ئێوە بە چاوی خۆتان بتاندیبا چ بەڵایەکیان بەسەر

ئەو کوڕە گەنجەدا هێناوە ئاوا بێ خەم ڕێگای شاری نوێتان نەدەگرتەبەر. تێدەگەیشتن بۆچی من بیر لە شتیتر ناکەمەوە.))

خۆسێ فینۆ گوتی: ((ئێمە تێدەگەین کاکی خۆم. بەڵام ئاخر هەربێیت و یەکسەر باسی مەیت بکەی پیاو حارز دەکات. کوڕە تۆ بۆ دەست لە سەری ئەو بابایە هەڵناگری، لیتۆما؟ تازە مردووەو تەواو.))

خۆسێ گوتی: ((پیاو پۆلیس ئەم شتانەش دێتە سەر ڕێی. کوڕە هەر لە بنەڕەتەوە کار دەدرو نەخۆشییە. جگە لەمە، تۆ هەر بە کەڵکی ئەم کارە نایەی. پۆلیس دەبێ دڵڕەق بێت، چونکی جاری وایە پێویستە پیاو بیژووبێت. تۆیش کە پیاوێکی هەتا بڵێی دڵناسکی.))

((ڕاستە، من دڵناسکم. ناتوانم بیر لەو گەنجە لەڕ و لاوازە نەکەمەوە. شەوانە خەونی ناخۆش دەبینم، هەست دەکەم یەکێك خەریکە گونەکانم دەکێشێ، هەر ئەو بەڵایەی بەسەر ئەو بەدبەختەیان داهێنا. تا سەر ئەژنۆی کێشیان هاتبوو، ورد پێشێڵ ببوون، وەك جووتێك هێلکە کە شکاندبێتن و کردبێتن بە هێلکە و ڕۆن.))

مۆنۆ بەدەم پێکەنینەوە گوتی: ((مەگین دەستت لێدان؟))

خۆسێ گوتی: ((ئێستا کە ئەم قسانە هاتە گۆڕێ، پێم خۆشە بزانم ستدان سیلدای ئاوی لەگەڵ ئەو خاتوونە گەرم و گوڕە چی کرد؟))

خۆسێ فینۆ گوتی: ((لەو کاتەوەی نەقلەکەیانت بۆ گێڕاوینەتەوە خەریکە دڵمان دەتۆقێ. ئەرێ ئاخرییەکەی ئەو ئاوییە ماتۆڕەکەی هەڵکردو گەرمی داهێنا؟))

((بەو مشەمشەی ئەو دەیکات ئاوی گەرم دانایات؟))

خۆسێ لە پشت مێزەکە هەستا: ((دەی باشە، هەستن بابچین بۆ سینەما. شاری نوێ پێش نیوە شەو هەراو هەنگامەی لێ بەپا دەبێت. سینەما واریتە فیلمێکی کابۆیی نمایش دەدا. ڕستیا کینتانا دەوری تێدا دەگێڕێ. هەڵبەت، ئیمشەو و میوانی کاکی پۆلیسین.))

((میوانی من؟ من تەنانەت پارەی بیرەیەك چییە نیمە بیدەم. چونکا، جاری واز لە من دێنن؟ دوایی دەیدەم.))

لاچونگا بە وەڕەزییەوە چاوی لێکردو گوتی: ((خالۆ ژنت ڕێگات پێ بدا دوایی بیدەی.))

((دەمزانی دەڵێی. من هەر هاتبووم سەرێك هەڵێنم و ئیتر هیچ.))

((بڕۆ سەر لە خالۆ ژنت هەڵێنە.))

مونۆ بە دەنگێکی بەرز گوتی: ((لاچونگا دوو، لیتۆما هیچ. لاچۆنگا بردییەوە.))

((چۆنگیتا، تووڕە مەبە. ئەمە قەرزی من. کارشیت بە خالۆ ژنی من نەدابێت: ئەو مردووەو لە سیمبیلا تا ئێستا حەوت کفنی دڕاندووە.))

لاچۆنگا، ژنێکی کەڵەگەت، مۆن و تەمەن نادیار، پارەکەی لێساند، ژمارەی و پاشماوەکەی داوە بە گرووپی ئارام هەڵنەگران کە خەریك بوون دەڕۆیشتن.

((چونگیتا، پرسیارێکم لێت هەیە. تا ئێستا کەس سەبارەت بەو هۆش و مرخەی هەتە شووشە بوتڵی لە سەرتدا ورد و خاش کردووە؟))

ژنەکە دەعیەی نەدەهێنا چاوی لێ بکات، گوتی: ((ئەم قسانە لە تۆ ناوەشێتەوە، زەڕنەقووتە.))

((ڕۆژێك ئاخری کەسێکت لێ دێتە پێشێ وانە ئەخلاق و ئەدەب پێ بڵێ.))

لاچونگا باوێشکی دا و گوتی: ((ئەو کەسە هەموو کەس بێت تۆ نیت.))

چوار کەسی گرووپی ((ئارام هەڵنەگران)) ڕێگای ئەو جادە چەور ڕێژەی گرتەبەر کە دەگەیشتەوە سەر جادەی سەرەکی، لە کلۆپی نەجیمزادەی ((پیورا)) تێپەڕین و بەرەو بینای بیرەوەریی ((گروو)) ڕۆیشتن. شەوێکی گەرم و هێور و لێوڕێژ لە ئەستێرە بوو. بۆنی درەختی و بزن و جیقنەی باڵندە و شتی سوورەوەکراو ولاتی هەڵگرتبوو. لیتۆما، کە وێنەی پالۆمینۆ مۆلرۆی لە قەنارە دراو و خوێناوی لەبەر چاو ون نەدەبوو، بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر لە بڕی پۆلیسێتی ڕێوشوێنی ژیانی هەرزەکارانەو کەمتەرخەمانەی ئارام هەڵنەگرانی ڕەچاو کردبا پەژیوان نەدەبۆوە؟ نا، پەژیوان نەدەبۆوە. چونکی گەرچی کاروباری لە یەك شوێن چەقی نەدەبەست، بەڵام خواردنی ڕۆژانەی مسۆگەر دەبوو و خەمی نەدەخوارد و خەیاڵ هەڵی نەدەگرت.

خۆسێ و مۆنۆ و خۆسێ فینۆ ئاهەنگی والسێکیان بە فیتوو لێدەدا و لیتۆما هەوڵی دەدا ئەو ئاهەنگە ئارام و مێلۆدییە سەرنجڕاکێشانەی کە پالۆمینۆ بە گۆرانی دەیگوتنەوە بێنێتە بەر زەینی خۆی. هەر گەیشتنە بەردەم دەرگای سینەمای واریتە ماڵئاوایی لە خۆسێ فینۆ و ئامۆزاکانی کرد. درۆیەکی داتاشی، گوتی شۆفێری شەریکەی نێونەتەوەیی زووتر لە جاران دەچێ بۆ تالارا و نایهەوێ لەم هەلی ئەم سواربوونە لە کیس خۆی بدات. ئەوان تەقالایان دا پارەیەکی لە چەنگ دەربێنن، بەڵام دینارێك چییە پێی نەدان.

ڕێگای مەیدانی ئارماسی گرتەبەر. لەسەر ڕێ چاوی بە خواکین ڕامۆسی شاعیر کەوت کە چاویلکەیەکی تاك قاپی لە چاو کردبوو و بزنێکی بە دوای خۆیدا رادەکێشا کە ناوی نابوو ئاسك. مەیدانەکە قەرەباڵغ بوو، دەتگوت خەڵك بۆ داب و دەستوورێکی ئایینی کۆببوونەوە. لیتۆما گوێی

پێنەدا، وای نواند وەك بڵێی دەچێ بۆ ژووانی ژنێك، و لە پردە کۆنەکەوە ڕێگای کاستیلیای گرتەبەر. لە نێو قاوەخانەی لاچونگا ئەو کاتەی سەرقاڵی خواردەنەوەی بیرە بوو بیری لەمە کردبۆوە. ئەگەر ژنە لەوێ نەبێ چی؟ ئەگەر بارو بنەی تێکەوە پێچابێ و ڕووی کردبێتە شارێکیتر تا خەم و پەژارەی بەبادا، چی؟

بەڵام ژنە لەوێ بوو، لەسەر کورسییەك لەبەر دەرگای ماڵەکەی دانیشتبوو، گەنمە شامی پاك دەکرد و فێنکایی شەو دەموچاوی دەلاواندەوە. لیتۆما لە نێو دەرگای کراوەی کۆخە بە خشت هەڵچنراوەکەیەوە چاوی بەو ژمارە کەمەی کەلوپەلەکانی ماڵێی کەوت: هەندێ کورسیلەی حەسیری کە چەند دانەیەکیان بۆ لەسەر دانیشتن نەدەشیان، مێزێك، چەند ئاوخۆرییەکی گڵێن، یەخدانێك کە وەك مێزی خۆ ڕازاندنەوە کەڵکی لێ وەردەگیرا و ڕەسمێکی ڕەنگ کراو. بیری بۆ ئەوە چوو: ((ڕەسمی کوڕەکەیەتی.))

لە پێش دەم ژنە ڕاوەستا، ((ئەم کاتەت باش.)) ژن پای پەتی بوو، هەر ئەو کراسە ڕەشەی پۆشیبوو کە ئەو ڕۆژە لە پاسگا لەبەری دابوو.

ژن لەبەر خۆیەوە گوتی: ((باشتر.)) بێ ئەوەی بەجێی بێنێ چاوی لێدەکرد. چەند سەگی چەور و چڵکن بۆنیان پێوە دەکرد و مرە مریان بوو. کەسێك لە شوێنێکی دوورەوە گیتاری دەژەنی.

((دونیا ئاسۆشا، ڕێگام پێدەدەن ماوەیەك کاتتان بگرم و قسەتان لەگەڵ بکەن، دەربارەی کوڕەکەتان، پالۆمینۆ.))

لیتۆما لەو کەشوهەوا نیوە تاریك و نیوە ڕووناکەدا تەنیا ڕوخساری پڕ چین و لۆچی ژنەی بەجێ هێناوەو چاوە وردەکانی ژنە، لەژێر پێڵووە هەڵمساوەکانییەوە، بە نائارامییەوە لە پیاوەیان دەڕوانی. ئایا چاوی هەموو کات هەر ئەم حاڵەتەیان تێدایە یان چونکی هێندە گریاون وا هەڵمساون؟

((من ناناسنەوە؟ من لیتۆمام، ئەفسەری تالارا. ئەو کاتەی شکایەتەکەتان دایە دەست سەروان سیلوا من لەوێ بووم.))

ژنە وێنەی خاچێکی لەسەر سنگی کێشایەوە. شتێکی بێ ئەوەی کەس تێیبگا لەبەر خۆیەوە گوت و لیتۆما ژنەی بینی کە بە زەحمەتێکی زۆر توانی لە جێی خۆی هەستێت. گەنمە شامی و کورسیلەکەی هەڵگرتن و چووە ژوورێ. پیاوە بە دوایدا چووە ژوورێ و هەر کە وەژوور کەوت کڵاوەکەی لەسەر داکەند. کاتێك زانی ئەمە ماڵی پالۆمینۆیە ڕاچڵەکی. ئەم هاتنەی دەستووری

کەسی لەسەر نەبوو، بەڵکو خۆی بە خواستی خۆی هاتبوو، هیوادار بوو سەر ئێشە بۆ ژنە ساز نەکات.

ژنە هەر بەو شێوە راوێژەی کە لە تالارا دەنگی دەلەرییەوە و داوای دۆزینەوەی تاوانباری کردبو، لەبەر خۆیەوە گوتی: ((دۆزیتانەوە؟)) لەسەر کورسییەکە پاڵی دایەوەو ئەو کاتەی لیتۆما بە چاوێکی پڕ لە پرسیارەوە چاوی تێبڕی، دەنگی هەڵێنا، ((گیتاری کوڕەکەم دەڵێم. دۆزیتانەوە؟))

((هێشتا نا.)) شین و رۆڕۆی ژنەی کەوتەوە بیر کە ئەوکاتەی وەڵامی پرسیاری سەروان سیلوای دەدایەوە لە پڕمەی گریانی دابوو. ئەو رۆژەش هەر لە گیتاری پالۆمینۆی دەپرسی. بەڵام ئەو کاتەی رۆیشتبوو نە ئەو، نە سەروان سیلوا هیچ کامیان ئاماژەیان بە گیتارەکە نەکردبوو. ((خەمتان نەبێ، زۆری پێناچێ دەدۆزرێتەوە، ئەوکات من بۆ خۆم دەیهێنم و دەتاندەمەوە.

ژنە سەرلەنوێ وێنەی خاچێکی لەسەر سنگی کێشایەوەو لیتۆما پێی وابوو ژنە وەك رۆحی ئەهریمەنێکی نگریس و چەپەڵی لە خۆ دوور خستبێتەوە ئەوی لە خۆی دوور دەخستەوە. ((گیتارەکە دێنمەوەو دەیدەمەوە.))

((دەیهەویست هەر لێرەی دابنێ، بەڵام من پێم گوت، لەگەڵ خۆتی بەرە، لەگەڵ خۆتی بەرە. نا، دایە، لە پایگا دەرفەتی گیتار ژەندنم نییە. بێجگە لەمە، لەوانەیە قەفەزە لێ نەبێ تێیدای دابنێم. لێی گەڕێ با هەر لێرە بێت. کە هاتمەوە پیورا هەڵی دەگرم و دەیژەنم. نا، پالۆمینۆ، لەگەڵ خۆتی بەرە تا کات و ساتی خۆت باشتر رابوێری و گۆرانییەکانت بێ ئاهەنگ نەبن. تۆ کە ئەوەندە ئەم گیتارەت خۆش دەوێ، لە خۆتی دوور مەخەوە. وەیرۆ، خودا گیان... رۆڵەی بەستەزمانم رۆ!))

لە پڕمەی گریانیدا و لیتۆما کە زانی بیرەوەرییە تاڵەکانی بووژاندوونەتەوە پەژارە دایگرت. ملی خوراند و بۆ ئەهوەن کردنەوەی هەندێ شتی بڕگە بڕگەی لەبەر خۆیەوە گوت. ئەوکات بۆ ئەوەی شتێکی کردبێت دانیشت. بەڵێ، رەسمی پالۆمینۆ بوو، بە جلوبەرگی یەکەمین داب و دەستووری عیشای رەببانی. ماوەیەکی زۆر لە دەموچاوی درێژو رەقەڵە و بچکۆڵەی کوڕە سەوزە راما. سەری پەتی بوو، جلوبەرگی یەکپارچە سپیی لەبەر کردبوو، مۆمێکی لە دەستی راست و کتێبێکی نزای لە دەستی چەپیدا راگرتبوو، شاڵێکی لە دەوری ملی هاڵاندبوو. وێنەگر گۆنا و لێوەکانی سوور کردبوو. منداڵێکی کز و لەڕ و لاواز، دەتگوت حەاڵی لی ّهاتووە، وەك بڵێی مەسیحی بچکۆلانەی هێنابێتە بەرچاو.

دونیا ئاسونتا بە قامك ئاماژەی بە ڕەسمەکە کرد و بەدەم گریانەوە گوتی: ((ئەو وەختانە زۆر جوانی گۆرانی دەگوت. قەشە گارسیا لە کاتی داب و دەستووری عیشای ڕەببانی ئیزنی پێدەدا گۆرانی بڵێ و هەموو چەپڵەیان بۆ لێدەدا.))

((هەموو دەڵێن، دەنگی تای نەبووە. هەموو دەڵێن دەبوو بە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ، وەك ئەوانەی لە ڕادیۆدا گۆرانی دەڵێن و ئەم شارەو شار دەکەن. نابێ گۆرانیبێژ بەرن بۆ سەربازی، دەبێ سەربازییان پێ نەکەن.))

((پالۆمینۆ خۆ سەربازییان پێ نەکرد، مەعاف بوو.))

لیتۆما ڕوانییە چاوی ژنە. پیرێژنەکە دیسان خاچێکی لەسەر سنگی کێشایەوەو لە پڕمەی گریانیدا. لیتۆما گوێی لە شین و گریانی ژنە بوو و چاوی لەو مێشانە دەکرد کە لە دەوری گڵۆپەکە هاڵابوون. مێش ویزە ویزیان دەهات و بێ بڕانەوە خۆیان بە گڵۆپەکەدا دەدا، هەوڵیان دەدا خۆیان بە گڕ و بڵێسەی گڵۆپەکە بگەیەنن. دەیانەویست خۆیان بکوژن، شێتینە.

((فاڵگرەوەکە گوتر: گیتارەکە بدۆزرێتەوە، پیاوکوژەکان ڕوون دەبێتەوە کێن. ئەو کەسەی گێتارەکەی لێ بردووە کوشتوویەتی. پیاوکوژینە، پیاوکوژینە!))

لیتۆکا سەرێکی لەقاند. دڵی ئیشتیای جگەرەیەکی کردبوو، بەڵام وای بۆچوو داگیرساندنی جگەرە لە بەردەم ئەم ژنە خەمبارە وەك جنێودان بە شتی پیرۆز وایە.

((کوڕەکەتان لە خزمەتی سەربازی مەعارف بوو؟))

دونیا ئاسونتا هێور گوتی: ((باشە، تاکە منداڵی منی بێوەژن بوو. ئەم قسەی یاسایە.))

لیتۆما جارێکیتر ملی خوراندەوە، ((قسەکەتان ڕاستە. لەم بێ عەدالەتیانە زۆر هەڵدەکەوێ.))

بە دڵنیاییەوە ژنە دەیەویست دیسان لە پڕمەی گریانی داتەوە، ((مەبەستم ئەوەیە کە هەقیان نەبوو بیبەن بۆ سەربازی، وانییە؟ ئەمە کوا عەداڵەتە؟ ئەگەر نەیان بردبا بۆ سەربازی، ئێستا زیندوو بوو، قسە تێدا نییە.))

دونیا ئاسونتا هەروا کە چاوی بە لۆی کراسەکەی پاك دەکردەوە سەرێکی لەقاند. لە شوێنێکی دوورە دەستەوە دەنگی گیتار دەهات و لیتۆما لە ناکاو وای هێنایە بەرچاوی خۆی کە ئەو کەسی لەو دوورە دەستە، لە نێو تاریکاییدا، خەریکی گیتار ژەنینە و ڕەنگە لە لێواری چەمەکە ڕاوەستابێت و چاوی لە مانگ بڕی بێت پالۆمنیۆیە.

دونیا ئاسونتا هەروا کە فرمێسکی هەڵدەوەراند گوتی: ((خۆ ئەوان نەیان برد، هەر لە سەرەتاوە کەس زۆری لێ نەکرد بڕوات. بوو بە ئەندامی هێزی هەوایی چونکی بۆخۆی وایخست. خۆی بۆ خۆی رۆژ رەشی بە تووشی خۆیەوە کرد.))

لیتۆما لەوێ راوەستا بوو و چاوی لە ژنەکە دانیشتبوو دەکرد. هێندە کورتە باڵا بوو کە پایەتییەکانی بە ئاستەم دەگەیشتنە سەر کەفی ژوورەکە.

((سواری پاسی تالارا بوو و گوتی، دەمەوێ بچمە نێو هێزی هەواییەوە. رۆڵەی بەستەزمان! بە پای خۆی بەرەو کوشتارگەی خۆی رۆیشت. ئەم بەڵایە خۆی بەسەرخۆی داهێنا. پالۆمنیۆی بەستەزمانی من!))

((ئەو کاتەی لە تالارا بوون بۆ ئەم شتانەتان بە سەروان سیلوا نەگوت؟))

((خۆ لە منی نەپرسی. من وەڵامی ئەو شتەم دەدایەوە کە لێی دەپرسیم.))

((راستە، وایە. دەمەوێ بزانم پالۆمینۆ دوژمنی هەبوو؟ هەڵکەوتبوو کەسێ هەڕەشەی لێکردبێت؟ وا هەبوو کارێکی کردبێت کە کەسێك بیەوێ لەسەر ئەو کارە ئازاری بدات و کێشەی بۆ سازبکات؟ قەت بە ئێوەی گوتبوو دەیەوێ خزمەتی هێزی هەوایی بەجێ بێڵێ؟)) ئاسونتا خاکەڕایانە وەڵامی یەك بە یەکی پرسیارەکانی دەدایەوە: ((نا، هیچ کەس، قەت قەت.)) بەڵام راستییەکەی ئەوەبوو کە سەروان هەرگیز بە مێشکیدا نەهاتبوو پرسیاری لێ بکات کە ئایا پالۆمینۆیان بۆ خزمەت بانگێشت کردووە یان خۆی پێ ناساندوون.

لیتۆما سەری سووڕما و گوتی: ((مەبەستتان ئەوەیە خۆی دڵی پێوە بوو بچێت بۆ خزمەتی سەربازی؟)) ئەو وێنەیەی کە لیتۆما لە گۆرنیبێژی بۆلرۆیی لە مێشکیدا هەڵی گرتبوو سەر لەبەر ناڕاست و رێك بوو.

ژنە دەستی کرد بە شیوەن گێڕان: ((ئەمە ئەو شتەیە کە من سەرەندەری لێ ناکەم. بۆچی ئەم کارەت کرد، پالۆمنیۆ؟ تۆ و هێزی هەوایی؟ تۆ؟ تۆ؟ لە نێو تالارا؟ فرۆکە دەکەوێتە خوارێ، دەتەوێ دڵم بتۆقێنی؟ بۆچی بەر لە رۆیشتنت پرسێکت پێ نەکردم؟ چونکی ئەگەر پرسیم پێ کردبای، دەتانگوت، نا، دایە. باشە، بۆ، پالۆمنیۆ؟ چونکی ناچارم بچمە تالارا. چونکی کێشەی مەرگ و ژیان لە گۆڕێ دایە، دایکی خۆم.))

((بۆچی چوونی کوڕەکەتان بۆ تالارا کێشەی مان و نەمان بووە؟))

ژنە بۆ جاری چوارەم و پێنجەم وێنەی خاچی لەسەر سنگی کێشایەوە. ((قەت پێم نەزانی. بەمنی نەدەگوت و ئەم نهێنییەی لەگەڵ خۆی بردە نێو گۆڕەوە. وەیرۆ! بۆ ئەم بەلایەت بەسەر داهێنام، پالۆمید؟))

بزنێکی قاوەیی رەنگ کە جێگا جێگا پەڵەی سپی پێدەبوو سەری کێشایە نێو ژوورەکەو چاوە زیت و بەزەیی و رووژێنەکانی لە ژنە بڕی. سێیەرێك کێشایەوە بۆ دواوە.

((دەبێ هەر ئەو کات کە ناونوویی کردووە، پەژیوان بووبێتەوە، هەر ئەو وەختەی کە زانیویێتی خزمەتی سەربازی رابواردن و کایە نییە، بەڵکو مەشقی پێویستە، پاك و خاوێن کردنەوە دەوێ، وە باق و بریق خستنی گەڕەکە. رەنگە هەر لەبەر ئەمانە بووبێت لە چەنگ خزمەت رای کردووە، ئەوەی من تێی گەیشتووم هەر ئەمەیە. بەڵام ئەو شتەی نایزانم ئەمەیە کە بۆچی کوشتوویانە. ئەویش بەم شێوە زاڵمانەیە...))

لیتۆما هەوا بە دەنگی بەرزەوە شوێن پێی بیرو بۆچوونەکانی گرت بێ ئەوەی سەرنج بداتە دونیا ئاسونتا... کەواتە خۆی پێ ناساندوون تا پیورا بەجێ بێڵێت، چونکە کێشەی مان و نەمان لە گۆڕێ دابووە، دەبێ کەسێك لێرە لەنێو شار هەڕەشەی لێ کردووەو ئەو وای بۆچووە لە تالارا، لە نێو پایگای هێزی هەوایی، دوور لە مەترسییە. بەڵام دەرەقەتی ژیانی سەربازی نەهاتووەو دەربازبووە. پاشان ئەو یەك کەس یان چەند کەسەی کە ئەو لە دەستیان رای کردووە دۆزیویانەتەوەو بە حسێبی گەیشتووین. بەڵام باشە بۆ ئەم شێوەیە؟ پیاو دەبێ شێت و بێ ئینسانێکی وا کە هێشتا دەمی بۆنی شیری لێ دێ بەم جۆرە ئەشکەنجە بکات. زۆر کەس هەن دەچنە سەربازی چونکی لە عیشقدا دۆراون، لەوانەیە دڵی بە کچێکەوە بووە و وەڵامی نامەیان داوەتەوە، لەوانەشە ئاشقی کەسێك بووەو ئەو کەسە ئازاری داوە یان بە دوای کڵاوی لاردا ناردوویەتی. هەر چۆنێك نرخی زۆری لە پای داوەو بڕیاری داوە رابکات. بۆ کوێ؟ تالارا. چۆن؟ لە رێگای چوون بۆ خزمەتی سەربازییەوە؟ هەم گومان دەکەم وابێ، هەمیش وا نەبێ. دیسان بە تووڕەییەوە ملی خوراند.

دونیا ئاسونتا لە ناکاو رووی لەو کرد و گوتی: ((بۆچی هەستاون هاتوونەتەماڵی من؟))

لیتۆما هەستی کرد هەر ئێستایە درۆکەی ئاشکرا بێ. بەڕاستی بۆچی هاتووە؟ دەلیلێکی قەناعەت پێهێنەری بەدەستەوە نییە. تەنیا خۆ هەڵقورتاندن لە ژیانی کەسانیتر بۆ ئەم کارە هانی داوە.

ئەوکات بە پرتەپرتێکەوە گوتی: ((دەمەویست بزانم سەرەداوێکم دەدەیتە دەست یان نا.))

رق و قین لە چاوی دونیا ئاسونتا دەباری و لیتۆما بیری لەوە کردەوە کە ژنە دەزانێ ئەو خەریکە درۆ دەکات.

ژنە بە دەنگێکی خەمبار لەبەر خۆیەوە گوتی: ((سێ سەعاتی رەبەق منتان لەوێ ناچارکرد چی دەیزانم بیلێم، ئیتر چیتان دەوێ؟ پێتان دەلێم، ئیتر چیتان دەوێ؟ نەکا پێتان وابێ من دەزانم کێ ئەوی کوشتووە؟))

((تووڕە مەبن، تکایە. من نەهاتووم بۆ ئەوەی نارەحەتیان بکەم، هەر ئائێستا زەحمەت کەم دەکەمەوەو دەڕۆم. سپاس کە قسەتان لەگەڵدا کردم. ئەگەر شتێکمان دۆزییەوە پێوەندیتان پێوە دەکەین.))

هەستایە سەر پێ، ماڵ ئاوایی کردو بێ ئەوەی دەست لەگەڵ ژنە بداتەوە چووە دەرێ، دەترسا ژنە دەستی لەگەڵ لێ نەداتەوە. هەر کە وەردەکەوت کڵاوەکەی لەسەر کردەوەو چەند هەنگاوێك کە بەسەر جادەی پڕ لە خاك و خۆڵی، لەژێر رووناکایی ئەستێرەکان، هەڵێنایەوە هیور بۆوە. دەنگی گیتارە دوورە دەستەکە چیتر نەدەهات. تەنیا گوێی لە هەراو هاواری منداڵان بوو کە پێکەوە شەڕیان کایەیان دەکرد و هەروەتر هات و هاواری باوك و دایکەکانیان کە لە بەردەم ماڵەکانیان پێکەوە قسەیان دەکردو حەپە حەپی چەند سەگێکیش. لە مێشکیدا دەیگوت، چیت بەسەردا هاتووە؟ بۆچی پێش دەخۆیەوە؟ من ئیتر ئەو پیاوە فشەو لە خۆڕا خۆشحاڵەی ((مانگا چریا))نیم مەگین ئەوەی بزانم لەم دونیایەدا تاقمێ مرۆڤی ئەوەندە چەپەڵ لە کوێوە سەر هەڵدێنن، بەتایبەت کە هەموو کەس دانی پیا دەنێن کە پالۆمینۆ مافی مێروو لە یەکیش چییە نەیخواردووە.

گەیشتە لای پردە کۆنەکە، بەڵام لە بڕی ئەوەی بەسەریدا تێپەڕی و بچێت بۆ شار، رێی بەرەو قاوەخانەی ریۆ خوار کردەوە کە لەسەر پردی لەمێژینەی چەمی بیوارا سازکرابوو. گەرووی ویشك ببوو. قاوەخانەی ریۆ چۆڵ بوو. هێشتا دانەنیشتبوو کە ((مویس))، خاوەن قاوەخانەکە، گەیشتە سەری. گوێی مویس هێندە زل بوون کە هەموو کەس بە گوێ درێژ بانگیان دەکرد.

بە گاڵتە گوتی: ((لیتۆما، هێشتا عادەتم نەکردووە بە جلوبەرگی عەسکەری بت بینم.)) و لێوانێك ئاوی ((لۆکۆما))ی دایە دەستی: ((لەم جلوبەرگەدا رواڵەتت گۆڕاوە. ئارام هەڵنەگران لە کوێن؟))

لیتۆما ساردییەکەی قوم قوم خواردەوە و گوتی: ((چوون فیلمێکی کابۆیی چاو لێکەن. من هەر ئائێستا دەبێ بڕۆم بەرەو تالارا.))

((ئەم کێشەیەی پالۆمینۆ مۆلرۆ چ هەراو هەنگامەیەکی نادەتەوە! ئەرێ بەڕاستی گونیان دەرهێناوە؟))

لیتۆما نێوچاوانی تێك نا: ((نا، دەریان نەهێناوە. کێشاویانە.)) یەکەم شت کە هەموو دەیانەویست بیزانن هەر ئەمە بوو. ئێستاکانە وەختی ئەوە بوو هەستی گاڵتەبازیی موسیس بوروژێ.

گوێیە زۆر زلەکانی، کە شێوەی باڵەکانی جرِ و جانەورێکی غوول ئەندامیان دەدا، جولاند، ((فەرق ناکات.))

لووت و چەناگەشی هاتبوونە پێشێ، هەنووکە رێك لە دێوەزمە دەچوو.

((دەتناسی؟))

((ئەرێ، تۆیش بۆ خۆت دەتناسی، دڵنیام دەتناسی. رواڵەتیت وەبیر نایەتەوە؟ گەنجە پارەدارەکان بە کرێیان دەگرت تا بۆ دڵدارەکانیان گۆرانی بڵێت. لە میوانییەکاندا ناچاریان دەکرد بەزمی گۆرانی بگێڕێ، تەنانەت لە کلوپی ((گرو)). سوێندێ دەخۆم کە دەنگی رێك لە دەنگی لێئۆمارینی دەچوو. لیتۆما، تۆبە دڵنیاییەوە بینیوتە؟))

((هەموو هەروا دەڵێن. خوسی و مۆنۆ و خۆسێ فینۆ دەڵێن شەوێك کە لە قاوەخانەی لاچونکا گۆرانی دەگوت ئێمە هەموو لەوێ کۆببووینەوە. بەڵام من کە قەت وەبیرم نایات.))

چاوی وێکنان و ئەو شەوە هاوشێوانەی هێنایە بەرچاوی کە لە دەوری مێزێکی بچووکی پڕ لە بوتڵی بیرە دانیشتوون، دووکەڵی جگەرە چاوی دەکزبێنێتەوە، بۆگەنی خواردنەوە وڵاتی داگرتووە، هەر قسەی سەر خۆشانەیە دەبیسرێ. جەماوەر دیارن و دیار نین و ئاهەنگی گیتار کە والس یان توندرو دەژەنێ بەگوێ دەگات. لە وەها هەراو هەنگامەیەکدا مەگین دەیتوانی ئەو دەنگە جحێڵانە و هێور و بڵاوێنە بناسێتەوە کە هەستی وەگەڕکەوتنێکی نەرمونیان لە مرۆڤدا دەورووژێنێ؟ نا، چی وەبیر نایات. خۆسێ مینۆ و ئامۆزاکانی بە هەڵەدا چوون. هەوڵی بێ ئاکام بوو. لە ژیانیدا دەنگی پالۆمینۆی نەبیسبوو.

((بکوژە کەیتا دۆزییەوە؟))

((هێشتاکانە نا هاورێی بووی؟))

((جاروبار دەهات شتێکی بە سەرەوە دەنا. هاوڕێ نەبووین بەڵام جاروبار یەکترمان دەدواند.))

((پیاوێکی کەیفخۆش بوو؟ زۆرزان و بە قسە بوو؟ یان لەسەرەخۆ و مەندبوو؟))

((هێمن و شەمێون بوو. هەمیشە بە بان هەورەکانەوە لە بوو، لە حاڵ و هەوای شاعیراندا بوو. لێی قەوما بردیان بۆ سەربازی دڵنیام لەو یاسا و ڕێسا ویشکانە زۆری ئازار چەشتووە.))

((نا، باوە، خۆ نەیانبر بۆ سەربازی، بۆ خۆی خوازیار بوو. بەپێی خۆی چوو. دایکی نازانێ بۆچی. منیش نازانم.))

گوێدرێژ گوێیەکی بۆ جووڵاند: ((پیاو کە لە عیشقدا دۆڕاندی لەم بەڵایانە بە سەرخۆیدا دێنێ.))

((منیش هەر وای بۆ دەچم، بەڵام لەم ڕێگایەوە ناکرێ بزانین کێ کوشتی و بۆ کوشتی.))

چەند کەسێك هاتنە نێو قاوەخانەکەو موسیس لێیان چووە پێشێ پێیان رابگا. کاتی ئەوە هاتبوو لیتۆما سەروسۆراغی شۆفێری پیکاپەکە بگرێ، بەڵام هێزی نەبوو ببزوێ. کوڕە گەنجە ڕەقەڵەی دەدی کە خەریکە گیتارەکەی کۆك دەکا، دەیدی کە لە کووچەو کۆڵانە نیوە تاریکەکانی پیورادا، واتە شوێنی پیاوە ناسراو و بەناوبانگەکان، لە ژێر گڵۆپە مەهتابییەکانی ئەو کیژانەی کە عیشقی وانی بە خونیش نەدەدی راوەستاوەو بە دەنگی ئەفسووناوی و خۆشی سەرنجیان رادەکێشێ، کوڕە گەنجەی دەدی کە خەریکە ئەو خەڵاتەی کە گەنجە پارەدارەکان بۆ سەرقاڵ کردنی خۆشەویستەکانی خۆیان دەیدەنێ دەخاتە گیرفانییەوە. بڵێی گیتارەکەی هەر بە پارەی ئەم خەڵاتانە کڕی بێت؟ بۆچی بەجێهێشتن پیورا لێی ببووە کێشەی مەرگ و ژیان؟

موسیس گوێیەکانی بە توندی جولاندو گوتی: ((وەبیرم هاتەوە.))

((چیت وەبیر هاتەوە؟))

((کە بەڕاستی لە شوێنێك کەری لە قوڕێ گیرابوو. لە زمانی جەرپەڕی شتێکی بەمن گوت. گوتی ئاشقی کەسێك بووە کە ناشی ببوایە. ئەمەی بەمن گوت.))

((ئەو کەسە بڵێی مێردی بوویێت؟))

((بەوە نازانم، لیتۆما. دەکرێ مەزەندە بۆ زۆر شت بکرێ. بۆ وێنە دەکرێ دڵی بە ژنێکی کلێسانشینەوە بێت. قسەکەی هەر ئەمە بوو کە باسم بۆ کردە پێمگوت، باشە ئێستا بۆ وا دەڵێی تازیەباری؟ چونکی ئاشقم، موسیس. ئاشقی ئەو کەسەی کە ناشێ ببوایەم. هەربۆیە هەستا چوو بۆ نێو هێزی هەوایی.))

((پێی گوتی ئەو کەسە کێیە کە ناشێ ئاشقی ببوایە؟ ناوی هێنا؟))

موسیس سەرو گوێی وەجووڵە جووڵ خست.

((هەر ئەمەندەی گوت. گوتی دەبێ بە دزییەوە بیبینێت. گوتی گۆرانی بۆ دەڵێ، بەڵام نەك لەژێر پەنجەرەی ماڵیان، بەڵکو لە رێی دوورەوە.))

((تێدەگەم.)) پالۆمینۆی واهێنایە بەرچاوی خۆی کە لە پیورا رایکردووە چونکی مێردی ئەو کەسە هەڕەشەی لێ کردووە کە سەر بە نیشی دەکات. ((ئەگەر ئەو ژنەمان دەدۆزییەوە، ئەگەر دەمانزانی بۆچی گوتوویەتی ناشێ ئاشقی ببوایە، سەرەداوێکی مەسەلەکەمان دەکروتە دەست.)) لەوانەیە هەر لەبەر ئەمە بووە کە ئەشکەنجەیان کردووە.

((ئەگەر ئەم قسەیە بەردێك لەسەر رێگات لادەبا دەبێ پێت بڵێم کە ئەو کەسە ماڵی نیزیك پایگا بووە.))

((نیزیك پایگا؟))

((شەوێك لێرە پێکەوە قسەمان دەکرد. پالۆمینۆ مالرۆ رێك هەر ئا لێرە دانیشتبوو کە تۆ لێی دانیشتووی. بیستی کە یەکێك لە هاوڕێیانی من خەریکە دەچێت بۆ چیکلایۆ. بۆیە تکای لێکرد ئەویش لەگەڵ خۆی سوار بکات و بیبات بۆ پایگا. "بەم شەوە دەتەوێ بچی بۆ ئەوێ چی بکەیت؟" "مرسیس، دەهەوێ گۆڕانیی بۆ بڵێم." کەواتە دڵنیام ئەو کەسە ماڵی لەوێندەرە.))

((بەڵام خۆ کەس لەوێ ناژی. موسیس، لەوێ هەر دارگوێز و شنەبای لێیە.))

گوێدرێژ گوێیەکانی بۆ جوولاند: ((لیتۆما، تۆزێ بیری لێ بکەوە. شوێن پێی ئەم سەرەداوە بگرە.))

لیتۆما سەرێکی بۆ خوراند، ((قسەکەت راستە، ئەندامانی هێزی هەوایی و ژن و منداڵیان لەو دەوروبەرە دەژین.))

# ٣

سەروان سیلوا گوتی: ((زۆر باشە، ئەو شوێنەی کە ئەندامانی هێزی و هەوایی و ژن و منداڵیان لێی دەژین. سەرەداوی باشە. ئێستا ئیتر ئەو بێ کەسوکارە پێمان ناڵێ خەریکە وەختی بەفیرۆە دەدەین.))

بەڵام لیتۆما زانی کە سەروان گەرچی گوێی لەوە و باسی چاوپێکەوتنەکەیان لەگەڵ سەرۆکی پایگای هێزی هەوایی دەکات بەڵام هۆش و گۆشی هەمووی لای دونیا ئادریانا-یە کە خەریك بوو رێستۆرانتەکەی خاوێن دەکردەوە. جار جار لێواری دامەنەکەی تا سەر ئەژنۆی هەڵدەدراوە. چاوە وردەکانی سەروان بچووکترین بزووتنی ژنەیان دەقۆزتەوە.

دونیا ئادریانا چ شتێکی تێدابوو کەوا سیحری لێ کردبوو؟ لیتۆما لەمە نەدەگەیشت. سەروان پێستێکی سپیی هەبوو، گەنج و جوان چاك بوو و سمێڵێکی بۆری تەنکی هێشتبۆوە. هەر ژنێکی تالاری خواستبا، دەیتوانی وەدەستی بێنێ، بەڵام چاوی تەنیا بەدوای دونیا ئادریاناوە بوو. لای لیتۆما دانی پیانابوو، ((ئەم خەپە تۆڵەیە بە یەکجاری یەخسیری خۆیی کردووم.)) کێ باوەڕی دەکرد؟ دونیا ئادریانا بەو تەمەنەوە لەجێی دایکی بوو، شوێن شوێن لە نێو قژە شێواو و شپرزەکەی تاڵە مووی سپی تێدابوو. جگە لەمانە، هەموو جێیەکی هەڵمسابوو. ئادریانا ژنی ماتیاس بوو کە بە شەو وەشوێن ماسی گرتن دەکەوت و بەرۆژیش دەخەوت. ژنەو مێردەکەی لە ژوورێکی پشت ریستۆرانتەکە دەخەوتن و چەند کوڕو کچی

گەورەیان هەبوو کە هەموو بەجێیان هێشتبوون. دوو کوڕیان لە کۆمپانیی نەوتی نێو نەتەوەیی کاریان دەکرد.

((سەروان، ئەگەر هەروا چاو لە دونا ئادریانا ببڕن، چڕو چاوتان چیتر شوێنێك نابینیٚ، لانی کەم چاویلکەکەتان لە چاو کەن.)) سەروان بێ ئەوەی چاو لە گسکی ئادریانا بتروکێنیٚ، بە چیە گوتی: ((ئەوەی راستی بێت، هەر دێت و رەنگ و رووی جوانتر دەبێت.))

لێوانێکی گەورەی شیری بزن و چەند بابۆڵەیەکی پەنیری پڕ چەوری لە بەردەمیان بوو. چاوەڕێی دون خێرۆتیمۆ و تاکسییەکەی بوون تا بێت و ئەدان ببات بۆ پایگا. بڕیاربوو کاتژمێر هەشت و نیو چاویان بە سەرهەنگ میندرۆ بکەویٚ. ئەوان تاقە مشتەرییەکانی چێشتخانەی دونیا ئادریانا بوون. چێشتخانەکە بریتی بوو لە کۆخێك کە بەدار حەیزەران و حەسیر و هەندیٚ ئاسنەواڵەی خوار و خێچ چیٚ کرابوو. لە سووچێکیدا وەجاغ دەستییەك دانرابوو کە دونیا ئادریانا لە سەری چێشتی بۆ مشتەرییەکانی سازکرد. لە پشت دیواری ئەو سەری کۆخەکە ژوورێکی بچووکی لیٚ بوو کە ماتیاس دوای گەڕانەوەی لە ئۆقیانووس تێیدا دەخەوت.

بزەیەکی شیرین کەوتە سەر لێوی لیتۆما، ((دونیا ئادریانا، ئەو کاتەی گسکتان لە ولاٚت دەدا پێمخۆش بوو گوێتان لیٚ دەبوو سەروان چۆنی بەسەردا هەڵدەگوتن.)) خاوەن رێستۆرانتەکە هەڕەشە ئامێز گسکەکەی بەرزکردەوە. وردە وردە لێی هاتە پێشیٚ. ((دەڵیٚ ئەگەرچی ئێوە جەستەتان پڕ بە پێستەو چەند کیلۆشتان لە زیادییە بەلاٚم لە سەرتاسەری تالارادا تاتان نییە.))

سەروان سیلوا رواڵەتی دون ژوانی وەخۆی گرت و گوتی، ((من ئەم قسانەی دەیکەم لە سەریان سوورم. چونکی راستن. دونیا ئادریاناش خۆی دەزانیٚ.))

((جەناب سەروان، لە جیاتی ئەوەی گاڵتە بە ژنێك بکات کە کوڕو کچی گەورەی هەیە، باشترە بچیٚ بە کاروباری خۆی رابگات. بچیٚ ئەرکی خۆی لەجێبێنیٚ و پیاوکوژەکانی بگریٚ.))

سەروان بێ شەرمانە بە زمانی لێوی تەڕ کردن، ((ئەوکات ئەگەر دۆزیمنەوە چی دەستم دەگریٚ؟ ئامادەم قۆڵبەستیان بکەم و بیانخەمە بەر پات.))

لیتۆما کە کەیفێی بەو گاڵتانەی سەروان دەهات لەبەر خۆیەوە گوتی: ((وا قسە دەکات دەڵێی...)) بەلاٚم وەبیر گەنجە لە قەنارە دراوەکە کەوتەوەو گاڵتەکان چیتر بۆی تامیان نەما. ((ئەگەر سەرهەنگ میندرۆی ولاٚغ هاوکاریمان بکات کارمان لیٚ ئاسان دەبێتەوە. هەرچییەك بێ ئەو هێزی ئاسایشی هەیە، ئارشیوی هەیە، توانایی لێپرسینەوەی لە ئەندامانی پایگا

هەیە، و ئەگەر پێی خۆش بێت یارمەتیمان بدات، سەرەداوێکی زۆرمان دەکەوێتە دەست و ئەوکات ئەو بیژووە بێ کەسوکارانە دەخەینە داوەوە. بەڵام سەرهەنگ میندرۆ زۆر ترِ زلە. باشە بەڕاستی بۆچی رووماں پێنادەن؟ چونکی ئەندامانی هێزی هەوایی هەموو پێیان وایە (از دماغ قبل اختادەن). پێیان وایە پۆلیسەکانی شاری دورِ رەن و بەشەر نین...))

دونیا ئادریانا، زیقاندی و خۆی لە دەستی رزگار کرد. پاکەتێك جگەرەی ئینکای دابووە دەستی سەروان سیلوا و ئەویش دەستی گرتبوو. ((بەرمدە! پێت وایە کێی؟ بەرمدە، دەنا ماتیاس خەبەر دەکەمەوە. من خۆ کلّفەتی کۆ نیم. دەستم دەگری، کورِە ژیکەلانەکە. کارت بەسەر ژنێکی ماڵ و منداڵدارەوە نەبێ.))

سەروان ژنەی بەردا تا جگەرەکەی هەڵبکات و دونیا ئادریانا ئارام بۆوە. هەمیشە هەروابوو: لەو گاڵتەپێکردن و رەفتارە ناحەزانە توورِە دەبوو کەچی لە دڵەوە پێی ناخۆش نەبوو. لیتۆما بیری لەوە کردەوە: ((لە هەناوی هەموویاندا دەمارێکی نارِەسەنی لێدەدا.)) و دڵی گیرا.

دونیا ئادریانا گوتی: ((لەنێو شار، خەڵك سەروبنی قسەیان هەر ئەم باسەیە. لێرە لە دایکبووم، بە درێژایی تەمەنم نەدیتووە کەس ئاوا بکوژرێ. لەم دەوروبەرە خەڵك یەکتر ئەنجن ئەنجن دەکەن، ئەویش لە بەرامبەر یەکتر و پیاوانە، بەڵام ئەوەی بێت ئەشکەنجەی بکەن و لە قەنارەی بدەن، ئەوە کەس نەیدیتووە. ئێوەش لێرە قوونتان پان کردۆتەوە بێکار دانیشتوون. ئەمیش ناتانگرێ.))

سەروان سیلوا گوتی: ((ئێمە بێکار دانەنیشتووین، گیانەکەم ئەوەندەیە سەرهەنگ میندرۆ یارمەتیمان نادات. رێگام پێنادا لێپرسینەوەیەکم لە هاورِێکانی پالۆمینۆ مۆلرۆ هەبێت. دڵنیام هەندێ شت دەیزانی. بەم جۆرە هیچ بە هیچ ناکەین، خەتاکەش لەسەر شانی ئەوە. بەڵام درەنگ و زوو هەقیقەت دەردەکەوێ.))

((پیاو دڵی بۆ ئەو دایکە بەستەزمانێ دەستووتێ، سەرهەنگ میندرۆ پێیوایە هەموو کارەی ئەم دەوروبەرەیە، پێم خۆشە ئەو کاتەی لەگەڵ کچەکەی دێتە دەرێ بۆ نێو شار، چاوی لێ بکەن. بە عەیبەی دەزانێ جوابی سڵاوی خەڵك بداتەوە، بە عەیبەی دەزانی چاو لە خەڵك بکات. قسەو باسی کچەکەشی کە ئیتر هەر باسی مەکە. چ پۆزو ئیفادەیەك!))

هێشتا کاتژمێر نەببووە هەشت بەڵام تاو و تینی خۆر قولەی دەکرد. گەرمای بەتینی خۆر رێستۆرانتەکەی وەك سۆبە سوور کردبووەو لەو گەرمایەشدا، تەپ و تۆز وڵاتی داگرتبوو و

مێش و مەگەزیش هەر ویزە ویزیان دەهات. تاك و تەرا خەڵك بە شەقامدا تێدەپەڕین. لیتۆما هاژەی هۆوری پێکدادانی شەپۆڵەکان و خوڕەی گەڕانەوەی ئاو بۆ سەر و زیخ و چەوی رۆخی زەریا دەبیست.

دونیا ئادورنا گوتی: ((ماتیاس دەڵێ ئەو کوڕە گەنجە دەنگێکی سەیر و خۆشی پێوە بوو، دەڵێ بۆخۆی هونەرمەندێك بوو.))

سەروان گوتی: ((دون ماتیاس پالۆمینۆ مۆلرۆی دەناسی؟))

((یەك دووجار کە خەریکی چاککردنەوەی تۆڕەکەی بووە دەنگی بیستووە.))

ماتیاس و دوو ماسیگرێتر خەریك بوون تۆر و تەڵەکانیان دەخستە نێو گەمییەکەیان، شیر تالارا، کە دەنگی گیتار سەرنجیان رادەکێشێ. مانگە شەو ولاتی وا رۆشن و رووناك کردبوو کە پێویستی بە چرا قودە نەدەکرد و ئەوان چاویان بە چەند سێبەرێك لە کەنار زەریا دەکەوێ و ورد کە لێیان دەڕوانن دەبینن پێنج، شەش سەربازێکی هێزی هەوایین کە لە نێوان گەمییەکاندا جگەرە دەکێشن. کاتێك کە کوڕە گەنجەکە تێی هەڵدەکات لە گۆڕانی، ماتیاس و کوڕەکانی تۆڕەکانیان جێدەهێڵن و دەچنە پێشی گوێ بدەنێ. کوڕە گەنجەکە دەنگێکی بلاوێنی بووەو بە ترپەی خۆشی ئەو دەنگە فرمێسك لە چاویاندا قەتیس ماوە و پشتیان لەرزاوە. پالۆمینۆ گۆرانیی ((ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا))ی گوتووە. کە گۆرانییەکەی تەواو کردووە هەموو چەپڵەیان بۆ لێداوە. ماتیاس ئیزنی لێ وەرگرتووە دەستی لەگەڵ لێبداتەوە. پیرۆزبایی پێ گوتووە: ((ئێوە منتان وەبیر رابوردوو خستەوە. منتان هەژاند.)) لێرەدا بووە کە زانیوێتی ناوی پالۆمینۆ مۆلرۆیەو یەکێکە لە سەربازەکانی هێزی هەوایی گوتوویەتی: ((پالۆمینۆ، رۆژێك دەنگت لە رادیۆ بلاودەکەنەوە.)) دوای ئەو شەوە، مێردی دوننیا ئادریانا چەند جارێکیتر کە ویستوویەتی بەشیر تالارا رێگای زەریا ببڕێ، پالۆمینۆی هەر لەو کەنارەو لە دەوروبەری گەمییەکان بینیووە، ئەوکات دەستی لەکار هەڵگرتووەو گوێی بۆ دەنگی ئەو شلکردووە.

((ئەگەر ماتیاس وای کردبێت دیارە دەنگی ئەو کوڕە گەنجە زۆرخۆش بووە، ئاخر ماتیاس کەم و زۆر پیاوێکی ساردو سڕە.))

((دونیا ئادریانا، مەبەستت ئەوەیە کە ئیتر چی لە دەست نایات و لە کارکەوتووە؟ من خۆشحاڵ دەبم گەرمت دابێنم.))

دونیا ئادریانا پێکەنی: ((من پێویستم بە کەس نییە گەرمم دبێنە.))

ڕێك لەم کاتەدا سەرو سیمای دون خێرۆ نیمۆ وەدەرکەوت. نەیتوانیبوو بە ماشێنەکەی بێتە بەردەم ڕێستۆرانتەکە، چونکی کۆڵانەکە چور ڕێژ کرابوو و تایەکانی گیریان دەکردو دەرنەدەچوون. هەر بۆیە فۆردەکەی لەسەر شەقامی سەرەکی، سەد مەترێك ئەولای ڕێستۆرانتەکە، ڕاگرتبوو. سەروان سیلواو لیتۆما خواردنەکەیان حسیب کرد و چوونە دەرێ. لە دەرەوە خۆر بێ بەزەییانە لێی دەدان. هەرچەندە کاتژمێر هەشت و چارەگ بوو بەڵام دەتگوت نیوەڕۆیە. لەژێر ئەو خۆرەتاوە کە چاوی پیاوی کوێر دەکرد دەتگوت خەڵك و شتەکانیان هەر ئێستا نا تاوێکیتر لەوانەیە بتوێنەوە.

هەروا بە پێ کە بەرەو ماشێنەکە دەڕۆیشتن، دون خێرۆ نیمۆ گوتی: ((دەنگۆ تالارای هەڵگرتووە.)) قاچیان بە خێزەکەدا ڕۆدەچوو، ((سەروان، پیاوکوژەکان بدۆزنەوە، ئەگینا خەڵك لە قەنارەتان دەدەن.))

سەروان سیلوا شانێکی بۆ هەڵتەکاند: ((با لە قەنارەم دەن، خۆ من نەمکوشتووە.))

((ئاخر، خەڵك قسەی سەیر و سەمەرە دەکەن، قسەی وا بە بیستنی گوێتان سوور هەڵدەگەڕێ.))

((گوێی من کە گوێی ناداتێ و سوور هەڵناگرێ. باشە دەڵێن چی؟))

((دەڵێن ئێوە ناهێڵن باسەکە روون بێتەوە چونکی لەم کارەدا دەستی هێندە مل ئەستووری تێدایە.)) ماتۆڕی ماشێنەکەی بە هەندێك هەڵکرد، چاوێکی لە سەروان داگرت و گوتی: ((لەم کارەدا دەستی مل ئەستوورەکانی تێدایە، ڕاستت عەرز دەکەم، سەروان؟))

((ئەگەریش دەستی مل ئەستوورەکان لەم کارەدا هەیە من ئاگام لێ نییە، ئێمە دەیانگرین، هەر شتێکیش قەوما، با بقەومێ. سەروان سیلوا ئەو بابەیە دەخاتە دادەوە، دون خێرۆ نیمۆ، جا با مل ئەستوور بێ یان مل باریك، تێی تەقێنە، با بڕۆین نامەوێ درەنگ بگەمە سەر قەرارەکەی سەرهەنگ.))

سەروان پیاوێکی راست و پاك بوو و هەر لەم سۆنگەیەشەوە لیتۆما ڕێزی بۆ دادەنا و خۆشی دەویست. زۆربڵێ بوو بەڵام قسەی خۆش بوون و تەنیا کە باس دەبووە باسی خاوەنە خەپەکەی ڕێستۆرانتەکە لە کەللەی دەدا. لیتۆما هەر لە سەرەتاوە لەبەر دەستی سەروان سیلوا کاری کردبوو و هەمیشە دیتبووی کە کارەکانی راستۆکانە بەڕێوە دەبات و لایەنی کەسی نەدەگرت.

دون خێرۆ نیمۆ گوتی: ((تا ئێستا چیتان بەچی کردووە؟)) و لە خۆڕایی هۆڕنی لێدەدا، ئەو منداڵ و سەگ و بەراز گوێدرێژ و بزنانەی کە لەبەردەم تاکسییەکە بەرەڵڵا کرابوون ڕێگایان نەدەدا.

((هیچ بە هیچ.))

شۆفێرەکە گاڵتەجاڕانە گوتی: ((بێژن بۆ گێڕانەوە نابێ.))

لیتۆما گوێی لێبوو سەرۆکەکەی ئەو قسەیەی دووپات کردەوە کە ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی کردبووی. ((ئیمڕۆ سەرە هەودایەکمان دێتە دەست. من بۆنی دەکەم.))

هەنووکە لە قەراغ شار بوون. بورجی نەوت لە نێو دڵی دیمەنی بەردەڵان و رووتی دووبەری جادەکەدا چاویان دەلاواندەوە. لەو دوور دوورانە، سەربانی بیناکانی هێزی هەوایی لەژێر خۆرەتاودا دەدرەوشانەوە. لیتۆما لە حاند قسەی سەروان بێدەنگ نەبوو و گوتی: ((خوا بکات شتێك بدۆزینەوە، هەرچییەك بێت قەیناکات.)) ئایا پەی بەوە دەبات کێ کوڕەی کوشتووەو بۆچی کوشتوویەتی؟ ئەو بەدوای بەجێهێنانی عەدالەت و ساندنەوەی تۆڵەدا نەبوو، تەنیا دەیەویست روخساریان ببینێ و گوێی لە دەلیلی کوستنی پالۆمینۆ بێت.

لە پاسگا، ئەفسەری پاسەوان سەرتاپا لێی روانین، وەك بڵێی یەکەم رابێت دەیانبینی. لیتۆما و سەرپەل سیلوای لەژێر ئەو خۆرە بەتینە چاوەڕێ هێشتەوە، بێ ئەوەی پێیان بڵێ با بێنە ژوورێ و لە ژێر سێبەری پرسگەکە دابنیشن. هەروا کە چاوەڕوان مانەوە، لیتۆما چاوێکی بە دەوروبەردا گێڕا:

((باوە! بەمە دەڵێن ژیان!)) بەلای راستەوە، ماڵی ئەفسەرانی لێ بوو، هەموویان خاوەن یەك شکڵ و شێواز، کە لەسەر ئەستوونگەلێکی لە چیمەنتۆ چێکراوی ئاوی و سپی دامەزرابوون، بە پەیژەی تۆڕدار و باخچەی رێکوپێکی گوڵی شەمدانییەوە. ژن و منداڵانی دەبینی و کچانیش کە خەریك بوون گوڵەکانیان ئاو دەدا، حیلکە حیلکە و دەنگی پێکەنین بە گوێ دەگەیشت. ((هەر بەڕاستی فڕۆکەوانەکانیش وەك بیانییەکانی کۆمپانیی نەوتی نێونەتەوەیی دەژین! بینینی ئەم هەموو شتە پاك و خاوێنە هەستی بە خیلایەتیی پیاو دەورووژێنێ. تەنانەت حەوزی مەلەشیان هەیە، ئەویش لە پشت ماڵان.)) لیتۆما بە چاوی نەیبینیبوون، بەڵام دەیتوانی بیانهێنێتە بەرچاوی. ژن و منداڵ بە بەرگی تایبەتەوە لەنێو حەوزی مەلەدان، خۆیان لەبەر تاو راکێشاوە یان ئاو بە یەکتری دادەکەن.

ئیدارەو هێلانەی فڕۆکەکان بەلای چەپەوە بوون و دوورتر لەویێ، دەستی خوارەوە، هێڵی جادەی فڕۆکەخانە دەبینرا. لیتۆما چەند فڕۆکەی دەهاتە بەرچاو کە بە شکڵی سێ گۆشەیەك لە پەنا یەك ریزکرابوون. ((بەڕاستی کە وەك شا رایدەبوێرن! لە ((گرینگۆ))کانی کۆمپانییی نەوت نامێننەوە. ئەم بیژووە بەختەوەرانە لەو دیوی ئەو پەرژین و تۆڕانە وەك ئەستێرەکانی سینەما رایدەبوێرن. گرینگۆکان و ئەندامانی هێزی هەوایی، دوور لە چاوی خەڵکی رووت و رەجاڵی تالارا، کە لە نێو شاردا خەریکن دەبرژێن یان لە کەنار ئۆقیانووسی پیس و تێکەڵ بە نەوتی ((پلاسس ئەن))دا خەریکن گیان دەدەن، پێکەوە چاك و خۆشی دەکەن.)) لەلای سەرووی تالاراوە، گۆشەیەکی گاشە بەردێکی دەبینی کە دەوراندەوری پەرژین کرابوو و پاشەوانی چەکدار رۆژ و شەو چاوەدێرییان دەکرد. ئەو ماڵانەی کە ئەندازیار و پسپۆڕ و کارمەندانی کۆمپانیای نەتوی نێونەتەوەیی تێیاندا دەژیان، لەژێر تیشکی خۆرەتاودا دەبریقانەوە. ئەمانەش حەوزی مەلەیان تێدابوو، بە هەموو کەلوپەلێکەوە، بە تەختەی بازدانیشەوە. لە شار باس باسی ئەوە بوو ژنانی بیانی نیمچە رووت لەنێو ئەو حەوزانەدا مەلە دەکەن.

سەرهەنگ میندرۆ پاش بەینێکی باش کە چاوەڕوانی هێشتنەوە دواجار ئیزنی چوونە ژوورێی پێدان. هەروا کە بەرەو ژووری فەرماندە دەڕۆیشتن، لیتۆما چاوێکی لە ئەفسەر و فڕۆکەوانەکان کردو گوتی: ((هەندێ لەم زۆڵانە دەزانن چی رووی داوە.))

صەرپەل سیلوا و لیتۆما لەبەر دەرگاکە دابی رێزلێنانیان بەجێهێنا و پاشان تا نێوەڕاستی ژوورەکە چوونە پێشێ. لەسەر مێز ئالایەکی چکۆڵەی پێروو، رۆژ ژمێرێك، دەفتەرێکی بڕیاری چاوپێکەوتن، هەندێ بەرگە قاقەزی رەسمی، چەند قەڵەم، هەندێ وێنەی سەرهەنگ میندرۆ و کچەکەی و لە پەنا ئەویش وێنەیەکی تاکە کەسیی دیکەی کچی سەرهەنگ دەبینران. چاك و خاوێنیی ژوورەکە پیشاندەری کەسایەتیی بە دەسەڵاتی سەرهەنگ بوو. هەموو شتێك لەجێی خۆی داندرابوو: جەعبە کە شەودارەکانی ئارشیو، دەستوورە هەڵواسراوەکان بە دیوارەوە، و نەخشەیەکی زۆر گەورەی پیروو کە سەرتاسەری دیواری پشتەسەری فەرماندەی پایگای هێزی هەوایی تالارای دادەپۆشی. سەرهەنگ میندرۆ پیاوێکی کورتەباڵا و قەڵەو و بەخۆوە بوو، چین و لۆچی دیار کەوتبووە سەر تەوێڵی و سمێڵێکی قیت و رێکوپێکی بوو. دەتگوت خۆشی رەنگدانەوەیەکی ژوورەکەی بوو. بە چاوە خۆڵەمێشی و ساردو سڕەکانییەوە، کە چکۆڵەترین نیشانەی بەخێرهێنانیان تێدا بەدی نەدەکرا، لە دوو پیاوەی روانی.

به راوێژێکی دۆستانەوە کە دژ بە روخساری ساردو سڕی بوو، گوتی: ((کارتان چییە؟))

سەرپەل گوتی: ((قوربان، دیسان هاتووینەتەوە لە کوشفی پالۆمینۆ مۆلرۆ بکۆڵینەوە. جەناب سەرهەنگ، ئێمە پێویستمان بە یارمەتی ئێوە هەیە تا...))

سەرهەنگ قسەکەی پێ بڕی و بە راوێژێکی تێکەڵ بە گاڵتەوە گوتی: ((مەگین من پێشتر یارمەتیم نەداون؟ مەگین ئێوە سێ پێش ئێستا هەر لەم ژوورەدا نەبوون؟ ئەگەر ئەو یادداشتەی کە پێمدان ونتان کردووە ئەوەتانێ من لێرە نوسخەیەکم لەلایە.))

پووشەیەکی کردەوە کە لەبەردەمی داندرابوو، بەرگە قاقەزێکی لێ دەرێنا و بە حاڵەتێکی ساردوسڕ خوێندیەوە:

مولرۆ سانچێز، پالۆمینۆ، لە دایکبووی پیورا، سێزدەی فیۆریەی ١٩٣٦. منداڵی یاسایی دونیا ئاسونتا سانچێز و دۆن تێئوفیلۆ مۆلرۆ، کۆشکردوو. خوێندن: تێپەڕاندنی سەرەتایی، سێ ساڵی یەکەمی کۆتایی لە سان میگێل ناسیۆنال. دەسپێکی خزمەتی سەربازی ١٩٥٣. دەسپێکی مەئموورییەت لە پایگای هەوایی تالارا، ١٥ی ژانویە ١٩٥٤. پەلی سێهەم، بە فەرماندەیی سەرپەل ئادۆلفۆ کاپریاتا. تێپەرشاندنی مەشقی سەرەتایی لەگەڵ سەربازەکانیتر وەرگرتنی بەرگی مۆڵەتی پشوودان لە شەوی ٢٣ تا ٢٤ی مارس. نەگەڕانەوە بۆ پایگا دوای پشوویەکی بیست و چوار کاتژمێری. راگەیاندنی راکردن لە خزمەتی سەربازی و نووسینی راپۆرتەکەی بۆ دژبان.

سەرهەنگ کۆخەیەکی بۆ کردو لە سەرپەل سیلوای روان ((نوسخەیەکی تریشتان گەرەکە؟))

لیتۆما لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: ((بۆچی ناتهەوێ چاوت بە چاومان بکەوێ؟ ئەرێ تۆ بۆ ئەوەندە دایك قەحپەی، هەر ناپیاو؟))

سەرپەل سیلوا بزەیەکی هاتێ: ((نا، پێویستمان پێی نییە، جەنا سەرهەنگ. ئێمە ئەو یادداشتەمان ون نەکردووە.))

((دەی کەواتە ئیتر چیتان دەوێ؟ چاوەڕوانی چ جۆرە یارمەتییەکی منن؟ ئێمە هەرچییەکی دەربارەی پالۆمینۆ مۆلرۆ دەزانین لەو یادداشتەدا نووسیومانە. من خۆم لە شتەکانم کۆڵیوەتەوەو پرس و راوێژم بە ئەفسەرو دەرەجەدار و فرۆکەوانەکان کردووە. کەس ئەوی نەبینیوەو کەس نازانێ کێ ئەوی کوشتووەو بۆچی کوشتوویەتی. من راپۆرتێکی تێروتەسەلم بۆ بەرپرسە باڵادەستەکانم هەناردووەو ئەوانیش رازی بوون کە کێشەکە کۆتایی پێ هاتووە.

وێدەچێ ئەوە ئێوەن رازی نەبوون. باشە، ئەمە ئیتر گرفتی خۆتانە. ئەندامانی ئەم پایگایە دەستێکیان لەم رووداوە نییە و زانیارییەکی ترشیان نییە بیخەنە بەردەستی کەس. مۆلرۆ پیاوێکی هێمن و بێدەنگ بووە کە دۆستایەتیی نزیکی کەسی نەکردووەو دەردە دڵی لای کەس نەدەکرد وێدەچێ لەنێو پایگادا ئاشناو رۆشنای نەبووەو هەر بۆیەش ناحەزو نەیارو دوژمنیشی نەبووە. بەپێی ئەو راپۆرتانەی دەربارەی کاروبارەکانی لەبەر دەستمانە هەر ئەوەندەتان دەتوانم پێ بڵێم کە پیاوێکی نە زۆر سەرو نە زۆر نزم بووە. لەوانەیە هەر لەم سۆنگەیەشەوە خزمەتی جێهێشتووە. لە دەرەوەی پایگا لێی بکۆڵنەوە بزانن لەنێو شاردا کێ ناسیوێتی، لەکاتی هەڵاتنیەوە تا ئەودەمەی دەیکوژن کێی لەگەڵ بووە. ئێوە، کاکی سەرپەل، خەریکن وەختی خۆتان لەخۆڕا لێرە بەفیڕۆ دەدەن و من نامەوێ وەختی خۆم بە فیڕۆ بدەن.))

لیتۆما بیری لەوە کردەوە کە ئایا ئەم شێوە ئاخافتنە توندوتیژو لەخۆ رادیوانەیەی سەرهەنگ باڵادەستەکەی دەترسێنی و مەیدانی پێ چۆڵ دەکات یان نا. بەڵام سەرپەل سیلوا قایم لە بەرامبەریدا راوەستا.

سەرپەل هەروا کە راست راوەستابوو بە دەنگێکی هێور و ئارام گوتی: ((جەنابی سەرهەنگ، ئێمە نەهاتووین لێرە وەختی ئێوە بەفیڕۆ بدەین. ئێمە بەڵگەمان بەدەستەوەیە.))

چاوە وردو خۆڵەمێشییەکانی سەرهەنگ جارێك ترووکان و بزەیەکی وردو هەڕەشە ئامێز لەسەر روخساری دەقی گرت. ((کەواتە تکایە بیلێین.))

((جەنابی سەرهەنگ، لیتۆما لێرە لە نێو پیورا لە هەندێ شتی کۆڵیوەتەوە.))

لیتۆما هەستی بەوە کرد کە روخساری فەرماندەی پایگا سوورهەڵگەڕا. هەستی بە ناڕەحەتییەکی زۆر کرد و بەم ئاکامە گەیشت کە ناتوانێ راپۆرتێکی قەناعەت پێهێنەر ئاڕاستەی کەسێك بکات کە تا ئەم ئاستە دوژمنایەتیی ئەوان دەکات و بەنەیار و ناحەزیان دەزانێ. ئەوکات بە دەنگێکی کەم و زۆر خەفەتاوی دەستی بە قسان کرد. لە پیورادا بەو راستییەی زانیوە کە پالۆمینۆ مۆلرۆ لە خزمەتکردنی سەربازی مەعارف بووە، بەڵام بە دایکی گوتووە بۆیە ناوی بۆ خزمەتکردنی نووسیوە کە مەسەلەی مەرگ و ژیان لە گۆڕێ دایە و دەبێ شار بەجێبهێڵێت و بڕوات. لیتۆما لێرەدا تۆزێك راوەستا. ئایا سەرهەنگ گوێی پێدەدات؟ سەرهەنگ لە وێنەیەکی کچەکەی لەنێو دیمەنێك لە خێزو دارگوێز، رامابوو. لە روخساریدا تێکەڵاوێك لە هۆگری و قین، خۆشەویستی و رق دەبیندرا.

سەرهەنگ ئاخرییەکەی رووی تێکرد: ((ئەم مەسەلەی مەرگ و ژیانەیان چییە؟))

سەرپەل وەك دەنگ هەڵبڕینێك گوتی: ((ئێمە وای بۆچووین ئەوکاتەی خۆی لە ئێرە ناساندووە باسی هۆیەکەی کردووە. لەوانەیە گوتبێتی بۆچی ناچارە وا خێرا لە پیورا بڕوات.))

ئایا سەرپەل خۆی خۆڵ کردبوو یان ئەویش وەك لیتۆما لە سۆنگەی هەڵسوکەوتی پڕ لە ئەدەب و حەیای سەرهەنگ سەری لێشێوابوو؟

فەرماندەی پایگا لە سەرتاپای سەرپەلی روانی، وەك بڵێی دڕدۆنگە لەوەی کە ئەو ئەفسەرە. رەنگە دەبوایە لەبەر روانینێکی وا سوور هەڵگەڕابا، بەڵام شتێکی ئەوتۆی لە خۆی نەنواند، بەڵکو هەروا هێدی هێدی و هێمن چاوەڕوان ما تا سەرهەنگ شتێك بڵێ.

سەرهەنگ وەك بڵێی لەبەردەم دوو منداڵ یان دوو پیاوی حۆڵ و نەزان راوەستابێت، گوتی: ((پێتان وانییە ئەگەر شتێکی لەم بابەتەمان بزانیبایە لەم یادداشتەدا باسمان کردبوو؟ پێتان وانییە ئەگەر ئێمە لێرە لەنێو پایگا هەواڵی ئەوەمان هەبووایە کە کەسێك هەڕەشەی لە پالۆمینۆ مۆلرۆ کردووە یان نیازی بووە ئازاری بدات دەسبەجێ بە پۆلیسمان دەگوت یان دادگامان لێ ئاگادار دەکرد؟))

لێرەدا سەرهەنگ ناچار بوو قسەکانی ببڕێتەوە چونکی فڕۆکەیەك لە نزیك ئەوان هۆتۆڕەکانی وەگەڕ خست. هاڕە هاڕەکە دواجار هێندە بەرز بۆوە کە لیتۆما پێی وابوو ئێستا نا تاوێکیتر گوێی کەڕ دەبێ. بەڵام نەیوێرا بە دەستی گوێی بگرێ.

هەرکە هاڕە هاڕەکە تەواو بوو سەرپەل گوتی: ((جەنابی سەرهەنگ، لیتۆما شتێکی تریشی دۆزیوەتەوە.)) مەیدانی چۆڵ نەکردبوو، وەك بڵێی پرسیارەکانی سەرهەنگی نەبیستبێت.

میندرۆ رووی کردە لیتۆما: ((تۆ دۆزیتەوە؟ چییە؟))

لیتۆما کۆخەیەکی بۆ کرد تا وەڵام بداتەوە، بەڵام شێوە ئاخافتنی گاڵتەجاڕانەی سەرهەنگ وایلێکرد بێدەنگ بێ. ئەوکات بابەتەکە ئاشکرا کرد: ((پالۆمینۆ مۆلرۆ ئاشقی کەسێك بوو و... وپێدەچێ...))

سەرهەنگ پرسیاری کرد: ((بۆ وەپڕتە پڕت کەوتی؟ خۆ تێکنەچووی؟))

((وێدەچی عیشقێکی ماقووڵانە نەبووە. رەنگە هەر بەم هۆیە بووە کە لە پیورا رایکردووە. واتە...))

روخساری سەرهەنگ وا مۆن و تاڵ ببوو کە لیتۆما دەستە پارچە ببوو و زمانی نەدەگەڕا. تا ئەو کاتەی نەهاتبوونە ناو ژووری فەرماندە، ئەو لێکدانەوەو ئەنجامانەی شەو پێشتر

کردبوونی قەناعەتیان پێ هێنابوو و سەرپەلیش بیروبۆچوونی خۆی دەربڕیبوو و گوتبوو لەوە وردتر و راستتر هەر نابێ. بەڵام ئێستا کە رووبەڕووی ناباوەڕی و تاتەو توانجێکی لەم جۆرە ببۆوە دوو دڵی و گومان یەخەی گرتبوو و تەنانەت لە گوتنی ئەو قسانەشی شەرمەندە بوو.

سەرپەل سیلوا هاتە یارمەتیی و گوتی: ((چاولێکەن، جەنابی سەرهەنگ، لەوانەیە مێردێکی بەخیل قامکی بۆ لای پالۆمینۆ مالرۆ راداشتبێت و هەڕەشەی لێکردبێت کە سەری تێدا دەبات و لەوانەیە ئەویش هاتووە لەنێو هێزی عەسکەری ناوی نووسیبێت.))

سەرهەنگ نوقمی نێو فیکرو خەیاڵ، بێ ئەوەی قسەیەك بکات چاوی لەوان دەکردو لەبەر خۆیەوە دەیگوت کە ئەمجارەیان چۆن چۆنی جنێویان بداتێ و قسەی ناحەزیان پێ بڵێ.

((ئەم مێردە بەخیلە کێیە؟))

سەرپەل سیلوا هەڵیدایە و گوتی: ((ئەمە ئەو شتەیە ئێمە دەمانەوێ بیزانین و ئەگەر بیزانین زۆر شتی تریشمان بۆ روون دەبێتەوە.))

سەرهەنگ میندرۆ بە شێوازی گاڵتە ئامێزی مامۆستای رۆژگاری قوتابخانەی گوتی: ((لەم پایگایەدا سەدان فرۆکەوان و دەرەجەدارمان هەیە، پێتا وایە من دەبێ لە دانە بە دانەی گیروگرفتەکانی ئەوان ئاگاداربم؟))

سەرپەل وەك داوای لێبوردن کردن گوتی: ((بە دڵنیاییەوە نا، جەنابی سەرهەنگ، بەڵام ئێمە پێمان وابوو کەسێك لەنێو ئەم پایگایەدا لەوانەیە هەندێ شت بزانێ. کەسێك کە لەگەڵی لەسەر یەك مێز چێشتی خواردووە، یەکێك لە راهێنەرەکانی، کەسێك کە...

سەرهەنگ قسەکەی پێ بڕی و گوتی: ((کەس ئاگاداری ژیانی شەخسی و تاکە کەسی پالۆمینۆ مۆلرۆ نییە. من خۆم لێم کۆڵیوەتەوە. ئەو پیاوێکی مات و بێدەنگ بووەو گیروگرفتی خۆی بە کەس نەدەگوت. ئەم بابەتە وێدەچێ لە نێو یادداشتەکەدا باسی لێ کرا بێ؟))

لیتۆمان بیری لەوە کردەوە سەرهەنگ پالۆمینۆ مالرۆ بە بەشەر نازانێ. قسەکانی چ ئی جاری پێشووی و چ ئی ئێستای دەسەڵمێنن چ گونی بە کوشتنی پالۆمینۆ ناچی. واباسی سەربازی تازەناونووس کردە دەکات دەڵێی گۆشتی گەردە ملەیە، و ئەگەریش زیندوو، بوایە پێی خۆش نەبوو زەق و زیندوو بیبینێت. ئایا هۆیەکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە مۆلرۆ سێ چوار رۆژ پێش کوژرانی لە خزمەتی سەربازی رای کردووە؟ ئەم بابایە جگە لەوەی پیاوێکی سووکو چرووك و چەپەڵە، زۆر پابەندی یاسایە و لە هیچ خۆش نابێ. لەوانەیە پالۆمیتۆی قوڕ

بەسەر هەر لەم لە هیچ خۆش نەبوونانە، لەوەی کە هەستی کردووە لە بەندیخانەیەکدا خزمەت دەکات، لە سەربازی هەڵاتووەو سەر خەڵکیش بە جەنایەتکاری لە قەڵەم داوە چونکی لەسەر ئەوە باوەڕەیە کە هەڵاتووی لە خزمەت بە گوللە بیپێژن.

((جەنابی سەرهەنگ، باسەکە لەە دایە کە ئێمە گومان هەڵی گرتووین نەکا پالۆمینۆ مۆلرۆ لەم پایگایەدا لەگەڵ کەسێك کەینەو بەینەی بووبێت.))

چاوی لە گۆنا ڕەنگ بزرکاو و تاشراوەکەی سەرهەنگ بوو کە خەریکە وردە وردە سووڕهەڵدەگەڕێن. لەناکاو نێوان چاوانی تێك نا و روخساری مڕو مۆچ بوو. بەڵام هیچی لە زار نەهاتە دەرێ چونکی لەپڕ دەرگا کرایەوەو لیتۆما ئەو کچەی کە لە نێو وێنەکانی ژووری سەرهەنگدا بینیبوو، لەنێو چوارچێوەی دەرگاکەدا دێت.

تیشکی گڵۆپی فلۆرسێنتی ڕاڕەوەکە پشتەوەی ڕۆشن کردبوو. کزبوو، کزتر لە وێنەکانی، قژێکی لوول و کورت و لووتێکی قیت و قنج. چکۆڵە کە وەبەر دڵ نەدەکەوت.

کچە بێ ئەوەی بێتە نێو ژوورەکە و بێ ئەوەی سەرنجێك بەسەر پەل و لیتۆما بکات گوتی: ((من ئەوە دەڕۆم. شۆفێرەکە دەمبات یان بە دوو چەرخەکەی خۆم بڕۆم؟))

دەم و ڕاوێژی تێکەڵ بە قینێکی چەپێندراو بوو کە بە ئاخافتنی باوکیشیدل هەستی پێدەکرا. لیتۆما لەبەر خۆیەوە گوتی: ((لە حبسی باوکییەتی.))

فەرماندە لە ناکاو میهرەبانی نواند: ((بۆ کوێ دەچی. کچی جوانم!))

بەسەریدا ناگۆڕێنێ کە بۆ پەرپوەتە نێو قسەو باسی ئێمە، سڵاوی نەکردووەو تەنانەت قسەکانیشی لە قسەی بەچکەی بنیادەم نەدەچووە. هەر کەس لەم دۆخەدا لە سەرهەنگ بڕوانێ دەڵێ وەی کە چەندە پیاوێکی نازدار و شیرینە!.

((ئەم بەیانییە خۆ پێمگوتی. دەچم بۆ حەوزی مەلەی (گرینگۆ)کان. ئەم حەوزەیان تا ڕۆژی دووشەممە هێندە قەرەباڵغە نەبێتەوە. لەبیرت چوو؟ ئەرێ ئاخرییەکەی شۆفێرەکە دەمبات یان خۆم بە دووچەرخەکەی خۆم بڕۆم؟))

((شۆفێرەکە دەتبات، ئالیسیا، کچی جوانم. بەڵام هەر ئائێستا بیگەڕێنەوە، کارم پێیەتی. پێی بڵێ کاتژمێر چەند بێتەوە بە دواتدا.))

کچە بێ ئەوەی ماڵاوایی بکات دەرگاکەی بە یەکدا داو لە چاو ون بوو. لیتۆما بیری لەوە کردەوە: ((کچەکەت تۆڵەی ئێمەی لێ کردییەوە.))

سەرپەل گوتی: ((واتە...)) بەڵام سەرهەنگ قسەکەی پێ بڕی: ((قسەکەت زۆر نەزانانەیە.))

((چیتان فەرموو، جەنابی سەرهەنگ؟))

((کوا بەڵگەتان؟ شاهیدتان کێیە؟)) ئەوکات رووی لە لیتۆما کرد، بە وردی لێی روانی، وەك بڵێی لە جرو جانەوەرێکی ژێر میکرسکۆپی دەڕوانی: ((ئەم قسە قۆڕەت لە کوێوە بە زەین داهاتووە کە ئەو بابایە لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی پایگای هێزی هەوایی پیورادا کەینەو بەیتەی هەبووە؟))

لیتۆما وەك کەسێك دڵی داخورپا بێت بە پرتە پرتێکەوە گوتی: ((بەڵگەیەکی ئەوتۆم بەدەستەوە نییە. لەم و لەو پرسیارم کرد و زانیم لەم دەوروبەرانە گۆرانیی ئاشقانەی دەگوت.))

سەرهەنگ دیسان وەکی بڵێی رووبەڕووی هەندێ پیاوی کەم عەقڵ و حەپۆڵ بۆتەوە گوتی: ((لە نێو پایگای هێزی هەوایی پیورادا؟ دەزانی چ کەسانێك لێرە دەژین؟ بنەماڵەی ئەفسەرەکان، نەك دەرەجە داران و یان فڕۆکەوانان. تەنیا دایك و ژن، خوشك و کچی ئەفسەرەکان. یانی دەتەوێ بڵێی لەگەڵ یەکێك لە کەسوکاری ئەفسەرەکاندا کەینەو بەینەی بووە؟))

لەو رەگەز پەرەستە بیژووانەیە. هەر ئەمەیە و هیچیتر. لەو رەگەز پەرەستە بیژووانەیە.

لیتۆما گوێی لە دەنگی سەرپەل بوو: ((لەوانەیە کەینەو بەینەی لەگەڵ یەکێك لە کلفەتەکاندا هەبوو بێت.)) هەروا کە لە بەردەم سەرهەنگدا هەستی دەکرد رێگای پاش و پێشی لێگیراوە، لە دڵی خۆیدا سپاسی سەرپەلی کرد. ((ئاشپەزێك، کلفەتێك، کەسێك. ئێمە مەستێکی تایبەتمان نییە. مەرگی ئەم کوڕە خەڵکی تالارای هەژاندووە. دەڵێن پۆلیس خۆی لە مەسەلەکە نەبان کردووە چونکی دەستی پیاوی خاوەنی دەسەڵاتی تێدایە. ئێمە لە تاریکی داین و لەم شتانە بێ خەبەرین، کەواتە پڕ بە هەر شتێك دادەکەین کە بزانین سەرەداوێکمان زویر نەبن، جەنابی سەرهەنگ.))

فەرماندە پایگا سەرێکی بۆ لەقاندو لیتۆما دەیبینی کە سەرهەنگ هەوڵ دەدات تووڕە نەبێت.

((لەوانەیە ئێوە هەواڵی ئەمەتان نەبووبێ کە من تا سێ مانگ لەمەوبەر فەرماندەی سەرلەبەری پایگای هێزی هەوایی پیورا بووم من دوو ساڵ لەم پۆستەدا خزمەتم کرد. هەر زانیارییەکی شك بەرن دەربارەی ئەم پایگایە دەیزانم، چونکی ماڵم لێرە بووە. کەس مافی ئەوە

نییە لەبەر دەمی من بڵێ فرۆکەوانێکی ئاسایی لەگەڵ ژنی یەکێك لە ئەفسەرانی من کەینەو بەینەی هەیە مەگین ئەوەی بتوانێ بیسەڵمێنێ.))

لیتۆما ورەی دایە بەرخۆی قسەکەی بکات: ((خۆ من نەمگوتووە ئەولایەنە ژنی ئەفسەرێك بووبێت. هەروەك سەرپەل گوتیان، لەوانەیە پێشخزمەتێك بووبێت، لە نێو پایگادا پێشخزمەتیش هەن. جەنابی سەرهەنگ مۆلرۆ کەسێك بووە گۆرانی ئاشقانەی دەگوت، ئەمە شتێکەو ئێمە خەبەرمان لێی هەیە.))

ئارەقەی سەر تەوێڵی سەرهەنگ بریقەی دەهات، ئارەقەیەك کە لەو کاتەوەی کچەکەی لەناکاو دەرگای ژوورەکەی کردبۆوە وردە وردە بە تەوێڵییەوە دەرکەوتبوون، ((زۆرباسە، ئەم پێشخزمەتە بدۆزنەوە، پرسیاری لێ بکەن و لێی بکۆڵنەوە، لە مێردەکەی بپرسن بزانن بۆچی مۆلرۆ هەڕەشەی لێکراوەو ئەگەر دانی بە شتەکاندا نا، بیهێننە ئێرە بۆ لای من. ئیتر بۆ ئێرە ناگەڕێنەوە مەگین ئەوەی شتێکی دیار و دەستنیشانکراوتان لەمن بوێ.))

پاشان وەك نیشانەی دوایی هاتن بە وتووێژەکەیان لە کتوپڕ هەستایە سەر پێ. بەڵام لیتۆما پێی وابوو کە سەرپەل سیلدا نە ڕێزی عەسکەری بەجێهێناو نە ئیزنی ڕۆیشتنی خواست.

((جەناب سەرهەنگ، ئێمە شتێکی دیارو دەستنیشانکراومان لە ئێوە دەوێ. ئێمە دەمانەوێ لەو کەسانەی کە لەگەڵ پالۆینۆ مۆلرۆ لە یەك جێدا چێشتیان دەخوارد هەندێ پرسیار بکەین.))

ڕەنگی دەموچاوی سوورهەڵگەڕاوی فەرماندەی پایگا گۆڕا و وردە وردە ڕەنگی هەڵبزرکا. سێبەرێکی ئەرخەوانی دەوراندەوری چاو قۆپچەییەکان داپۆشیبوو. لیتۆما بیری لەمە کردەوە: ((جیا لەوەی بیژوویەکی چەپەڵە کەللە کەرشە. بۆچی بەرد دەخاتە سەر ڕێگەمان؟ بۆچی دەیهەوێ فیڵمان لێ بکات و کڵاومان بکاتە سەر؟))

((سەرپەل، جارێکی دیکە بۆت شی دەکەمەوە، چونکی وادیارە تاقە وشەیەکیش لە قەسەکانی من تێنەگەیشتووی. هێزی چەکداری حکوومەت هەق و حەساوی خۆیان هەیە، دادگای خۆیان هەیە و هەر لەم داداگایانەشدا ئەندامانی هێزی چەکداری دادگایی دەکرێن و سزا دەدرێن. ئەم شتەیان لە زانکۆی پۆلیس فێر نەکردووی؟ نا؟ دەی باشە، با هەر ئێستا من فێرتی بکەم. کاتێك جەنایەتێك ڕوو دەدا و یەکێك لە ئەندامانی هێزی

چەکداری حکوومەتی دەستی لەو جەنایەتەدا هەبێ. خۆیان ئەرکی لێکۆڵینەوەکان وەئەستۆ دەگرن. پالۆمینۆ مۆلرۆ لە بارودۆخێکی نادیاردا مردووە، ئەویش لە دەرەوەی پایگاو ئەوکاتەی راگەیاندراوە کە خزمەتی جێهێشتووەو رایکردووە. من راپۆرتێکی تێرو تەسەلم لەم رووداوە بۆ باڵادەستەکانی خۆم ناردووە. ئەگەر ئەوان بە پێویستی بزانن من حوکمی لێکۆڵینەوەی تازە دەردەکەم، ئەویش لە رێگای دەستو پێوەندەکانی خۆمانەوە. لەوانەشە باڵادەستەکانی من مەسەلەکە بۆ بەشی دادوەرەکانی دادگایی کردنی هێزی عەسکەری حەواڵە بکەن. جا ئێستا تا ئەوکاتەی دەستووری راستەوخۆی بەدەست دەگا، جا چ لەلایەن وەزارەتی هێزی هەواییەوە بێت، چ لەلایەن فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە، هیچ پۆلیسێك بۆی نییە لە نێو ئەو پایگایەی کە لە ژێر دەسەڵاتی فەرماندەیی من دایە یاساکانی دادگای هێزی عەسکەری پێشێل بکات. تێکەیشتی سەرپەل سیلوا؟ جوابم بدەوە، تێگەیشتی؟))

((تەواو تێگەیشتم، جەنابی سەرهەنگ.))

سەرهەنگ تێڕادیوانە بە قامکی ئاماژەی بۆ دەرگاکە کرد و گوتی: ((کەواتە فەرموون.))

ئەمجارەیان لیتۆما سەرپەل سیلوای بینی کە پاژنەی پێیەکانی لێکداو ئیزنی رۆیشتنی خواست. ئەویش هەمان کاری کردو هەر تاك چوونە دەرێ. لە دەرەوە کڵاوەکانیان لەسەر کرد. هەرچەندە تین و تاوی خۆر توندتر لەو کاتە بوو کە چووبوونە ژوورەکەی فەرماندەو هەوا خەفەتر بوو، لیتۆما هەستی بە ئاسوودەیی و ئازادی کرد. پڕ بە سییەکانی هەوای هەڵمژت. وەك بڵێی لە بەدیخانە رزگاری بوو بێت، چ جەهەنەمێك بوو! چەند مەیدانیان کە دەگەیشتنەوە سەر پۆستی نیگابانی تێپەڕاند. ئایا سەرپەل سیلواش وەکو ئەو لە چاوترسێن کردن و هەڵسوکەوتی توندوتیژی فەرماندەی پایگا وەڕەز ببوو؟

کە لە پایگا هاتنە دەرێ بەدبەختییەکیتر یەخەی گرتن. دون خێرۆ نیمۆ بە جێیانی هێشتبوو. تاقە رێگەی گەڕانەوە ئەوە بوو کە بە پێیان ملی رێگا بگرنەبەر. لانی کەم کاتژمێرێکیان رێگا دەبڕی کە دەبوایە تۆزو خۆڵ بچێتە نێو قوڕگییانەوەو ئازار بچێژن.

بێ ئەوەی قسەیەك بکەن لە نێوەڕاستی شا رێگاکەوە وەڕێ کەوتن. ((کە نێوەرۆژەکەم خوارد سێ سەعاتی رەبەق بۆی دەخەوم.)) لیتۆما لە هەر کاتێکی شەو و رێژ و لە هەر باوردۆخێکدا دەیتوانی چەندین کاتژمێر بخەوێت و هیچ شتێك، وەك سەرخەو شکاندنێکی

باش، نارەحەتییە رۆمییەکانی چاك نەدەکردەوە. ئا رێگاکە مارپێچ ئاساو هێور بە نێو دڵی زەوییە پڕ لە گڵەسوورە و بێ بەری لە شینایی و تژی لە گاشە بەردو و رکەبەردەکاندا تێدەپەڕی و لە خوارەوە دەگەیشتەوە سەر تالارا. تالارا لەو خوارە لە پەڵەیەکی خۆڵەمێشیی رۆشن دەچوو کە لەسەر کەناری و زەریایەکی قوڕقوشمی مەیلەو کەسك کێشرابۆوە. لەو رووناکاییە فراوانەدا بە ئەستەم دەکرا تارمایی ماڵ و دار تەلەفۆنەکان ببینن.

لیتۆما نێوچاوانی بە دەسرەیەك ویشك کردەوە: ((چاك تەنگەتاوی کردین، سەرپەل، وانییە؟ تائێستا پیاوی هێندە بێ ئەخلاق و بەرگووزم نەدیتبوو. بە بۆچوونی ئێوە بڵێی هۆی رق و نیفرەتی لە پۆلیسەکانی شار ئەمە بێت کە رەگەز پەرەستە یان پێتان وایە دەلیلێکی تایبەتی هەیە؟ لەگەڵ هەموو کەسێ هەروا دەجووڵێتەوە؟ سوێند دەخۆم لە عومری خۆمدا تا ئێستا هێندەم لەدەست کەس پێش نەخواردووە!))

((عەقڵ و ئاوەزت باش کار ناکات، لیتۆما. ئەوەندەی من بیزانم وتووێژی بخە لەگەڵ سیندرۆ زۆر سەرکەوتوو بوو.))

((بەڕاستتانە، جەنابی سەرپەل؟ خۆشحاڵم بەوەی دەبینم سەرباری ئەم نارەحەتییانە دیسان دەست لە فشەکردن هەڵناگرن. ئەوەندەی من تێی گەیشتبێتم دەسکەوتی قسەکانمان لەگەڵ ئەو جێی هومێدەواری نەبوو.))

سەرپەل بەدەم پێکەنینەوە گوتی: ((لە بابەت ئەم پیشەیەمانەوە زۆر شت هەن دەشێ فێریان بیت، لیتۆما. با ئەوەت پێبڵێم کە ئێمە زۆریش باش کارمان کرد. زۆر شتمان وەدەسهێنا.))

((واتای ئەم قسەیەتان ئەمەیە کە من لە گوێی گادا نووستبووم، جەنابی سەرکار بە رای من هەڵسوکەوتی سەرهەنگ لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوت کردن بوو لەگەڵ دوو پیاوی سووك و چرووك، واتە خراپتر لەو هەڵسوکەوتەی کە لەگەڵ کلفەت و نۆکەرەکانی هەیەتی. ئەرێ بە راستی ئێمە بەو شتە گەیشتین کە دەمانخواست؟))

سەرپەل سیلوا لە پرمەی پێکەنینی دا: ((هەموو کات ناخی کێشەکان تشێکیترە، لیتۆما. سەرهەنگ بەڕاستی وەچەند وەرێ کەوتبوو.))

دیسان قاقا پێکەنی، پاشان قانکەکانی وەدەنگە دەنگ خست.

((سەرەتا وام بیرکردەوە چ نازانیٚ و لە هەموو شت و بیٚ خەبەرە. وام بیرکردەوە مەبەستی ئەوەیە مافە زێڕینەکانی سیستمی دادگاییکردنی هێزی عەسکەریمان لیٚ بشارێتەوە. بەڵام ئێستا دڵنیام زۆر شت دەزانیٚ، لەوانەیە ئاگای لە هەموو قەڵەو دەلەیەك بیٚ.))

لیتۆما دیسان لێی روانییەوە. وا بۆچوو کە لە پشت ئەو چاویلکە خۆر گرەیەوە، رێك وەك روخسار و دەنگی، پیاوێکی هەمیشە خۆشخاڵ و شاد حەشاردراوە.

((یانی ئێوە دەڵێن ئەو دەزانیٚ کیٚ پالۆمینۆ مۆلرۆی کوشتووە؟ بەڕاستی، پێتان وایە سەرهەنگ پیٚ دەزانی؟))

((رێکو راست و بەوردی نازانم دەزانیٚ یان نا، بەڵام زۆر شت دەزانیٚ. ئەگەر نایشارێتەوە بۆچی ئەوەندە توورشە بوو؟ سەرنجت پیٚ نەدا؟ لیتۆما، تۆ زۆر لە شت ورد نابێتەوە. نەدەبوا بهاتاییتە نێو پۆلیسەوە. ئەو چاوترسێن کردنانە، ئەو هەڵێت و پەڵێت گوتنانە، پێوایە، بۆچی بوو؟ بیانوویەك بوو بۆ ئەوەی تووڕەییەکەی پیٚ بشارێتەوە. بەڕاستمە، لیتۆما. نەیتوانی کلاومان لەسەر بکات، بەڵام ئێمە تەڕ لە فرتوفێڵی گەیشتین.))

قاقا سەرخۆشانەکەی حەوادا و هەروا کە پێدەکەنی هاڕهاڕی ماشێنێکیان بیست. ماشێنێکی ئاوی رەنگی هێزی هەوایی بوو. ئەگەرچی دەستیان بە نیشانەی راگرتن هەڵنەبڕیبوو، بەڵام شۆفێرەکە لەبەردەمیان ماشێنەکەی بۆ راگرتن.

سەرلك سێیەکی گەنج سڵاوی لێکردن: ((دەچن بۆ تالارا؟ سواربن، دەتانگەیەنم. جەنابی سەرپەل، ئێوە لە پەنا من دانیشین، هاوڕێکەشتان با لە دواوە سوار بیٚ.

لە دواوەی ماشێتەکە دووکەس کە جلوبەرگێکی چەور و چڵکنیان لەبەردابوو و وێدەچوو میکانیك بن، دانیشبوون، ماشێنەکە پڕ لە فلچە و تووتووی تینێر و رەنگ بوو.

یەکێك لە میکانیکەکان گوتی: ((بۆمان بگێڕەوە بزانین، دوای ئەم رووداوە کەوتوون یان خەریکین شتەکان دەشارنەوە تا مل ئەستوور و دەستڕۆیشترەوەکان نەکەونە نێو تەڵەوە؟))

لە تۆنی دەنگیدا هەست بە تووڕەیی دەکرا.

لیتۆما گوتی: ((ئەگەر سەرهەنگ میندرۆ تۆزێك یارمەتیمان بدات کێشەکە یەکلادەکەینەوە. بەڵام ئەم بابایە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئێمە وەك هەڵسوکەوتی وایە لەگەڵ نۆکەرو ژێرە دەستەکانی. لەگەڵ هەمووتان، لەنێو پایگا، هەرئاوا دەجوولێتەوە؟))

((پیاوێکی خراپ نییە. زۆر قسە لە رووە. ئەم پایگایە وەك سەعات هەڵدەخولێنێ. دەلیلی ئەو ئەخلاقەی کچەکەیەتی.))

((بەڕاستی کچەکەی خراپی لەگەڵ دەجوولێتەوە؟))

میکانیکەکەی تر وتی: ((ئەو رێز بۆ باوکی دانانێ. سەرهەنگ میندرۆ بۆی هەم باوکە هەمیش دایك، ژنەکەی، زۆر لە مێژە، ئەوکاتەی کچە منداڵ بوو، مردووە. تەنیا باڵ گەورەی کردووە.))

ماشێنەکە لەبەردەم پاسگا رایگرت. سەرپەل و لیتۆما دابەزین.

سەرلك سێ گوتی: ((جەنابی سەرپەل، ئەگەر پیاو کوژەکان نەدۆزنەوە هەموو پێیان وادەبێ مل ئەستوورەکان سمێڵیان چەور کردوون.))

((خەمت نەبێ، کوڕی خاس، سەرەداوی کارەکەمان بەدەستەوەیە.)) ماشێنەکە لە نێو هەوری تەپ و تۆزو خاك و خۆڵێکی زەرد رەنگدا لە چاوان ون بوو.

# ٤

دەنگۆی هەر و هاوار بە پاكردنەكانی سەپەلێكی هێزی هەوایی، ئەویش لە كابارەی تالارا، لە زمان یەكێك لە سۆزانییەكانەوە بە گوێی پۆلیسەكانی پاسكا گەیشتەوە. ((تایگر لی لی)) هاتبووە پاسكا تا لە پیاوە گەوادەكەی خۆی شكایەت بكات كە لە رادە بەدەر تێی هەڵدەدات، گوتبووی. ((ئەوەندەم لێدەدا كە دەموچاوم رەش و شین هەڵدەگەڕێ و ئیتر كەس ئاوڕیشم لێ ناداتەوە تا پارەیەك پەیدا كەم. كە نەشتوانم پارە پەیداكەم سەرلەنوێ تێم هەڵدەداتەوە. جەنابی سەپەل سیلوا، پێی بڵێن من هەوڵی خۆم دەدەم بەڵام بەو سەرو سەكوتەی بۆم دەرازێنێتەوە ناتوانم مشتەری پەیدا بكەم.))

پاشان ((تایگر لی لی)) باسی فڕۆكەوانی هێزی هەوایی بۆ گێڕانەوە و گوتی كە دوو شەو لەمەوبەر دیسان بە تاقی تەنیا هاتۆتەوە، ((پیسكۆ))ی وەك ئاوی پرتەقاڵ هەڵقوراندووە و ئیتر نەیتوانیوە لەسەر قوون دانیشێ. ((مەبەستی چێژ وەرگرتن و كەیف كردن نییە، هێندە دەخواتەوە تا ئاگای لە مەحموودی بێ زەواد نامێنێ، كەواشی لێهات خۆی دەگەیەنێتە لای بار، دۆخینی پاتۆڵەكەی دەكاتەوەو هەموومان، ئێمە و مشتەرییەكانی، لەمێزدا دەخووسێنێ و هەزار كاریتر تا دژبانەكانی هێزی هەوایی دەگەنێ و دەیبەن ((لیائۆ)) خاوەن ماڵمان هەموو لایەك هێور دەكاتەوە، و دەڵێ ئەگەر بێت و كەسێك دەنگ هەڵبڕێ دواتر دەگەنە سەرمان و حسێبمان یەكلادەكەنەوە. دەرگامان لێ دادەخەن و فڕێمان دەدەنە سەر شەقام ئەوە هەمیشە ئەانن دەیبەنەوە ئەمەتان لەبیر نەچێت.))

سەرپەل سیلوا بەڕواڵەت سەرنجێکی ئەوتۆی بە قسەکانی تایگر لی لی نەدا. ڕۆژی دواتریش، لە قاوەخانەی ((دونیا ئادریانا))دا، کەسێکیتر گێڕایەوە کە سەرپەلی هێزی هەوایی دۆیشەو چۆناوچۆن کارەکانی شەوی پێشووی دووپات کردۆتەوە. هەڵبەت ئەمجارەیان بۆتڵە شووشەشی دەشکاند، چونکی بە قەولی خۆی، کەیفی بەوە هاتووە لەت و کوتە کاتێ بوتڵە شووشە ببینێ کە لە هەوادا پرژ و بڵاودەبنەوە. دیسانیش دژبان گەیشتوونەتە سەری و لەگەڵ خۆیان بردوویانە.

ڕۆژی سێهەم، سەرو نەشەمەی لیا ئۆریان لە پاسگادا بینی کە شکایەتی کرد: ((شەوی رابوردوو سەرپەلی هێزی هەوایی لە حسێبی پێشووی تێپەڕاندو کارگەلێکی کرد کە تائێستا نەیکردبوون. ئەو بابایە شێتە. ئەو هەر بۆ ئەوە دێت کێشەو هەرا سازبکات. مەبەستی لەم کارانە ئەوەیە کەسێك وەدۆزێ سەری بە فەتەرات بدات. چارێك بدۆزنەوەو کارێك بکەن، چونکی ئەگەر هیچ نەکەن کەسێکیتر ئەم کارە دەکات. دیارە من نامەوێ رووبەڕووی هێزی هەوایی ببمەوە.))

((بڕۆ بۆ لای یەرهەنگ میندرۆ. ئەمە گرفتی ئەوە، نەك ئی من.))

((من هەر بەڵایەکیشم بەسەردا بێت ناچە لای ئەو. من لەم پیاوە دەترسم، چونکی هەموو شتێکی بەپێی یاسایە.))

((دەی، باشە. هیچ بە هیچ ناکەی، چونکی ئەو کاتەی دەستی هێزی هەوایی لە کاردابێ من دەسەڵاتی هیچم نییە. ئەگەر ئەم پیاوە پیاوێکی عەسکەری نەبووایە من بە خۆشحاڵییەوە بەردێکم بۆ لە بەردێك دەدان.))

((لیائۆ)) سەرسووڕماوانە لە لیتۆما و سەرپەلی روانی و گوتی: ((یانی دەتانەوێ پێم بڵێن چتان لەدەست نایات بۆ منی بکەن؟))

سەرپەل کە ((لیائۆ))ی بەرەو دەرێ رێنوێنی دەکرد، گوتی: ((تەنیا بۆت دەپارێینەوە. ماڵئاوا، لیائۆ. سڵاوی من بە خاتوونەکان بگەیەنن.))

هەر کە ((لیائۆ)) رۆیشت، سەرپەل سیلوا رووی لە لیتۆما کرد کە خەریکبوو بە دوو قامك راپۆرتی رۆژانەی بە ماشێنی تایی کۆنەو قەدیمیی ((رمینگتۆن)) تایپ دەکرد، و بە راوێژێك کە ئارەقەی ساردی نیشاندە سەر مۆغەرەی پشتی لیتۆما گوتی: ((پێت وانییە ئەم کێشەیەی فڕۆکەوانە شێتە گرفتێکی گەورە سازبکات، لیتۆما؟))

لیتۆما گوتی: ((بۆچی نا، قوربان)) دوایی تۆزێك راوەستاو گوتی: ((گرفتی چی؟))

((کەس بۆ گاڵتە و بزەی سەلیو لە کابارەدا ئەم کارانە ناکات. چونکی ئەویٚ شوێنێکی کە ئینسانە تالارای تێدا کۆدەبێتەوە. ئەویش سێ شەو بەدوای یەکدا. لەم کارەدا هەست بە شتێکی جێگەی گومان دەکەم. تۆ وای بۆ ناچی؟))

لیتۆما بێ ئەوەی نیازی شتێکی هەبێت گوتی: ((بۆچی نا، قوربان.)) ئەگەرچی نەیدەزانی سەرپەل سیلوا چ مەبەستێکی هەیە. ((بە باوەڕی ئێوە دەبێ چی بکەین؟))

((دەبێ بچین بۆ دوکانی (لیائۆ) بیرەیەك بخۆینەوە، لیتۆما. مەبەستم ئەو ماڵەیە.))

قەشەی ناوچە شوێن پێی کابارەی لیانۆی لەم سەری تالاراوە تا ئەو سەری هەڵگرتبوو. ماڵەکە هێشتا لە شوێنێك سەقامگیر نەببوو کە باوە ((دۆمینگۆ)) داوای لە شارەدار کرد کە کۆی بکاتەوە. دوو سێ ڕۆژ دواتر دیسان ماڵەکە چەند شەقام ئەولاتر بەرپا بۆوە، و هەربۆیە ئەوەلیائۆ بوو کە هەمیشە دەیبردەوە. ماڵەکە ئێستا لە قەراغ شار سازکرابوو و کۆخێك بوو کە بە تەختەدار چێ کرابوو و تەختەکانیان لە هەرلایەکەوە بە بزمار لێك شەتەك دابوو. ماڵێکی ساکارو ناقایم بوو و لیائۆ سەر عەرزە پیسەکەی ئاوپڕشێن دەکرد تا تۆز نەکات. سەربانە تەنەکەییەکەی بە با دەکەوتە تەقەتەق، چونکی کەس خۆی بە پتەوکردنییەوە ماندوو نەدەکرد. دیواری ژوورەکانی دواوە کە ژنەکان کاریان تێدا دەکرد کونی زۆری تێدا بوو.

سەرپەل سیلوا و لیتۆما دوای ئەوەی فیلمێکی کابۆییان لەسە ئاواڵەی ئاغای فریاس-دا بینی، هێور هێور، ڕێگای ماڵی لیائۆ-یان گرتەبەر. قەشە دۆینگۆ خۆشحاڵیی خۆی لەم بابەتە نەدەشاردەوە کە پەردەی سینەماکە بریتی بوو لە دیواری لای سەرووی کڵێساکە و هەربۆیە ئەوە بەوبوو کە بڕیاری دەدا ئاغا فریاس چ جۆرە فیلمگەلێك نیشانی خەڵك بدات.

((لانی کەم پێم بڵێن چی لە مێشکتاندا دێت و دەچێت، جەنابی سەپەل. بۆچی پێتان وایە ئەو کارانەی کە ئەم فڕۆکەوانە شێتە دەیکات پێوەندیی بەو کارەساتەوە هەیە کە بەسەر پالۆمینۆ مۆلرۆ داهات؟))

((من وای بۆ ناچم. ئەوەندە نەبێ لەم بەسەرهاتەدا هێشتا هیچمان بە هیچ نەکردووە، کەواتە دەست بۆ هەموو شتێك دەبەین بەشکم سەرەداوێکمان دەستکەوێت، تێدەگەی بۆ هەموو شتێك. یەکێك لەو کارانەی لە دەستمان دێت بیکەین ئەوەیە بچین بۆ ئەو ماڵەو هەندێ لەو خانمانە پرسیار بکەین. هەڵبەت، ژنی نێو خەون و خولیاکانی من لەوێندەرێ نییە.))

دوو سێ کەس پتر لێ نەبوو. لیانۆ بە باوەشێکی ئاواڵەوە بەرەو پیریان چوو گوتی: ((سپاس بۆ هاتنتان، جەنابی سەرپەل. دەزانن بۆچی مشتری زۆرمان نییە. هۆیەکەی تەنیا و تەنیا ئەو شێتەیە، چ هۆیەکیتری دەتوانێ هەبێ؟ خەڵك نایەن بۆ ئێرە قسەی ناحەز ببیستن و شتی ناخۆش ببینن. ئەوەیە دەنگۆ لە وڵاتدا بڵاودەبێتەوەو کەس پێی خۆش نابێت سەرێك لێرە هەڵێنێ. ئەوە هەق نییە، راستتان عەرز ناکەم؟))

((هێشتا نەهاتووە؟))

لیائۆ گوتی: ((دەوروبەری کاتژمێر یازدە سەرو نەشەمەی پەیدا دەبێ. هەرچۆنێك بێت هەر دێت، فەموون دانیشن.))

ئەوانی لە پشت مێزێك دانیشاندو دوو بوتڵ بیرەی بۆ هێنان. دوو سێ خانم لێیان هاتنە پێشێ تا بیاندوێنن، بەڵام سەرپەل گوێی پێ نەدان. سەرنجێکی نەدانێ. ئەو بۆ کارێك هاتبوو کە پێوەندی بە پیاوانەوە هەبوو. تایگر لی لی سپاسی لیتۆما کرد چونکی هەڕەشەی لە پیاوە گەوادەکەی کردبوو کە ئەگەر بێت و لێی بدات جێی بۆ لە بەندیخانە رادەخەن و وەك نیشانەی پێزانین گۆنای لیتۆمای ماچ کردو گوتی: ((ئێستا ئەوە سێ رۆژە لێی نەداوم.))

نزیکە نیشوە شەو سەرو نەشەمەی فڕۆکەوان پەیدا بوو. لیتۆماو فەرماندەکەی تا ئەو کات هەر کامیان چوار بوتڵیان بیرە هەڵقوراندبوو. تەنانەت بەر لەوەی لیائۆ بە نیشانە تێیان بگەیەنێ، لیتۆما کە تاك بە تاکی کەسانی ئەوێی چاوەدێری دەکرد، ئەوی بەجێ هێنایەوە. زۆر گەنج، بە لە باریکە و سەوزە بوو و قژی سەری بە شێوازی ئەڵمانی کورت کرابۆوە. جلوبەرگی ئاسایی و خکی رەنگی لەبەر دابوو بەڵام هیچ ئارم و نیشانەیەك بە کراسەکەیەوە نەبوو. بە تاقی تەنێ هاتە ژوورێ، سڵاوی لە کەس نەکرد و سەرنجی نەدایە ئەوەی بەرچەکرداری خەڵك لە هەمبەر هاتنە ژوورێی چی بوو. راستەوخۆ بەرەو باڕ رۆیشت و داوای پێکێکی کرد. ژنەکان و چەند میوانێك بە هەنشك لە یەکدان و ئاماژەی بەسو چاو داگرتن هەواڵی هاتنی ئەویان بە یەکتردا. لیتۆما وای هەست کرد دڵی خەریکە لە جێی خۆی هەڵدەکەنرێ. چاوی لێ نەدەتروکاند تا ئەوەی پێکی ((پێکۆ))کەی هەڵداو داوای یەکێکیتری کرد.

تایگر لی لی لەبەر خۆیەوە گوتی: ((ئەمە کاری هەموو شەوێکیتی، لە پێکی سێهەم و چوارەمەوە بەزمەکە دەسپێدەکات.))

ئەو شەوە بەزمەکە دوای پێکی پێنجەم و شەشەمەوە دەستی پێکرد. لیۆما هەروا کە سەرپەلی دەبینی کە چاو لە جووتەی سەر شانۆکە هەڵناگرێ، پێکەکانی دەژمارد. فرشۆکەوانەکە سەری خستبووە سەر کۆڵەکەی دەستەکانی و چاوی لە خواردنەوەکەی بڕیبوو کە لە نێوان دوو هەنیشکی دانرابوو، وەك بڵێی دوور لە دەستی خەڵکان لەوێندەرێ دەیپاراست. جووڵەی نەدەکرد. وێدەچوو بیری لەو پرس و مەسەلانە دەکردەوە کە ئەوی لە خەڵکانی ئەو ماڵەو خەڵکی سەر لەبەری دنیا جیادەکردەوە. ئەوکات ناخۆد ئاگا لێوانەکەی بەرەو دەمی دەبرد. دوایی دیسان دەبووەوە بە پەیکەرە.

لە لێوانی پێنجەم و شەشەمدا بوو کە لیتۆما لە شوێنێکیتری روانی، کە ئاوڕی دایەوە فرۆکەوان لەبەردەم بارەکە نەمابوو. بە چاو بەدوایدا گەڕا، ئەوکات ئەوی لەسەر شانۆکە بینی کە بە خێرایی رووەو جووتەکە دەچێتە پێشێ. ئەو کەسەی لەبەر چاوی ئەو بوو پیاوێکی قژ سووری وردیلەی خەپە بوو کە لەسەر کراسەکەی گراوانێکی بەستبوو. پیاوە وردیلە قەڵەوە کە بە جۆرێك دەستی دۆیەکەی خۆی گرتبوو دەتگوت دەستی بە داوێنی شێخەوە گرتووە. فڕۆکەوانەکە یەخەی گرت و تووری هەڵدایە ئەولاوەو بە دەنگێك کە هەموو کەسانی ئەوێ بیبیستن گوتی: ((لێم ببوورە، ئێستا ئیتر سەرەی منە.))

پیاوە خەپەتۆڵەکە چاوێکی بە دەورو بەریدا گێڕا بەو هیوایەی کەسێك بۆی شی بکاتەوە چی بووەو ئێستا دەبێ چی بکات. لیتۆما لیائۆی بینی کە بە ئاژمادەی سەرو دەست پێی دەڵێ لەسەرەخۆ بە. پیاوەش لە ئاماژەکەی گەیشت و شانێکی بۆ هەڵتەکاند. سەرباری ئەمە هەروا پەرێشان و شپرزە بوو تا ئەوەی رووەو خانمەکان رۆیشت و دەموچاو بەڵەکێکی لێ هەڵبژاردن. فڕۆکەوانە هەروا لەسەر شانۆکە سەرقاڵ بوو، خۆ بە جۆرێك دەنووشتاندەوە کە نائاسیی دەینواند و لە هەمانکاتدا دەستی هەڵدەسووڕاندو لاسایی ئەم و ئەوی دەکردەوە. بەڵام سەرباری هەموو ئەو کەربازارییانەی دەینواند وێنەدەچوو کەیفیشی پێ بکات. لیتۆما لە دڵی خۆیدا گوتی: ((ئایا مەبەستی ئەوەیە خەڵك چاوی لێ بکەن؟ نا، خەریکە کارێك دەکات خەڵك پێیان وابێت کەللەکەرە. سەرلەبەری ئەم کەربازاڕی و جووتە وەشاندنانە بیانوویەکە بۆ ئەوەی هەرکەسێك بکەوێتە سەر رێگای شانی لێ بدات و پالی پێوەنێ و هەنیشك لێی بدات و ئەم و ئەو بخات. هەر لەو بیژووە! کەی دەشێ هێرشی بکەنە سەر؟)) بەڵام سەرپەل سیلوا بەردەوام جگەرەی دەکێشاو هەروا کە لە نێو دووکەڵی جگەرەوە لە فڕۆکەوانەکەی دەڕوانی کەیفی دەکرد. وەك بڵێی لە سۆنگەی ئەو کەربازاڕییانەی کە فڕۆکەوانەکە لەخۆی دەنواند پیرۆزبایی

پێ دەگوت. سەبری ئەو کەسانەی لەوێ بوون زۆر زۆر بوو. ئەو میوانانەی کە شانیان لێدەدرا ڕێگیان بۆ چۆڵ دەکردو شانێکیان بۆ هەڵدەتەکاند، وەك بڵێی بڵێن: ((پیاو لە بەرامبەر شێتێکی وادا چی لەدەست دێت؟)) مۆسیقاکە کە بڕایەوە فڕۆکەوان گەڕایەوە سەر جێگەکەی، بەردەم باڕ، و ((پیسکۆ))یەکی تری داوا کرد.

((لیتۆما، ناسیتەوە؟))

((نا، ئێوە چی؟))

((کەڵەگای کچی سەرهەنگ میندرۆیە. هەر ئەوەیە، خۆیەتی لە جەژنی گەورەی ڕۆژی فەزاوانی-دا بینیم دەستی کچەی گرتبوو. هەروەتر یەکشەموویانە لە مەراسیمی عیشای ڕەببانی-دا.))

((دەی دەی، کەواتە بۆیە سەرهەنگ گوێ بەم جلّف بازییانە نادات! ئەوە هەر کەسێکیتر بوایە لە کونەڕەشی دەکرد، تۆزێکیش نان و ئاوای فڕێ دەدایە بەردەمی تا ئیتر نیازی نەبێ خزمەتی عەسکەری لەبەرچاوی خەڵك ناحەزو دزێو بکات.))

((باسی جلّف بازیت کرد، چاولێکە چی دەکا، لیتۆما.))

فڕۆکەوانەکە بوتڵێ بەدەست بازی دابووە سەر باڕەکەو جۆرێك ڕاوەستابوو دەتگوت دەیەوێ بۆ خەڵکەکە قسان بکات. ئەوجار دەستی لێك دوور ڕاگرت و نەڕاندی: ((چاولێکەن بزانن چۆن چۆنی ئەم بوتڵەتان سەرلەبەر بۆ دەخۆمەوە، هەی بێ شەرەفینە!)) لیائۆ لێو بە بزە بەرەو لای چوو، سڵاوی لێ کرد و تکای لێکرد بێتە خوارێ و هەراو هاوار نەکات. بەڵام فڕۆکەوانەکە پێی گوت: ((لەبەر چاوم لاچۆ، دەنا هەرچی بوتڵی ئێرەیە لە کەللە سەری ئەم جەماعاتەیدا وردو خاش دەکەم.))

لیائۆ وەك بڵێی وازی لێ هێنابێت بەرەو پاش گەڕایەوە، هاتە لای لۆتما و سەرپەل سیلوا و گوتی: ((ئێوە بە نیاز نین شتێك بکەن؟))

((ڕاوەستە با تەواو بیگرێ.))

لەناکاو خڕمەی وردبوونی شووشەو تەپەی کەوتنە سەر عەرزی کەسێك بیسترا و دەنگی پێکەنینی خەڵکەکە بەرز بۆوە.

فڕۆکەوانەکە لەسەر باڕەکەوە بەربۆوە خوارێ، سەرپەل سیلوا لەجێی خۆی هەستاو گوتی: ((لیتۆما با هەستین.))

دەستیان دایە ژێر باغەڵی و هەڵیان ساندە سەرپا. فرۆکەوانەکە هەروا کە هەوڵی دەدا خی لە دەستیان راپسکێنیّ، لەبەرخۆیەوە جنێوی دەداو لیکە بەدەمیدا شۆڵاوگەی بەستبوو. پانتۆڵەکەین بۆ هەڵکێشاو، قایشەکەیان بۆ بەستەوەو بە راکێشان بردیانە دەریّ. ژن و میوانەکان خۆشحالّ بەوەی بەڕێی دەکەن چەپڵەیان لێدا.

((ئێستا چی لیّ بکەین، جەنابی سەرپەلّ؟))

((دەیبەینە کەنار زەریا.))

فرۆکەوانەکە کە بۆ راپسکاندنی خۆی لەدەست ئەوان هەولّ و تەقالای نەدەدا، گوتی: ((لە کۆڵم بنەوە، زۆرلێنە.))

سەرپەل بەشێوە ئاخافتنێکی دۆستانەوە گوتی: ((هەر ئائێستا، هاوڕیّ. تکایە لەسەرەخۆ بەو تووڕە مەبە.)) بە رێگایەکی خێزەلاّندا بردیان کە جیّ چیّ گژوگیای وشکی تێدا روابوو. بە راکێشان تا کەناری پڕ لە خێزو چەوریان برد. لەسەر عەرد دایان نیشاندو خۆشیان لە پەنای دانیشتن. کۆخەکانی نیزیك ئەوان تاریك و تنۆك بوون. با دەنگی مۆسیقا و زەنا زەنای ماڵی لیائۆی بەرەو زەریا دەهێنا. هەستیان بە بۆنی خویّ و ماسی دەکردو هاژەی شەپۆلّ دەتگوت ماجوومێکە پیاو دەکاتە خەو. لیتۆما ئیشتیای بۆ ئەوە هەستا هەر لەولاّ لەسەر ئەو خێزو چەوانە راکشیّ، بە کلاّوەکەی دەموچاوی داپۆشیّ و هەموو شتێك لەبیر خۆی بەرێتەوە. بەلاّم لەویّ بەدوای کارەکەیەوە بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: ((هەی تەیریم لەو کارە! نیگەران و تووڕە بوو و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ((ئەم لەش و جەستە نیمچە وشیارە لەوانەیە شتی مەترسیدار بدرکێنیّ.))

سەرپەل سیلوا فرۆکەوانەی وا دانیشاند کە پالّ بە خۆیەوە بدا، جا ئەو جار وەك هاوڕێیەکی لەمێژینە دەستی لە ملی هەلاّند. گوتی: ((باشتر بووی، هاوڕیّ؟ هێشتا هەروا بە کەیفی یان باشتر بووی؟))

((تۆی بیژوو ئیتر کێی؟)) سەری وەك بلێی پالّی بە کورسی دابێتەوە کەوتبووە سەر شانی سەپەل و دەنگی پڕ لە هەڕەشەی لەگەلّ لەشی ئارام و میهرەبانییەکیان نەدەخوێندەوە.

((من دۆستی تۆم، هاوڕیّ. دەبیّ سوپاسگوزاری من بی لەو ماڵە هێنامیە دەریّ. ئەو جۆرەی تۆ خەریکبووی خۆت دەنواند لەوانەبوو لێت بدەن و لە کارت بخەن. خۆتۆ ناتەویّ ببیە کەڵەشێرێکی یەختەکراو؟))

سەرپەل ئالێرەدا بێدەنگ بوو، چونکی فرۆکەوانەکە خەریکبوو هێلنجی دەدا. نەڕشاوە، بەلاّم سەرپەل بۆ ئەوەی نەکا گیانی پیش بێ سەری دوور راگرت و بەرەو عەردی شۆڕی کردەوە.

فرۆکەوانەکە هەر کە تۆزێك باشتر بوو بە حالّەتێك کە هێشتا تووڕەیی تێدا بوو، گوتی: ((منت هێناوە بۆ ئێرە کە جێبەجێت کەم؟)) سەرپەل سیلوا بە بزەوە گوتی: ((نا، دەمەوێ چاکەیەکی دیکەم دەرهەق بکەی.)) لیتۆما کە بە روخسارێکی نیشاندەری پەسندکردن لە سەرپەلی دەڕوانی، لەبەر خۆیەوە گوتی: ((چەند لێزانە قسە لەژێر زمانی خەلّك دەربکێشێ!))

فرۆکەوان هەروا کە نزگەرەی دەداو لیك بە دەمیدا دەهاتە خوارێ گوتی: ((هەری بیژوو، دەتەوێ چ چاکەیەکت دەرهەق بکەم؟)) وەك بێچووە پشیلەیەك کە بیهەوێت لە ئامێزی دایکیدا گەرم ببێتەوە سەری توونـد لەسەر شانی ستوان دانابوو.

((دەمەوێ بۆم باس بکەی چ بەلاّیەك بەسەر پالۆمینۆ مالّرۆ دا هاتووە، هاوڕێ.))

لیتۆما هێندە نەمابوو زارە تەرەك بێت.

فرۆکەوانە چ پەرچەکرداری نەنواند. نە جوولاّیەوە، نە قسەیەکیشی بە زاردا هات. لیتۆما وا تێگەیشت کە فرۆکەوان هەناسەی بڕاو بۆ ساتێك واقی وڕما. لیتۆما سەری هەلّێنا و چاوێکی لە فەرماندەکەی کرد. ئایا پرسیارەکە دووپات دەکاتەوە؟ فرۆکەوان لە مەبەستی سەرپەل گەیشت یان خۆی لێ نەبان کرد؟

فرۆکەوان دواجار بەدەم نالّە نالّەوە گوتی: ((لەوانەیە نەنکت بتوانێ پێت بلّێ چی بەسەر پالۆمینۆ مۆلرۆدا هاتووە.)) دەنگی هێندە نزم بوو کە لیتۆما ناچار بوو سەری لێ بباتە پێشێ هێشتاش پالّی بە سەرپەل سیلوا دابووەوەو وێدەچوو دەلەرزی.

((نەنکی من تەنانەت پالۆمینۆ مۆلرۆ ناناسێ، بەلاّم تۆ دەیناسی. دەپێم بلّێ، هاوڕێ، چی بەسەر داهات؟))

فرۆکەوان هەروا کە دانیشتبوو کەمێك راست بووەو نەڕاندی: ((من هیچ لەبارەی پالۆمینۆ مۆلرۆوە نازانم هیچ هیچ نازانم.)) دەنگی گیرابوو و ئازای ئەندامی دەلەرزی.

((دیارە دەبێ بزانی، هاوڕێ. هەربۆیە هەمـوو شەو دێیە ئەم مالّەوەو پیسکۆ هەلّدەدەی. هەر بۆیەشە لە کەللەی داوی. هەر بۆیەشە لەگەلّ ئەم تاقمە دەستەو یەخە دەبی. لەو کەسانە دەچی کە لە ژیانی خۆیان تێر بوون.))

((من هیچ شتێك نازانم، هیچ شتێك، هیچ شتێك نازانم.))

سەرپەل وەك بلّێی بیهەوێت لە سەگێکی گەڕ هەڵبدات، گوتی: ((باسی ئەو بابایەمان بۆ بکە با تۆزێك بێیەوە سەرخۆ. سوێندت بۆ دەخۆم دێیەوە سەرخۆ، هاوڕێ. چونکی من کەمێك لە دەروونناسی سەرەندەر دەکەم. وای دابنێ من قەشەم و تۆیش خەریکی دان بە تاوانەکانت دادەنێی. بەڕاستمە، دێیەوە سەرخۆ.))

لیتۆما خەریکبوو ئارەقی دەردەکرد وای هەست دەکرد کراسەکەی بە پشتییەوە دەنووسێت هەچەندە هەوا تەواو سارد ببوو. بای وردە شەپۆلێکی دروست دەکرد کە، چەند میتر ئەولاتر، بە هاژە هاژێکی گوێ کەڕکەر خۆیان بە کەناردا دەدا. لەبەر خۆیەوە گوتی: ((لیتۆما لەچی دەترسی؟ لەسەرخۆ بە.)) لە زەینیدا هەیتی گۆرانیبێژەکەی لە نێو بەردەلانەکاندا دەدیت، ((خەریکی نزیك دەبینەوە لەوەی کێ کوشتوویەتی.))

((پیاوانە پێم بلّێ تا بێیەوە سەرخۆ. مەشگری.))

فڕۆکەوان وەك منداڵ دەگریا. دەموچاوی رۆچووبوو نێو شان و پیلی سەرپەل سیلواوە.

((گریانی من لە سۆنگەی ئەو شتەوە نییە کە تۆ بیری لێ دەکەیەوە. هۆی ئەوەی شەوان دێمە ئێرە ئەوەیە کە ئەو حەرامزادەیە لە پشتەوە خەنجەری لێدام. رێگا نادا بچم ئەو کەسەی خۆشمدەوێ ببینم! دەستووری پێداوم نەچم نەیبینم. ئەو خۆیشی نایەوێ بمبینێ، حەرامزادە. باشە هەقە بەلای وام بەسەر دابێنن؟))

((نا، هاوڕێ، هەق نییە. ئەو حەرامزادەیەی دەستووری داوە نەچی دۆستە کچەکەت ببینی میندروێیە، نا؟))

ئەمجارەیان فڕۆکەوان سەری لەسەر شانی سەرپەل سیلوا هەڵهێنا. لیتۆما لەژێر تشکی مانگە شەو روخساری بینی کە بە ئاوی دەم و لووت سواغ درابوو. چاوی زەق ببوونەوە. دەمی جوولاندەوە، بەلام دەنگێك نەبیسترا.

((پێتوایە بۆچی سەرهەنگ دەستووری داوە دوای کچەکەی نەکەوێ، هاوڕێ؟ باشە چت لێ کردووە؟ لێت داوە؟))

((وست! بە خاتری خودا، هیچ مەڵێ و ناوی کەس مەهێنە. دەتوێ رەگوڕیشەم دەرکێشن؟))

((دیارە شتی وام ناوێ. من دەمەوێ یارمەتیت بدەم. نامەوێ لەم دۆخەدا و بەم حاڵەوە بتبینم، بەم حاڵە شڕو شێواوەوە. گەر هەر لەم وەزعە دابی داهاتووت دەبێ بە چی، بیرت لەمە کردۆتەوە؟ باشە بە چاوان، ناوی کەس ناهێنم. سوێند دەخۆم.

((بڕیار بوو ساڵی داهاتوو که پلەی بەرزم پێدەدرا شووم پێ بکات. ئەو حەرامزادەیە منی دڵنیا کردبۆوە کە هەموو شتێك جێبەجێ کراوەو بە دڵی خۆمانە، گوتبووی کە لە ڕۆژانی پشوودا مەراسیمی دەزگیرانیمان بەڕێوە دەبەین. بەڵام دڵی منی شکاند، ئەرێ. قەت بیستووتە کەس هەبێت ئەوەندە ترسنۆك بێت؟ هەی لەو نانەجیبە بۆگەنە؟))

لە جێی خۆی جولابووەوەو ئێستا خەریکبوو لە لیتۆمای دەڕوانی.

لیتۆما گێژ و وڕ بە مینگە مینگەوە گوتی: ((نا، نەمبیستووە.))

((ئەم هەتیوە کێیە؟ ئەم بابایە لێرە چی دەکات؟ ئەم حەرامزادەیە لە کوێوە سەری دەرێنا؟))

((لێی بە پەرۆش مەبە. لە خۆمانە، بریکاری منە، دەتوانی بەجێی باوەڕی بزانی.)) بۆ ئەوەی هێورتریشی بکاتەوە، گوتی: ((بۆ ئەو بابەتەش لە سەرهەنگ میندرۆ بە پەرۆش مەبە.))

((وست! ناوی کەس مەهێنە، پێتدەڵێم.))

((باشە، باشە، لەبیرم چوو. ئەوانە هەر دەبێ، کچ کە شوو دەکات، باوك خەمبار و ناڕەحەت دەبێ. پێیان خۆش کچ بەجێیان بێڵێت. با تۆزێکی بەسەردا تێپەڕێت، ئەو کات ڕەزامەند دەبێت و ئێوەش دەبن بە ژن و مێرد. جائێستا باسی پالۆمینۆ مۆلرۆم بۆ بکە.))

لیتۆما لێی خوردبووەوە: ((سەرپەل سیلوا پیاوێکی هەڵکەوتەیە.))

((باوکی لەگەڵم پێکنایەت، چونکی حەیوانە. دڵرەقە، دەزانی دەڵێم چی؟)) دیسان گەرووی گیرایەوەو بەردەوام نزگەرەی دەدا.

لیتۆما بیری لەوە کردەوە کە ئێستا ئیتر کراسی فەرماندەکەی سەر لەبەر لیکاوی بووە. ((ئەم غووله نا قولایە من بە بەشەر دانانێ، دەزانی دەڵێم چی؟ ئێستا تێدەگەی بۆ من لە ژیانی خۆم بێزارم؟ تێدەگەی تەنیا کارێك لە دەست بێت ئەمەیە هەموو شەو بێمە ئێرە هێندە بخۆمەوە تا بە عەرزدا بکەوم؟))

((تێدەگەم دەڵێی چی، هاوڕێ. تۆ ئاشقی کەسێکی و پەرۆشی ئەوەی ماوە نادەن بیبینی. بەڵام تۆ لە دەرگایەکی خراپت داوە، کام پیاوی ئاقڵ دێت ئاشقی کچی پیاوێکی نامەردی وا دەبێ؟ وەرە دەرێ لەو ماڵە، هاوڕێ. ئێستا باسی پالۆمینۆ مۆلرۆم بۆ بکە.

((پێتوایە زۆر زیرەکی، نا؟)) وێدەچوو ئیتر هاتبێتەوە سەرخۆ. لیتۆما دەیهەویست خۆی لە کاریان هەڵقورتێنێت چونکی وای لێکدەداوە کە هەر ئێستاکەیە بەلایەك بەسەر سەرپەل

سیلوا دابێت. بەڵام دۆخەکە نەگەیشتە ئەو ئاستە، چونکی فرۆکەوان هێشتاش سەرخۆش بوو و تەنانەت نەیدەتوانی راست دابنیشێت و دیسان پاڵی بە سەرپەل سیلواوەدا.

((قسان بکە، هاورێ. چاکت دەکاتەوە، خەمەکانت لە بیر دەباتەوە. بۆ چەند ساتێك لە خەمی دۆستەکەت رزگار دەبی. هۆی ئەوەی ئەو بابایەیان کوشت ئەوە بوو بەگەبێ کەسێك سڕوتری بوو؟ وایە، هۆیەکەی ئەمەیە؟))

((بیشمکوژن، وشەیەك چییە باسی پالۆمینۆ مۆلرۆ ناکەم.))

((تۆم لەو ماڵە هێناوەتە دەرێ، ئەو کات بەمشێوەیە دەسخۆشیم پێ دەڵێی؟ لەوێ مابایەوە، یەختەیان دەکردی. تۆمان هێنایە ئێرە تا بێیەوە سەرخۆ، ساغ و سەلامەت بگەڕێتەوە پایگا و کەسیش راپۆرتت لێ نەدا. من دەستەسڕی بوومە، باڵنجت بوومە، خاولیت بوومە سەری بخەیتە ناوی و بگرەی. چاوێك لەم کراسەم بکەو بزانە چۆن پیست کردووە، ئەودەم ناتەوێ باسی بکەی بۆچی ئەم بابایەیان کوشتووە؟ نەکا پیاوێکی ترسەنۆك بیت؟))

لیتۆما بە نارەحەتییەوە لەبەر خۆیەوە گوتی: یەك وشە لەژێر زمانی دەرناکێشرێ خەریکین کات بەفیڕۆ دەدەین. چەندەمان هیوا پێی بوو. ئەم بابایە چ نادرکێنێ.))

فرۆکەوان لە نێوان ددانە وێکهاتووەکانییەوە گوتی: ((کچەکەش بۆگەنە، ئەویش کەرێکە لە جنسی باوکی.)) گەرووی گیرا، پاشان دڵی تێکەڵ هات و لەسەری رۆیشتەوە: ((سەرباری ئەوە خۆشمدەوێ. بەڕاستمە لە دڵەوە ئاخر من ئاشقی ئەو چاو بۆقە بوومە.))

((دەمەوێ بزانم بۆچی دەڵێی ئەو کچە بۆگەنە، ها؟ ئەویش، راست وەك تۆ، ناچارە ملکەچی دەستووری باوکی بێت. نەکا ئەو چیتر تۆی خۆشنەوێ؟ پێی نەگوتی لاچۆ لە پێش چاوم، نامەوێ چیتر سەرو سیمات ببینم؟))

((ئەو دەستی چەپ و راستی لێك جیاناکاتەوە. چاوی لە قسەی باوکێتی. هەر کارێکی ئەو غوولە ناقۆڵایە بیلێ دەیکا. ئەو کەسەی پێی گوتم نامەوێ سەر و سیمات ببینم ئەو نەبوو، بەڵکو باوکی بوو.))

لیتۆما هەوڵیدا روخساری کچەکە کە لەو ماوە کورتەی لە ئۆفیسی باوکیدا بینیبووی وەبیر خۆی بهێنێتەوە. دەیتوانی ئەو رستانەی کە لە نێوان ئەو و باوکیدا ئاڵوێر کرابوون لە نێو زینیدا لە پەنا یەك دابنێت، بەڵام وەبیری نەدەهات کچەکە دەموچاوێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو یان نا. لە زەینیدا لاروخساری هێنایە بەرچاو... رەقەڵە بوو و بەپێی ئەو قسانەی کردبوونی

دیاربوو خاوەن کەسایەتییەکی بە هێز بوو. جگە لەمە، خۆ بە زلزانیش بوو، وەك بڵێی کچی قەراڵی فەرەنگ بێت بە دڵنیاییەوە فرۆکەوانی دەبردە سەر کانی، ئاوی نەدەداو دەیگەڕاندەوە.

((دەی، باسی پالۆمینۆ مۆلرۆ بکە. ئەوەی دڵت دەیخوازێ. لە پیورا سڕوتڕی لەگەڵ کەسێکدا هەبووە؟ لانی کەم هەر ئەوەم پێ بڵێ.))

((من لەوانەیە سەرخۆش بم بەڵام کەر نیم و تۆیش مافی ئەوەت نییە من بە گێل بزانی.)) ئەوکات تۆزێك راما و وەك بڵێی باسی شتێکی ناخۆش بکات گوتی: ((خۆی کردی، بە سزای خۆیشی گەیشت.))

((مەبەست پالۆمینۆ مۆلرۆیە؟))

((بۆچی نالێی پالۆمینۆ مۆلرۆی حەرامزادە؟))

سەرپەل سیوا بە هێوری گوتی: ((باشە، پالۆمینۆ مۆلرۆی حەرامزادە. هەرچۆنێکی تۆ پێت خۆشە.)) دەستێکی بە پشتی داهێناو پێیگوت: ((چۆن بە سزای خۆی گەیشت؟)) ((لەبەر ئەوەی بەرزە فڕ بوو. چونکی پێی لە بەڕەی خۆی زیاتر راکێشا. پیاو بەمجۆرە تاوانی هەڵەکانی دەداتەوە. ئەویش تاوانی گوناحەکانی دایەوە، ئەویش بە چ حاڵ و وەزعێکەوە.))

لیتۆما مووی لەشی راست بوونەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی: ((دیارە هەموو شتێك دەزانی. دەزانێ کێ ئەو بابایەی کوشتووەو بۆچی کوشتوویەتی.))

((ئەرێ وایە، قسەی تۆ راستە. ئەوەی بەرزە فڕ بێت، ئەوەی پێی لە بەڕەی خۆی زیار رابکێشێ گەلێ جار تاوانەکەی دەبینێتەوە. دەمەوێ بزانم ئەو سنوورەی کە ئەو بەزاندوویەتی، سنووری کێیە؟))

((سنووری تۆ، حەرامزادە.)) فڕۆکەوان هەوڵێدا هەستێتە سەر پێ. لیتۆما دەیبینی کە لەسەر چوار دەست و پێ دەچووە پێشێ، لەسەر ئەژنۆی راست بوویەوەو پاشان بە دەموچاوەوە تەپ بە عەرزدا کەوت.

((نا، سنووری من نەبووە، هاوڕێ. خۆشت دەزانی. ئەم رووداوە لە پیورادا رووی داوە، لە نێو پایگای هێزی هەوایی. لە نێو یەکێك لەماڵەکانی پایگا، قسەکەم راستە؟))

فڕۆکەوان کە هێشتاش هەروا لەسەر چوار دەست و پێ دەڕۆیشت، سەری بەرزکردەوە و لیتۆما بۆ ساتێك بیری لەوە کردەوە هەر ئائێستایە کە دەست دەکات بە وەڕین. بە قیاخەیەکی بێ حاڵەت و شێواوەوە لێیانی دەڕوانی وەك بڵێی خەریکبوو لەگەڵ نەهامەتییەکانی ئەلکۆڵ شەڕی دەکرد. بەردەوام چاوی دەترووکاند.

((کێ ئەمەی پێ گوتووی؟))

((من هەمیشە قسەی ئەو ئەکتەرە میکزیکییەم دێتەوە بیر کە لە فیلمەکانیدا دەڵێ هەموو گرفتێك چاری دێت. من چەند شتێك دەزانم باسی دەکەم، تۆ چەند شتێکیتر دەزانی باسی دەکەی و بەم چەشنە پێکەوە گرفتی خۆمان چارەسەر دەکەین.))

((کەواتە تۆ هەر شتێکی لە بابەت پایگای پیوراوە دەیزانی بیلێ.)) هێشتاش هەر لەسەر چوار دەستو پێی راوەستا بوو و لیتۆما وای بۆ دەچوو هەوای سەرخۆشی لە کەللەی رەویوەتەوە. بێ گریۆگۆڵ قسەی دەکردو لە دەنگیدا ترسێك بەدی نەدەکرا.

((باشە، هاوڕێ. بە چاوان کەواتە دابنیشە و جگەرەیەك داگیرسێنە. باشتری خۆ؟ زۆر باشە.))

دوو جگەرەی داگیرساند و پاکەتەکەی دایە دەست لیتۆما و ئەویش جگەرەیکی لێ دەرکێشا و دایگیرساند.

((ئەو شتەی دەیزانم ئەمەیە کە پالۆمینۆ مۆلرۆ کچە دۆستێکی دەبێ لەوێ، لە پیورا. گیتاری بۆ دەژەنی و بەو دەنگەی کە دەڵێن خۆشیش بووە گۆرانی بۆ گوتووە. ئەویش بە شەو و بە دزییەوە هەڵبەت، گۆرانی بولرۆی گوتووە کە لەمەدا شارەزایی بووە. هەر ئەمەندە ئەو شتانەی من دەیزانم هەر ئەمانەیە. ئێستا نۆبەی تۆیە. بۆ کێی گۆرانی گوتووە؟))

ترس لە دەموچاوی فرۆکەواندا بەدی دەکرا و کەوتبووە دانە چۆقەوە: ((من هیچ شتێك نازانم.))

فرۆکەوان هێڵنجی دەدا. ئەمجارەیان رشایەوە، چەمابووەوەو دەنگی وای لێ دەهاتە دەرێ کە هەر وەرەو سەیری بکە. کە کارەکەی کۆتایی پێهات دەمی بەدەستی خاوێن کردەوەو گرژ کەوتە نێو چاوانییەوەو دواجار وەك منداڵ دەستی کرد بە گریان. لیتۆما هەستی بە بێزاری کردو لە هەمانکاتدا دڵی پێی سووتا. لیتۆما ئاگای لێ بوو کە ئەو بەڕاستی ئازاری دەدیت.

سەرپەل بەدەم جگەرەکێشانەوە گوتی: ((لەوانەیە پێت سەیر بێ کە من بۆچی بەردەوام ئەم پرسیارەت لێ دەکەم، دەمەوێ پێتبلێم بە خاتری لە شت کۆڵینەوە، هاوڕێ، هەر ئەمە. ئەگەر ئەو کەسەی ئەوی کوشتووە سەر بە پایگای پیورا بووە، من چیم لە دەست دێت؟ هیچ. ئێوە یاسا و داب و دەستووری خۆتان هەیە. دادگای خۆتان هەیە. من هەقی دەستتێوەردانم لە کاروباری ئێوەدا نییە. کەواتە مەبەست تەنیا لە شت کۆڵینەوەیە. تێدەگەی؟ سەرباری ئەمە، دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم. ئەگەر منیش ژنێکم هێنابایە و یەکێك بهاتبایە و بیویستبایە بۆ

لرۆی ئاشقانەی بۆ بڵێ، لێمدەدا مرخەم لێ دەبڕی. ئێستا پێم بڵێ بزانم کێ ئەو بەڵایەی بەسەر پالۆمینۆ مۆلرۆ دا هێنا، هاورێ؟))

سەرپەل سیلوا لەم کاتەدا وەبیر دونیا ئادریانا کەوت. خەمبار و بێ حاڵ بوو.

فرۆکەوان خۆی خستە سەر خیزەڵان، لە پێش دەم لیتۆما. هەنیشکی لەسەر ئەژنۆی دانان و دەموچاوی لەنێو دەستەکانیدا شاردەوە. ئیتر گەیشتبووە دوا حاڵەتەکانی نەشە بوون. لیتۆما ئەم حاڵەتەی لەو رۆژانەوەی کە ئەندامی گرووپی ئارام هەڵنەگران بوو باش دەیزانی: هەستکردن بە بۆشایی و بێزاری، سستییەکی تەمومژاوی کە سەرلەبەری جەستەی دادەگرت.

((لە کوێوە دەزانی کە چۆتە نێو پایگای پیورا گۆرانی گوتووە؟)) جاری وایە دەترساو هەندێکجاریش تووڕە دەبوو و ئێستا تووشی هەردوو حاڵەتەکەی ببوو، ((کام حەرامزادە خەبەری پێداوی؟))

رێك لەم کاتەدا لیتۆما هەستی بەوە کرد کە چەند سێبەرێك بەرەو ئەوان دادەگەڕێن. چەند ساتێك دواتر سێبەرەکان بەشێوە نیوە بازنەیەك لەبەردەم ئەوان قوت بوونەوە. شەش کەس بوون. تفەنگ و داردەستی پۆلیسییان پێبووەو لیتۆما لەژێر تیشکی مانگە شەو بازووبەندەکانیانی بینی. پاسەوانی هێزی هەوایی بوون. کاریان ئەوە بوو سەریان لە مەیخانە و ئاهەنگ و قەحپەخانەکان هەڵدەهێناو هەرکام لە ئەندامانی هێزی هەواییان کە دەردەسەری سازکرد با قۆڵبەست دەکردو لەگەڵ خۆیان دەیانبرد.

((من سەرپەل سیلوا سەر بە پۆلیسی نێو شارم. شتێك رووی داوە؟))

((ئێمە هاتووین سەرپەل دۆفۆ لەگەڵ خۆمان ببەین.))

((کاتێك دەتەوێ ناوی من بە زمانی بێنی راست و قوت راوەستاوە، مێرووله.)) هەوڵیدا هەستێتە سەر پێ و رابوەستێت، بەڵام بەلادا دەکەوت بەجۆرێك کە هەر سات بۆی هەبوو بە عەرزدا بکەوێت. ((کەس بۆی نییە من بۆ شوێنێك بەرێ، بۆگەن.))

((جەنابی سەرپەل، دەستووری جەنابی سەرهەنگە. بەداخەوە، دەبێ ئێوە لەگەڵ خۆمان ببەین. ئەو کە لەبەر خۆیەوە هەندێ قسەی بێ مانای دەگوت دژایەتییەکی نەکرد.

لیۆما و سەرپەل سیلوا ئەوانیان دەدیت کە لە تاریکیدا ون دەبن.

چەند چرکەیەك دواتر هاڕەی وەحەرەکەت کەوتنی جیبێکیان بست. نوقمی فیکر، و بێ ئەوەی قسەیەك بکەن جگەرەکانیان کێشا. سەرپەل سیلوا هەستایە سەر پێ تا بەو رێگایەدا

که هاتبوون بگەڕێنەوە. بە پەناماڵی لیائۆدا کە تێدەپەڕین دەنگی گۆرانی و زەنازەنایان بیست. ملۆمێك لە گۆڕیدا نەبوو.

((ئێوە بە راستی لە قسە لەژێر زمانی خەڵك دەرکێشاندا شارەزان، جەنابی سەرپەل قسەت تێدا نەهێشتەوە، هێناتانە ئێرە تا دواجار شتێکتان لێ دەرکێشا.))

((بەو شتانەی کە دەمەویست نەگەیشتم. ئەگەر کاتمان هەبووایە لەوانەیە سەرلەبەری بەسەرهاتەکەمان بزانیبایە.)) تفێکی فڕێدا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، وەك بڵێی دەیهەویست سییەکانی لە هەوای دەریا پڕ بکات. ((با شتێکت پێ بڵێم، لیتۆما، دەزانی بیر لە چی دەکەمەوە؟))

((بیر لە چ دەکەنەوە، جەنابی سەرپەل؟))

((بیر لەوە دەکەنەوە، جەنابی سەرپەل؟))

((بیر لەوە دەکەمەوە کە هەموو پیاوانی پایگا دەزانن چی روویداوە. لە ئاشپەزەکەیانەوە بیگرە تا دەگەیە میندرۆ.))

((پێم سەیر نییە. منیش لە رەفتار و هەڵسوکەوتی سەرپەل دۆفۆ بەم ئاکامە گەیشتم. ئەو بە وردی دەزانێ کی مۆلرۆی کوشتووە.))

مەودایەکی دوور و درێژیان لە نێو دڵی تالارای خەواڵوو لە بێدەنگیدا تەی کرد. زۆربەی کۆخەدارینەکان تاریك بوون و تەنیا جاروبارە مۆمێکی داگیرساو دەبینرا. لە لای سەرەوەش، لەو دیوی پەرژینەکانی ناوچەی یاساغکراو، هەموو شتێك قیری رەش بووە ئەوان رێگای پاسگای پۆلیسیان گرتەبەر. لیتۆماو سەرپەل سیلوا لەوێ دەخەوتن. سیلوا لە ژوورێکی گەورەی پەنا ئۆفیس و لیتۆما لە عەنبارێکدا نزیك ژوورەکانی بەندیخانە.

کە گەیشتنە بەردەم دەرگای پۆلیس یەکەم شت کە سەرنجی راکێشان ئەو قاقەزە بوو کە بە دەسکی دەرگاکەیانەوە چەسپاندبوو تا لەبەر چاو بێت. لەسەر قاقەزەکە پیاوێکی خوێندەوار بە خەتێکی خۆش نوسیبووی.

پیاوکوژەکان پالۆمینۆ مۆلرۆیان لە ماڵی دونیا لۆپی لە ئاهو تاپێ رفاندووە. ئەو بە هەموو شتێك دەزانێت. سۆراغی ئەو بگرن.

# ٥

سەرپەل سیلوا بە تانەوە گوتی: ((ئاموتاپی، ئەمە چ جۆرە ناوێکی؟)) راستە دەڵێن ئەم ناوە لە چیرۆکی قەشەو خزمەتکارەکەیەوە وەرگیراوە؟ ئێوە راتان چییە؟ دونیا لوپیێ؟))

ئامۆتاپیێ لە چل پەنجا کیلۆمەتری لاشووری تالارا هەڵکەوتووەو دەوروبەری بە بەردەڵانی سوورەوە بوو و تەپۆڵکەی خێزەڵانی گیراوە. لە هەر شوێنێك بڕوانی گژوگیای وشك دەبینرێت. تاك و تەرا درەختێکی ئوکالیپتۆسیش بەرچاو دەکەوێ کە وەك پەڵەیەکی سەوزی کاڵ رەنگ و روویەك بە خۆڵەمێشیی یەکپارچەی دیمەنی رەش هەڵگراوی ئەوێ دەبەخشێت. درەختەکان سەریان دانەواندووە، لق و پۆپی خۆیان درێژ کردۆتەوەو لێك ئالاون تا هەرچی شێی هەوا هەیە هەڵیمژن. ئەوان لە دوورەوە حاڵەت  ئەو جادووگەرانەیان هیەیە کە لە حاڵی سەما دابن. لەژێر سێبەری دەهەندەی ئەواندا چەند بزنێکی بێچارە خەریکن دەم بۆ ئەو گەڵا وشکان دەبن کە لە لقەکانەوە کەوتوونەتە خوارێ، هەروەتر چەند کەرێکی خەواڵوو دەبینرێن و شوانێکیش، کە لەوانەیە کچ یان کوڕێکی تاوە سووکە، و بریسکەی نیگایان چاو بە شەوارە دەخات.

((ئەم چیرۆکە کۆنەی ئاموتاپیێ کە بۆ قەشە و خزمەتکارەکەی دەگەڕێننەوە راستە، دونیا لوپیێ؟))

شارۆچکەی ئامۆتاپیێ پێکهاتووە لە کۆمەڵێك کۆخی لە ئاجوور چێکراوی تێکەڵ و پێکەڵ و هەندێك ئاخوڕی سەر ئاواڵەی لە دار دروستبوو. چەند ماڵێکی گەورەشیان دەوراندەوری گۆڕەپانە قەدیمییەکە ساز کردووە کە کڵاو فرەنگییەکیان لە ئامێز گرتووە. ئامۆتاپی درەختی گوڵ قاقەزی و بادامی تێدایەو پەیکەرەیەکی بەردینی سیمۆن رودریگز، باوکی سیمۆن بولیوار، کە رۆژگارێك لەم

ناوچە پەرتەوازەیەدا مردووە. ئامۆتاپییەکان خەڵکێکی دەستکورت و رەشورووتن کە سەرقاڵی کێڵگەی پەنبەو بزنداری و پێڕاگەیشتن بەو شۆفێری پاس و پیکابانەن کە لە نێوان تالارا و سۆلانا لە هاتوچۆدان و لەوێندەر بۆ خواردنی چیچا، بیرەی خۆماڵی، و نانی نیوەڕۆ رایدەگرن.

ناوی شارۆچکەکە، بەپێی ئەفسانە ناوچەییەکان، یادگاری سەردەمی داگیرکاریی وڵاتانی زلهێزە. دەڵێن ئاموتاپیێ کە ئەوکات شان و شکۆی بووە قەشەیەکی بە تەماحی تێدا ژیاوە کە پێیخۆش نەبووە چشتێك بە میوان بدات. خزمەتکارەکەشی لەم کارەیدا دنەی داوە و هەر کات چاوی بە میوانێك دەکەوت، بانگی قەشەی دەکرد و دەیگوت: ((ئامو، تاپیێ، تاپیێ لە ئولا، کە ونییێ جنتیێ.)) واتە ئەرباب، داپیۆشن، قاپ و قاچاغەکە داپۆشن چونکی کەسێك خەریکە دێت. ئەم چیرۆکە راستە؟))

ژنە دواجار لەبەر خۆیەوە گوتی: ((نازانم، لەوانەیە راست بێت، لەوانەشە نەبێ. خوا دەزانیێ.))

ژنە رەقەڵە بوو و پێستێکی سفتوسۆڵ زەیتوونیی هەبوو. پەناگوێی و پێستی باسکەکانی لەبەر یەك رەویبوونەوەو ئاوێزان بوون. لەو کاتەوەی چاوی بە سەرپەل سیلوا و لیتۆماوە کەوتبوو لە روخساریدا بیێ باوەڕی دەقی گرتبوو. لیتۆما بیری لەوە دەکردەوە: ((گومانی خراپی لە هەموو ئەو کەسانەی بۆ چاری یەکەم چاویان بە ئێمە دەکەویێ زیاترە.)) ژنە بە دوو چاوی نیگەران و بە قووڵداچوویەوە لێیانی دەڕوانی و وەك بڵێی هەست بە سەرما بکات باسکەکانی خۆی دەشێلا. چاوەکانی کە لەگەڵ چاوی ئەوان لێکهەڵە ئەنگووتن هەولێدا بزەیەکی بێتیێ، بەڵام بزەکەی هێندە ساختەچییانەو دەسکرد بوو کە حاڵی سواڵکەرێکی سەر شەقامیان پیێ دابوو. لیتۆما لەبەر خۆیەوە گوتی: ((لە روخسارتدا ترسەنۆکی هاوار دەکات، دیارە دەبیێ شتێك بزانی.)) ژنە وای چاو لێدەکردن چما لاڕانی بزن و برینج و چیپسی مۆزی خویێ لێدراو و سوورەوە کراوی بۆ هێناون و هەر جارە سەرپەل دەیهەویست گیلاسەکانیان پڕی چیچا بکات هەر بەم شێوە روانینەوە چاوی تێدەبڕین.

سەرپەل سیلوا کەی پرسیارەکانی دەست پیێ دەکات؟ لیتۆما هەستی بەوە کرد تاو و تەئسیری بیرە خەریکە خۆی دەردەخات. جەنگەی نیوەڕۆ بوو و گەرما قوولەی پێدەکرد. ئەو و سەرپەل تاقە مشتەریی ئەویێ بوون. لە دەرگاوە کە بۆ دەرەوەیان دەڕوانی کلێسای بووچك و چۆڵ و هۆڵی سن نیکۆلاس-یان دەبینی کە، لە هەمبەر بەسەرداهاتنی زەماندا، قارەمانانە خۆی راگرتووە. دوو سەد، سیێ سەد مەتر دوورتر لە تەپۆڵکە خێزەڵانەکان، شاریێ کەوتە بەرچاو کە پیکابەکان لەوێوە رێگای سۆلاناو تالاریان دەگرتەبەر. لیتۆما و سەرپەل بە پیکابێك کە بارەکەی مریشك و کەڵەباب بوو هاتبوون. ئەوانیان لە دەرەوەی شار، لەسەر شاڕێیەکە، دابەزاندبوو. کە لە نێو شاردا پیاسەیان

دەکرد روخسارەکانیان دیتبوو کە کۆخەدارینەکانی ئاموتاپێ بەسەرنجەوە لێیان خوردببوونەوە. سەرپەل سۆراغی خواردنگای دونیا لوپێی گرتبوو و کۆمەڵی ئەو منداڵانەی دەورەیان دابوو خێرا ئاماژەیان بەو شوێنەکردبوو کە ئێستا لیتۆما خەریکبوو هێور هێور چیچاکەی دەخواردەوە.

لیتۆما پشوویەکی لە سۆنگەی ئاسوودەییەوە هاتە سەرخۆ. باشی کارەکە لەمەدا بوو کە لانی کەم ژنە لەبەر دەست بوو و کاری ئەوان هەوڵێکی سەرشۆڕانە نەبوو. ناچار ببوون لە دواوەی پیکابەکە سواربن، و لە هەمبەر دەنگە دەنگی مریشکەکان، بۆنی جیقنە و پەڕو تووکیان کە بە چڕ و چاویاندا دەچوو تاقەت بێنن. لەژێر ئەو تاوە سوورەدا ژانەسەریان گرتبوو. کە دەگەڕانەوە بۆ تالارا ناچاربوون ئەو رێگا دوورو درێژە تا شارێیەکە بە پێیان بتەقێننەوەو لەوێ چاوەڕێ بمێننەوە تا شۆفێری پیابێك گەورەیی خۆی بنوێنێت و سواریان بکات.

کە هاتبوونە ژووریێ سەرپەل سیلوا گوتبووی: ((سلاو، دونیا لوپێ. هاتووین بزانین چیچاو مۆرز و شۆرباوەکەت هەر بەو جۆرەیە کە خەڵك پێیدا هەڵدەڵێن یان نا. ئێمە زۆر شتمان دەربارەی خواردنگەی ئێوە بیستووە، هیوادارین بە هەناسە ساردی نەمانگەڕێنییەوە.))

لیتۆما بیری لەوە دەکردەوە کە رواڵەتی دونیا لوپێ وا نانوێنێت کە لە ماناو مەبەستی قسەی سەرپەل گەیشتبێت. ترش بوونی چیچا و بێ تامیی شۆرباوەکەی پاڵپشتیی ئەم بیرەیان دەکرد. سەرەتا منداڵێکی زۆر لە دەوروبەریان کۆبوونەوە، بەڵام وردە وردە جاڕز بوون و بڵاوەیان پێکرد. ئێستا تاقە منداڵانێکی مابوونەوە سێ کچی چکۆڵە بوون کە لە پەنا سۆبەکە دانیشتبوون و بە لێوانە بەتاڵەکان کایەیان دەکرد. ئەوان دیاربوو منداڵی دونیا لوپێ بوون، گەرچی زەحمەت بوو پیاو باوەڕ بکات ئەو بەو تەمەنەوە منداڵی وا بچووکی بێت. لەوانەیە ئەو هێندەش بەو جۆرەی رواڵەتی دەینواند تەمەنێکی وا زۆری نەبوو. سەرپەل سیلوا و لیتۆما ئەوەندەی هەوڵیاندا نەیانتوانی وەقسەی بێنن. لیتۆما بیری لەوە کردەوە، لەبارەی هەموو شت لە کەش و هەواوە بیگرە تا حاسڵی پەنبە و ئەوەی چۆنە ناوی ئاموتاپێ-یان لەسەر ئەو شارە ناوە قسەیان لەگەڵ کردووەو ئەو سەرلەبەری پرسیارەکانی بە ئا یان نا، یان نازانم پان بێدەنگیی تەواو وەڵام داوەتەوە.

سەرپەل کەی دەیەوێ دەست پێبکات؟ و چۆن دەست پێدەکات؟ لیتۆما نەیدەتوانی ئارام دابنیشێت، لە فرتوفێڵەکانی فەرماندەکەی بەردەوام سەری سووڕدەما و دەبوونە هۆی ئەوەی لە دڵی خۆیدا بارەقەڵڵای پێبڵێ. دیاربوو سەرپەل سیلوا زۆری لێ بە پەلەیە مەتەڵی مەرگی پالۆمینۆ مۆلرۆ هەڵبهێنێت. لیتۆما چاوی لێ بوو کە سەرپەل بە خوێندنەوەی نامەی بێ واژوو چۆن درووژا

بوو، وەك سەگ كە بۆنی شت دەكات بۆنی بە نامەكەوە كردبوو و گوتبووری: ((نابیّ گویّ بەم نامەیە نەدەین، سەرەداویّكی گرینگە. دەبیّ وەڕیّ كەوین بچین بۆ ئاموتاپیّ.))

سەرپەل، بە درێژایی ڕێگەی ئاموتاپیّ، لەژێر تینی تاوی بیابان، كە هەرچەندە كڵاویانس لەسەر كردبوو، بەڵام تا ناخی هەناویان كاری تێدا دەكردن، بیّ بڕانەوە باسی یاداشتە بیّ واژووەكەی دەكردو لەسەر دفۆ و سەرهەنگ میندرۆ و كچەكەی قسانی دەكرد، بەڵام لەو كاتەوەی پێیان نابووە كۆخی دونیا لوپێیەوە دەتگوت هۆگریی خۆی لەمەڕ پالۆمینۆ مۆلرۆ فرامۆش كردبوو. بە دەم خواردنەكەیانەوە، یان باسی هۆی ناونانی ئاموتاپێی دەكرد یان قسەی دونیای ئادریانای دەهێنایە گۆڕیّ، بە دەنگی بەرزیش قسەی دەكرد بۆ ئەوەی دونیا لوپیّ لە ئاماژەكانی بگات. باسی قەڵەویی ئادریانای كردو لەسەر جیاوازیی نێوان كەسی قەڵەو و كەسی گۆشتن دوا. دەیگوت كەسی قەڵەو لەشی هەمووی هەر لەبەر پێكهاتووە كەسی گۆشتن لە ماسولكە.

لیتۆما پێكەنی چونكی ئەركی پێكەنین بوو، بەڵام دونیا لوپیّ بە درێژایی سەرلەبەری قسەكانی سەرپەل جیدی بوو و دەیخستنە بەر سەرنج. لیتۆما بیری لەوە كردەوە: ((خاتوونەكەمان چاوەڕێە. لەوانەیە ئەویش بە قەد من تووڕە بێت.)) سەرپەل كەی دەست پیّ دەكات؟ هەڵسوكەوتی جۆرێكی دەڵێی تا رۆژی پەسلان دەرفەتی هەیە.

((ئەی پێتوایە دوانیوەڕوان كاتژمێر پێنج كە بە كامێراكەمەوە گەرموگوڕ دەبووم دەچووم بۆ كویّ؟ دەمگوت دەچم ببۆ هوتێل رۆیال پاوە بخۆمەوە. ئەریّ، دەچووم بۆ كەناری دەریا.))

دەتگوت لە بیری چووبووەوە كە بۆ چ مەبەستێك هاتووەتە ئاموتاپیّ. بەڵام رێك لەو كاتەی كە ئیتر لیتۆما حاڕز ببوو، سەرپەل سیلوا لەناكاو بێدەنگ بوو. چویلكە دژە خۆرەكەی لە چاوی دەرهێنا- لیتۆما چاوەكانی بینی كە وردبینەو دەبریسكێتەوە- بە دەستەسرێك خاوێنی كردەوەو هەمیسان لە چاوی كردەوە.

بە هێوری جگەرەیكی داگیرساندو بە دەموراوێژێكی شیرین و دڵنیشینەوە قسەی دەست پێكرد: ((ببوورن، دونیا لوپیّ، دەقەیەك تەشریف بێننە ئێرە لامان دانیشن. هەندیّ قسەمان پێیە دەبیّ لە گەڵتانی باس بكەین.))

ژن بە دەم دانە چیڕەوەو لە كاتێكدا لەشی وەك ئەو كەسانەی تووشی نەخۆسینی مالاریا هاتبێن هەڵدەلەرزی، گوتی: ((قسەی چی؟)) لیتۆما پێی وابوو سەر پەلیش هەڵدەلەرزێت.

((قسەی پالۆمینۆ مۆلرۆ، دونیا لوپیّ. قسەی چیترتان دەویست بۆتان باس بكەم؟ من خۆ نامەویّ باسی دڵداری تالاراییی خۆمتان بۆ بكەم، گیانەكەم. تەشریف بێننە ئێرە، دانیشن.))

ژنە وەك کەسێکی ئیرادەیان لێ ئەستاندبێت، لەسەر ئەو کورسییەی کە سەرپەل ئاماژەی پێ کردبوو، دانیشت و گوتی: ((نازانم باسی کێ دەکەن.)) وێدەچوو لەچاو جاران رەقەڵەتر و دانەکاوتر بووبێت. ((سوێندتان بۆ دەخۆم نازانم باسی کێ دەکەن.))

((ئێوە پالۆمینۆ مۆلرۆتان باشیش دەناسی.)) سەرپەل چیتر پێنەدەکەنی و بە تۆنێکی وا ساردو سڕی تێکەڵ بە توندوتیژی قسەی دەکرد کە تەنانەت لیتۆماش خۆی گردو کۆکردەوە. سەرپەل سیلوا قسەی دەست پێکردەوە: ((زۆر باشە، ئێستا هەوڵ بدەن بەسەرهاتەکەمان بۆ بگێڕیتەوە، دەیناسن. باسی ئەو سەربازەی هێزی هەوایی دەکەم کە لە تالارا کوشتیان. ئەو بابایەی کە لەشیان بە ئاگری جگەرە سووتاندو پاشان لە داریاندا. باسی پالۆمینۆ مۆلرۆ دەکەم، ئەو گەنجە رەقەڵەیەی کە مولرۆی دەگوت. لێرە بووە، رێك لەم شوێنەی ئێمەی تێداین. ئێستا وەبیرتان هاتەوە؟))

لیتۆما ژنەی بینی کە چاو و دەمی کردنەوە، بەڵام چی نەگوت. لەوێ راوەستابوو و بە پەلە پەل چاوی دەترووکاند. یەکێك لە کچەکان دەستی کرد بە گریان.

سەرپەل دەمی پڕ لە دووکەڵی بەتاڵ کردو هەروا کە کەرو کاس دووکەڵی دەبینی کە دەڕۆینەوە و ون دەبن، گوتی: ((من لەگەڵ ئێوە درۆ ناکەم.)) پاشان لە ناکاو بە تۆنێکی تێکەڵ بە توندوتیژییەوە گوتی: ((ئەگەر هاوکاریمان نەکەن، ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانم نەدەنەوە ئەوکات لێرە هەراو هەنگاومەیەك بەرپا دەکەم ئەو سەری دیار نەبێ. قفڵ و قەرازەی دەمم دەکەمەوەو چیم پێخۆش بێ پێتانی دەڵێم تا بزانن بابەتەکە چەندە گرینگە. نامەوێ ئێوە تێکەڵ بەم رووداوە بکەم، نامەوێ ئەم هەموو رێگایەت پێ ببڕم بتانبەم بتانکەمە بەندیخانەی تالاراوە. نامەوێ بە خاتری خۆبواردن لە شاهیدی دان و هاودەستی لە تاواندا تا دوا رۆژانی عومرت لە بەندیخانەدا بڕز بێت. دڵنیاتان دەکەمەوە من بە نیازی هیچ کام لەم کارانە نیم، دونیا لۆپێ.))

منداڵەکە هەروا دەینووکاندو دەگریا و لیتۆما قامکی ئاماژەی لەسەر لێوی دانا بۆ ئەوەی بێدەنگی کردبێت. منداڵەکە زمانی لێ دەرهێنا و پێکەنی.

دونیا لوپێ گوتی: ((دەمکوژن.)) نەدەگریا، بەڵام لە چاوەکانیدا هەستت بە ترس و سام دەکرد. لیتۆما نەیدەوێرا نەفەس بکێشێت، چونکی پێی وابوو ئەگەر بێت و بجووڵێتەوە یان دەنگی لێوە بێت رووداوێکی ناخۆش روودەدات.

ئەمجارە سەرپەل سیلوا بینی کە کالانی دەمانچەکەی کردەوە، دەمانچەکە دەرهێناو لەسەر مێزەکەی دانا. بەدەم قسەکردنەوە دەستی بە چەکەکەشی دادەهێنا: ((ئەگەر راستییەکەمان پێبڵێی

کەس بۆی نابێ دەستت لێ بوەشێنێ، دونیا لوپێ. ئەگەر دۆخەکە بگاتە ئەو ئاستە، من خۆم دەتپارێزم.))

زەڕە زەڕی شێتانەی کەرێك بێدەنگیی دنیای دەرەوەی کۆخی شڵەژاند. لیتۆما بە مێشکیدا هات: ((خەریکن جاشك دەخەنەوە.))

ژنە بەدەم هەنسك دانەوە گوتی: ((هەڕەشەیان لێ کردوومە. گوتوویانە "جیکەت لێوە بێ مرخەت دەبڕین". دەستەکانی هێنانە سەرێ. دەموچاوی بەدەستی داپۆشی و خۆی گرمۆڵە کردەوە. دانە چیڕەیەکی گرتبوو دەنگی دەبیسترا. ((خەتای منی تێدا نییە، من خۆ هیچم نەکردووە. ئەگەر من بمرم منداڵەکانم بێ کەس دەمێننەوە. مێردەکەم کەوتۆتە ژێر تراکتۆرەوە، قوربان.))

منداڵان کە خەریك بوون لە خۆڵدا خۆیان دەگەوزاندو کایەیان دەکرد بە بیستنی دەنگی شین و گریان روویان لەلای ئەوان کرد، بەڵام پاش چەند ساتێك روویان لێ وەرگێڕان و دەستیان بە کایەی خۆیان کردەوە. ئەو منداڵەی گریابوو بەرەو لای دەرگەی کۆخەکە رۆیشتوو.

ژنە گوتی: ((ئەوانیش دەماچەیان لێ دەرهێنام. دەی باوەڕ بە قسەی کێ بکەم، قسەی ئەوان یان قسەی ئێوە؟)) هەوڵیدا بگریت، تەنانەت دەموچاوی تێکدەنا و دەستی لێك دەسوون، بەڵام چاوی هەروا وشك مابوونەوە. لە سنگی خۆی کوتاو وێنەی خاچێکی لە هەوادا کێشایەوە.

لیتۆما چاوێکی بۆ دەرەوە گێڕا. نا، شیوەنی ژنە هاوسێکانی رانەکێشابوویە دەرێ. لە دەرگەی کۆخەکە و تەنانەت لە نێوان درزی دیوارەکانەوە، دەرگەی داخراوی کڵێسای سێن نیکۆلاس و هەروەتر مەیدانە چۆڵەکە دەبینرا. منداڵان کە تا چەند ساتێك لەمەوبەر، لە دەوروبەری کڵاو فەرەنگییە دارینەکە، خەریکی کایە بە تۆپێك بوون کە کوتە پەڕۆی کۆن چێ کرابوو، چیتر دیار نەبوون. ((دیارە بانگیان کردوون بۆ نێو ماڵێ. دایك و باوکەکان کلکی کەرکەی خۆیان گرتووەو بردوویانەتە ماڵێ تا شاهیدی ئەو رووداوەی لێە خەریکە دەقەومێ نەبن.)) هەموویان بەسەرهاتی پالۆمینۆ مولرۆ دەزانن. هەموویان شاهیدی رووداوەکە بوونە. ئێستا حەتمەن نێهنییەکە ئاشکرا دەبێ.

((لەسەرەخۆ بن. با هەنگاو بە هەنگاو بە رووداوەکەدا بچینەوە. پەلەیەکمان نییە.)) بەڵام لێرەشدا تۆنی دەنگی سەرپەل لەگەڵ قسەکانی دژ بەیەك بوون. مەبەستی ئەوە نەبوو ئارامی بکاتەوە بەڵکو دەیهەویست زیاتری بترسێنێت. ئەوجار بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و هەڕەشەئامێز

گوتی: ((کەس دەستی وێت ناکەوێ. بە شەرەفم سوێندتان بۆ دەخۆم. بەو مەرجەی راستەکەی بڵێی. بەو مەرجەی هەرچی دەیزانن بیلێن.))

((من هیچی لێ نازانم، هیچی لێ نازانم، هیچ. باوەڕم پێ بکەن، درۆتان لەگەڵ ناکەم.)) بەڵام بە دەموچاویدا، بە دڵمەندییەکەیدا دیاربوو هەموو شتێك دەزانێت و لە هەمان کاتدا ورەی حاشا لێ کردنیشی نییە. ((هاوار بۆ تۆ، سێن نیکۆلاس.))

دیسان لە هەوادا وێنەی خاچێکی کێشایەوەو ئەو قامکانەی کە وێنەکەی پێ کێشابووەوە ماچ کرد.

((لە سەرەتاوە دەست پێ دەکەین. کەی و بۆچی پالۆمینۆ مۆلرۆ هاتە ئێرە؟ لە کەیەوە دەیناسن؟))

((نەمدەناسی. پێشتر لە عومرمدا چاوم پێی نەکەوتبوو.))

دەنگی یەك هەوا نەبوو، وەك بڵێی گەرووی ئی خۆی نەبێت. چاوی زوو زوو دەترووکاند. ((ئەگەر بە خاتری کچەکە نەبووایە دەقیقەیەکیش رێگام نەدەدا لێرە مابایەتەوە. بەدوای قەسەدا بوون، بەدوای باوە ئێزکیل. بەڵام ئەو لێرە نەبوو، جا خۆ ئەو قەت لێرە نییە. هەمیشە خەریکی سەفەرە.))

لیتۆما لەناکاو گوتی: ((کچەکە؟)) و کە نیگای سەرپەل لەسەر چاوی گیرسایەوە قەسەکەی قووتدا.

((بەڵێ، کچەکە. خۆیەتی هێندە پاڕانەوە کە بەزەییم پێیاندا هات. لەم نێوانەدا تەنانەت پارەیەك بە نسیبی من نەبوو، لەکاتێکدا خودا خۆی گەواهە نیازم پێی بوو. مێردەکەم کەوتۆتە ژێر تراکتۆر، خۆ پێم گوتن. بە خودای بانی سەر و سێن نیکۆلاس کە پشتیوانی ئێمەیە سوێند دەخۆم کە درۆم لێ نابیسن. هەردووکیان سەنتێکیان پارە لە گیرفاندا نەبوو. هەر پارەی خواردنی نیوەڕۆیان پێ بوو، و ئیتر هیچ. قەرەوێڵەیەکی خۆڕاییم پێدان. چونکی دەیانەویست زەماوەند بکەن.

زگم پێیان سووتا. زۆر گەنج بوون، ئەوەی راستی بێ مندالکارە بوون. وێدەچوو زۆریان دڵ بە یەکەوە بێ، قوربان. نەمدەزانی چی بەسەر دادێ. خودا گیان، چیم کردووە کە دەبێ بەم شێوەیە تاوانی بدەمەوە؟))

سەرپەل هەروا کە بازنەکانی دووکەڵی لە دەمی دەدانە دەرێ و لەو دیوی چاویلکە دژە خۆرەکەیەوە لە ژنەی دەڕوانی چاوەڕێ ما تا ئەو وێنەی خاچی کێشایەوە، باسکەکانی شێلا و بەدەست دەموچاوی داپۆشی، وەك بڵێی دەدا خاوێنی بکاتەوە.

((دەزانم ئێوە راستم پێ دەڵێن. هەر لەو ساتەوەی قاچم خستە ئێرەوە ئەمەم زانی. خەمی هیچتان نەبێ، تەنیا لەسەر قسەکانتان بەردەوام بن. ئەم ئاشقە و ماشقانە چەند رۆژ لێە بوون؟))

زەڕە زەڕی دزێو جارێکیتر درِی بە هەوای دەمەو بەیانیدا. دەنگەکە ئەمجارەیان نزیکتر بوو و لیتۆما گوێی لە دەنگی ئەو سمانە بوو کە بە غار هاتن. لەبەر خۆیەوە گوتی: ((کارەکەیان بۆ جێبەجێ کرد.))

((تەنیا دوو رۆژ. چاوەڕێی قەشە بوون، چاوەڕێی قەشە ئێزکیل، بەڵام ئەو لەم دەوروبەرە نەبوو. ئەوەی راستی بێت قەت لێرە نییە. دەڵێ دەچێ بۆ گوندی سەرکێوەکان بۆ بۆنەی گوێزەبانەی منالان یان ژن و پیاو لێك مارە بکات، دەچێ بۆ ئاباکا، چونکی زۆری هۆگری بە پەیکەرەی مەسیحی یەحسیری ئێمەوە هەیە، بەڵام هەر خوا خۆی دەزانێ دەچێ بۆ کوێ. خەڵك لەبارەی ئەم سەفەرانە زۆر قسە دەکەن. پێیانم گوت نەمێننەوە چونکی قەشە ئێزکیل لەوانەیە هەفتەیەك، دە رۆژی پێ بچێ. کێ دەزانێ. رۆژی دواتریێ دەچوون بۆ سان خاستیۆ. یەکشەممە بوو منیش هانم دان برِۆن. دەزانن رۆژانی یەکشەممە قەشەیەك بە سۆلاناوە رێ دەکەوێ دەچێ بۆ سان خاستیۆ تا بۆنەی ((قەدراس)) (فرە پیرۆز)) بەجێ بێنێت. دەیتوانی ئەوان لە میحرابی و تێدەرێ لێك مارە بکات. تاقە شتێك ئەوان لەم دنیایەدا دەیانویست هەر ئەمە بوو، قەشەیەك کە ئەوان لێك مارە بکات. لێرە کە بمانایەوە کاتی خۆیان بە فیرۆ دەدا. هەربۆیە پێمگوتن برِۆن بۆ سان خاسیتۆ.))

((بەڵام ئەو ئاشقە و ماشقانە ئەو یەکشەممەیە نەچوون بۆ سان خاسیتۆ.))

دونیا لوپێ زمانی لە گۆکەوت، چەند جارێك لە لیتۆماو سەرپەلی روانی و گوتی: ((بەڵێ، نەچوون)) هەڵدەلەرزی و دانە چیرەی بوو.

سەرپەل سیلوا یاریدەداو گوتی: ((لەم رووەوە نەچوون بۆ سان خاسیتۆ چونکە...))

ژنە، شۆکاوانە، لەبەر خۆیەوە گوتی: ((چونکی دوانیوەرِۆی یەکشەممە کەسێك هات بە دوایاندا.)) لە چاویدا بێ ئۆقرەیی و دڵەڕاوکێ هەستی پێ دەکرا.

وڵات هێشتا تاریك نەببوو. خۆر وەك گۆیەکی ئاگرین لە درزی درەختانی ئۆکالیپتووسەوە دەبینرا، سەربانی تەنەکەیی هێندێ ماڵ تیشکی خۆری گرِگرتووی، کە خەریکبوو ئاوا دەبووە دەگەڕاندەوە. ژنە لە پەنا فێرِەکە راوەستابوو و خەریکی چێشت لێنان بوو و کاتێك ئۆتۆمبیلەکەی بینی دەستی راگرت. ئۆتۆمبێل بە شاریدا هات، رێگای ئاموتا پێی گرتەبەر، لە ناکاو هەڵدەبەزی و دادەبەزی، تەپ و تۆزێکی زۆری وە حەوا خست و یەکراست بەرەو گۆرِەپانەکە وەرِێکەوت. ئۆتۆمبیلەکە هەروا کە نزیك دەبووەوە، دونیا لوپێ، هەنگاو بە هەنگاو، چاوی لێ نەدەترووکاند.

ئاشق و ماشقەکانیش هاڕەی ئۆتۆمبیلەکان بیست و پاشان خۆیان بینی، بەڵام گوێیان پێنەدا تا ئەوەی هەروا کە هەڵدەخلیسکا لەبەردەم کڵێسا رایگرت. ئەوان وا دانیشتبوون تەواو پێکەوە بنووسێن. ((وە خاتیمەی پێ بێنن. منداڵان لاساتان دەکەنەوە، عەیب و شوورەییە، بۆچی قسان ناکەن یا گۆرانی ناڵێن؟))

سەرپەل بۆ ئەوەی مەیلی دووانی بورووژێنێت، لەبەر خۆیەوە گوتی: ((بەتایبەت ئەوەی پالۆمینۆ دەنگێکی خۆشیشی پێوەیە. زۆرتر بۆلرۆی گوتووە، وایە؟))

ژنە ئاخێکی وای لە قووڵایی ناخییەوە هەڵکێشا کە لیتۆما پێی هەڵبەزییەوە: ((هەروەتر والس و تۆندرۆش، و تەنانەت کۆماناس، یانی ئەو شتەی گۆرانیبێژەکان لەکاتی پێشبڕکێدا دەیڵێن. بەڕاستی حەشری پێدەکرد، زۆر خۆش بوو.))

سەرپەل بۆ وەبیرهێنانەوەی گوتی: ((گوتتان ئۆتۆمبیلەکە هاتە نێو ئاموتاپێیەوە و ئێوە بینیتان. ئاشقە و ماشقەکان. رایان کرد؟ خۆیان شاردەوە؟))

((کچەکە داوای لێکرد رابکەن و خۆیان بشارنەوە. تەنانەت ترساندی. پێی گوت، راکە، ئازیزەکەم، راکە، و برۆ، برۆ، راکە، برۆ، راکە، و لێرە مەمێنەوە. نامەوێ تۆ...)) نا، کەسەکەم، لەبیرت بێ تۆ ئێستا ئی منی. دووشەو پێکەوە بووینە، تۆ ژنی منی. ئێستا ئیتر کەس بۆی نییە لێکمان جیاکاتەوە. دەبێ ئەم تێکەڵاوییەمان بسەڵمێنن. من بۆ هیچ کوێ ناچم. چاوەڕێی دەبم، قسەی لەگەڵ دەکەم.))

کچە بە حوکمی غەریزە، تاسابوو، ((راکە، راکە، ئەگەر بتگرن، ئەو کات... نازانم چت بەسەدا دێنن، لێرە برۆ، من سەریان بە شتێکەوە قاڵ دەکەم، نامەوێ تۆ بکوژن، ئازیزەکەم.)) کچە هێندە ترسابوو کە دونیا لوپێس ترسا. ئەوکات دونیا لوێی ئاماژەی کرد بە ئۆتۆمبیلی تەپو تۆزەی و ئەو سێبەر ناشناسانەی کە دادەبەزین و دەچوونە نێو چوارچێوەی ئاسۆی بەتینەوەو لە جووتە گەنجەکەی پرسی: ((ئەمانە کێن؟ ئەوانە کێن خەریکە دێن؟ خوایە گیان؟ چی خەریکەی دەقەمێ؟))

سەرپەل کە بازنەی دوکەڵی لە زاری دەدایە دەرێ، گوتی: مەگین کێ خەریك بوو دەهاتن، دونیا لەوپێ؟))

((پێتان وایە، کێ بوون؟ کێ بوون جگە لە دوو کەسی هاوشێوەی ئێوە؟ سەپەل سیلوا چاوی نەدەتروکاند: ((مەبەستتان پۆلیسی ناوشارەو یان نیگابانی پایگای هێزی هەوایی تالارا؟ کام یەکەیان؟))

((هاوشێوەی ئێوە بوون. یونیفۆرمیان لەبەر دابوو. مەگین ئێوەش هەمووتان وەك یەك وانین؟))

((نەك ئەوەندەش، بەڵام قەی ناکا گوێی پێمەدە.))

لەو کاتەدا لیتۆما هەرچەندە یەکێك لە روونکردنەوەکانی دونیا لوپێی لەبەر چاو دەگرت ئەوانی بینی. لەویّ دانیشتبوون، لە ژێر سێبەر، دەست لە نێو دەست، چەند ساتێك بەر لەوەی کارەسات بقەومێت. کوڕە گەنجەکە سەری کە بە پەلکی کورت و رەش داپۆشرابوو داخستبوو، ئەو پەلکانەی کە رژابوونە سەر شانی و بە لێوەکانی گوێی کچەیان دەلاواندەوە گۆرانیی بۆ دەخوێند: ((دوو رۆح کە خودا لەم دنیایەدا پێکەوە بکاندوون، دوو رۆح، شێت و شەیدای سەکتر، کە ئێمەین، من و تۆ.)) و کچەش لەبەر تاو و تەئسیری نەرمونیانی و جوانیی دەنگەکە فرمێسك لە چاویدا قەتیس مابووەوەو هەربۆیە چاکتر دەنگی دەبیست، هەرچی دەبیّ، بابیّ و گرژی خستە نێوچاوانییەوە. لە هێڵی دەموچاوی ئەو گەنجانەدا، کە ئەڤین شیرنایی پیّ بەخشیبوون، شوێن پێی ناحەزی و لە خۆبایی بوون وەبەرچاو نەکەوت.

لیتۆما لە وەبەرچاو هێنانی ئەو ئۆتۆمبیلەی کە پیاوانی بونیفۆرم پۆش لە نێویدا دانیشتبوون هەستی بە تەنیایی و خەمباری کرد: سەرەتا هاڕە هاڕی ماتۆڕ، و پاشان دنیایەك تۆزو خۆڵی زەرد رەنگ. لە کاتی نیوەڕۆ رێگایەکی دەوراندەوری ئاموتاپچیّ تەی کرد و پاش چەند ساتێکی دڵە کەوتەهێن چەند مەتر ئەولاتری ئەو کۆخە بیّ دەرگەیەی کە ئێستا تێیدا دانیشتبوون راینگرت. ((دووکەس لە نێو ئۆتۆمبیلەکەدا دەبینران. ((لانی کەم لەو دوو رۆژەی کە ئەو گەنجە لێرەدا تێپەڕاندوویەتی هەستی بە بەختەوەری کردووە.))

((تەنها دوو کەس؟))

لیتۆما کە بینی سەرپەل بەڕاستی سەری سووڕماوە واقی وڕما، بەڵام بەپێی باوەڕێکی خورافاتی دوورە زەین، چاوی لە چاوی نەکرد.

ژنە تووڕەو بە نادڵنیاییەوە دووپاتی کردەوە: ((تەنیا دوو کەس.)) و سیلەی چاوی لەبن میچەکە بڕی، دەتگوت تێدەکۆشا بیهێنێتە بەرچاو کە لە کوێدا تووشی هەڵە هاتووە. ((کەسێکی ژیان لەگەڵ نەبوو. لە جێپەکە دابەزین و جێپەکە کەسی تێدا نەما. بەڵێ. چێپ بوو. تەنیا دوو کەس بوون، گومانم نییە مەبەستتان چییە، قوربان؟))

سەرپەل قوونە جگەرەکەی لەسەر عەرزەکە پێشێل کرد و گوتی: ((هەروا پرسیارم کرد. پێم وابوو پێکابێك کەسیان بە دوادا دەنێریّ. بەڵام ئێستا کە ئێوە دوو کەستان بینیوە. دەی، دووکەسیان ناردووە، ئیتر لەسەر قسەکانتان بەردەوام بن.))

زەرِە زەرِێکی دیکە قسەی بە دونیا لوپێ برِی. دەنگەکە لەو کەش و هەوا گەرم و بەتینەی نیوەرِۆی ئاموتاپێ دەنگی دایەوە، دەنگەکە درێژ، پرِ زیل و بەم، بەرز، پێکەنین هێن و مرۆڤ کاس کەرِ بوو. هەر کە دەنگەکە بەرزبووەوە، منداڵان کە لەسەر عەرز کایەیان دەکرد لە جێی خۆیان هەستان و هەروا کە لەبەر پێکەنین ئاو لە چاویاندا دەهاتە خوار، بە هەڵاتن یان هەڵتەك هەڵتەك چوونە دەرێ.))

لیتۆما بیری لەوە کردەوە: ((بەدوای ئەوەدان نێرەکەرەکەی بۆ بدۆزنەوە.))

سێبەری پیاو بە ساڵدا چووە کە گوتی: ((باشی؟)) سێبەری دەمانچەکە لەنێو دەستیدا نەبوو. ((زەحمەتی داوی؟ باشی؟))

لەناکاو وڵات تاریك ببوو. لە ماوەی ئەو دوو سێ چرکەیەی کە دوو پیاوەکە مەودای کورتی جێپەکە تا کۆخەکەیان برِی بوو دوانیوەرِۆ جێگای بۆ شەو چۆڵ کردبوو.

کچە گوتی: ((ئەگەر ئازاری بدەن خۆم دەکوژم.)) هاواری نەدەکرد بەڵکو پاژنەی کەوشەکانی توووند بە عەرزەوە نووساندبوو، دەستەکانی مشتاندبوو و هەروا کە چەنەگەی دەلەرزی، گوتی: ((ئەگەر دەستی لێ بوەشێنن خۆم دەکوژم. بەڵام پێشترەکەی هەموو شتێك دەڵێم. ئەوکات عالەم بێژتان لێ دەکات.))

دونیا لوپێ وەك داری بێ دەلەرایەوە. ((چی بووە، قوربان؟ ئێوە کێن؟ لێرە بە دوا چیدا دەگەرِێن؟ ئێرە مالوحاڵی منە، هەر کارێکی دەکەم پێوەندی بە خۆمەوە هەیە. من ژنێکی بەدبەخت و بێپارەم.))

ئەو سێبەرەی دەمانچەی بەدەستەوە بوو و هەرکات چاوی لە گەنجەکە دەکرد بریسکە بریسکی دەمانچەکەی چاوی بە شەوارە دەخست-سێبەرە بە ساڵداچووەکە رووی لە کچە بوو- بەرەو لای دونیا لوپێ چوو و دەمانچەکەی لەسەر نێوەرِاستی سینگە سیسەکەی دانا. ((ئێمە لێرە نەبووینە، ئێمە تەنانەت بوونمان نییە.)) ئەوکات لە حاڵێکدا لێورِێژی قین و رق بوو حوکمدەرانە گوتی: ((ئەگەر زمنات بگەرِێ مەیتەکەی لەسەر عەرز دەبینییەوە. مێشکت دەپرژێنم. تێگەیشتی؟))

دونیا لوپێ بە دەم پارِانەوەوە چۆکی دادا، چی نەدەزانی، چی تێنەدەگەیشت ((من هچیم نەکردووە، قوربان. هیچ، هیچ. ئەوەندە نەبێ رێگام داوە بە دوو منداڵ کە داوای ژووریان دەکرد. بە خاتری خودا، وای دابنێن من دایکتانم، قوربان، تەقە مەکەن ئێمە نامەوێ لێرە ئابرِوومان بچێ.))

((دەمەوێ پێم بڵێ گەنجەکە بە بەساڵاچووەکەی دەگوت، سەرهەنگ؟))

دونیا لوپیێ که هەوڵی دەداپرسیارەکان تاوتویێ بکات و زانێت داوای چی لیێ دەکەن، گوتی: ((سەرهەنگ؟ گەنجەکە به پیرەکە بڵێ، سەرهەنگ؟ لەوانەیە گوتبێتی، لەوانەشە نەیگوتبێت. خۆ لەبیرم نییە. من ژنێکی نەزانم، قوربان. من پێوەندییەکەم بەوانەوە نەبوو، به هەڵکەوت تێکەڵ بەو بەزمەیان ببووم. ئەو بابایەی دەمانچەی پیێ بوو به منی گوت ئەگەر بێت و شتێك بدرکێنم و ئەم قسانە به ئێوە بڵێم، مێشکم دەپرژێنیێ، دوایە گوللە لە زگمدا حخاڵی دەکات، و دواتریشی گوللە به نێو لینگمەوە دەنیێ. چیم لە دەست دەهات؟ دەمتوانی چی بکەم؟ مێردەکەم ئەوە مردووە، چۆتە ژێر تەراکتۆرەوە. من شەش منداڵم هەیە کە زۆر بە زەحمەت زگیانم پیێ تێر دەبیێ. وەختیێ خۆی سێزدە منداڵم بووە، خەوتیان مردوون. ئەگەر بکوژرێم ئەو شەش منداڵەش دەمرن. ئاخر، ئەوە رەوایە؟))

((ئەو بابایەی دەمانچەی پیێ بوو، ئەفسەر بوو؟ نیشانی بەسەر شانەوە بوو. میلێکی زیوین بە کڵاوەکەیەوە دوورابوو؟

لیتۆما خەریك بوو وردە وردە باوەڕی به تەلەباتی دەکرد. باڵادەستەکەی هەر ئەو پرسیارانەی دەپرسی کە بە زەینی ئەودا تێدەپەڕین. پشووی سوار ببوو و هەستی بە گێژی و وڕی دەکرد.

((نازانم باسی چی دەکەن. دەکریێ چیتر ئەشکەنجەم نەدەن؟ خەریکن هەندیێ شتی دەپرسن کە سەرەندەریان ناکەم. نیشان چییە؟ ئەوە باسی چی دەکەن؟

لیتۆما دەنگی ژنەی دەبیست بەڵام، سەرباری ئەو سێبەرە رەشهەڵگەڕاوانەی کە ئاموتاپێی داپۆشی بوو، دوو گەنجەکەی بە ئاشکرایی دەبینی. دونیا لوپیێ لەبەر دەرگەی کۆخەکە، لەبەردەم پیاوی دەمانچە بەدەستی بزۆر و شێت بوو، کەوتۆتە سەر عەرز و دەگیا. چاوە دەرپۆتیوەکانی پیاوە بە ساڵداچووەکە حوکمدەرانەو پڕ کێش ئامێز و سووك و چرووك کەرانە لە کچەیان روانیبوو و کچە سینەی کردبووە سپەر و گەنجە رەقەڵەکەی لە هێرش دەپاراست و نەیدەهێشت بکەوێتە بەردەست پیاوە یونیفۆرم پۆشەکان. لیتۆما دەیبینی کە چۆن چۆنی هاتنی بێگانە ببووە هۆی ئەوەی منداڵان، پیرو پەککەوتە و تەنانەت سەگ و بزنەکانی ئاموتاپیێ کووچە و کۆڵان چۆڵ بکەن و لەنێو ماڵەکانیاندا خۆیان بشارنەوە. هەموویان ترسی ئەوەیان هەبوو تووشیان بە تووشی ئەم سەر ئێشەیەوە بێت.

کچە دەیگوت: ((بێدەنگ بە، و زمانت خراپ نەگەڕیێ، پێدایە کێی؟ کیێ ئەم مافەی پێداوی؟)) گەنجەکەی دەپاراست، پێشی پێدەگرت، پاڵی پێوەدەنا بۆ دواوە، و نەیدەهێشت قسە

بکات. لە هەمانکاتدا هەڕەشەی لە سێبەرە بەساڵداچووەکەدەکرد، ((خۆم دەکوژم و هەمووشتێك دەدرکێنم.))

((لە دڵەوە خۆشمدەوێ، من کەسێکم حورمەتم هەیە، ژیانی خۆم دەخەمە بەر پای و بەختەوەی دەکەم.)) گەنجەکە هەرچەندە هەوڵی دەدا نەیدەتوانی کچەکە کە سینەی بۆ کردبوو بە سپەر وەلابنێت ڕوو بە ڕوویان ڕابوەستێت. سێبەری بە ساڵداچووە بە هیچ کلۆجێك ڕووی لەو نەدەکرد، بەڵکو چاوی لە کچە بڕیبوو، وەك بڵێی ئینسانێکیتر جگە لەو لە ئاموتاپێ و دنیادا بوونی نەبوو. بەڵام سێبەری دەمانچە بەدەست هەر کە گوێی لێ بوو گەنجەکە قسان دەکات بە هەڵە داوان خۆی گەیاندە سەری، دەستی بە جنێودان کردو دەمانچەکەی وا لێ رادەوەشاند وەك بڵێی دەیهەوێت کەللە سەری گەنجەکە بپرژێنێت. کچە خۆی پێوە هەڵواسی و یەخەی گرت. ئەوکات سێبەری بەساڵدا چوو بە لە خێکی و شیك و لەخۆ رادیوانەوە گوتی: ((لەسەرەخۆ بە.)) و ئەویتریان دەسبەجێ بە قسەی کرد.

((تەنیا گوتی، ئارام بە؟ یان گوتی، ئارام بە، دۆفۆ؟ یان لەوانەیە گوتبێتی، ئارام بە، سەرپەل دۆفۆ.))

ئەمە ئیتر لە تەلەباتیش بەولاوە بوو. سەرپەل ئەو پرسیارانەی دەپرسی و ڕێك ئەو وشانەی بەکاردەهێنا کە بە زەینی لیتۆمادا تێدەپەڕین. دونیا لوپێ سوێندی خوارد و وتی: ((نازانم. چ ناوێکم نەبیست. تەنیا ئەو کاتەی وێنەی ئەو بابایەم لە ڕۆژنامەی پیورادا بینی زانیم ناوی پالۆمینۆ مۆلرۆ بووە. هەر ئەوەدەمە ناسیومەوە. دڵم کوت، قوربان. خۆی بوو، هەر ئەو گەنجەی کچەی هەڵگرت و هێنای بۆ ئێرە، بۆ نێو ئاموتاپێ. بەڵام بەناوی ئەو کچەو ناوی ئەو پیاوانەی هاتن بە شوێنیاندام نەزانی. ناشمەوێ بزانم. ئەگەر دەشزانن پێمی مەڵێن. ئەمە خۆی هاوکاری کردنە، وانییە؟ لەلای من ناویان مەهێنن!))

سێبەری بە ساڵداچوو گوتی: ((تووڕە مەبە، هاوار مەکە، ئەم قسانە مەکە. هەتیوە، چۆن دەوێری خەیاڵی هەڕەشەکردن لەمن لە کەللەت دەدا؟ ئاوا بێ خۆت بە کوشت دەدەی.))

((ئەگەر ئازاری بدەن، ئەگەر بە حاڵ ئێشێکی پێ بگات، هەر من دەزانم و ئێوە!)) لە ئاسمان، لەو دیوی تەپوتۆزێکی ڕەش، سێبەرکان تاریکتر دەبوون. ئەستێرەکان دەرکەوتبوون. لە نێوان دیوارە خشتییەکان، درکە پۆلایی و پەرژینە حەیزەرانییەکانی ئاموتاپێ دا هەندێ مۆم وردە وردە دادەگیرسان.

سێبەری بەساڵداچوو گوتی: ((ئازاری بدەم؟ شتی وا هەر نابێ. من دەستی لەگەڵ لێکدەدەمەوەو لە قووڵایی دڵموە پێی دەڵێم، دەتبەخشم.)) و ئەوەی راستیش بێت دەستی بۆ لای ئەو درێژکردەوە، هەر چەندە سەرەتا دەبوایە چاوی لە روخساری بکردایە. دونیا لوپێ ئارام بووەوە. ئەوانی بینی کە دەستو مشتاقیان کرد. گەنجەکە وا هەستی ورووژابوو کە زۆر بە زەحمەت قسەی بۆ هات.

((سوێندتان بۆ دەخۆم چی لە دەستم بێت بیکەم، ئەو خۆری ژیانی منە، لە هەموو شتێك بەلامەوە بایخی زیاترە، ئەو...))

سێبەری بە ساڵاچوو حوکمدەرانە گوتی: ((جا ئێستا ئێوەش دەستو مشتاق بکەن. رق و نەفرەت لە خۆتان دووربکەنەوە. لێرەدا پلەو پایە مانای نییە، ئێوە تەنیا دوو پیاون، سێ پیاو کە گرفتەکانیان خۆیان چارەسەری دەکەن، وەك چۆن پیاوانی راستەقینە گرفتەکانیان چارەسەر دەکەن. ئێستا ئیتر خۆشحاڵی؟ ئارام بوویەوە؟ زۆر باشە. هەموو شتێك کۆتایی پێهات. وەرن با لێرە بڕۆین.))

جانتای پارەکەی خێرا لە گیرفانی و پشتەوەی پانتۆڵەکەی دەرهانی. دونیا لوپێ لە نێو دەستەکانیدا هەستی بەو پارە قاقەزییانە کرد کە بە ئارەقی لەش خووسابوون و دەنگێکی پیاوانەی بیست کە سپاسی ماندووبوونی دەکردو نەسحەتی دەکرد هەموو شتێك لەبیر خۆی بباتەوە. پاشان چاوی بە سێبەری پیاوی بە ساڵداچوو کەوت کە لە کۆخەکە چووە دەرێ و بەرەو لای جێبەکە وەڕێکەوت. بەڵام سێبەری گەنج، بەر لە چوونە دەرەوە، دیسان دەمانچەکەی لەسەر سینەی دانا. ((ئەگە قسەت لە زار بێتە دەر دەزانی چ بەڵایەکت بەسەر دادەینم. لەبیرت بێت.))

((ئەو گەنجە و کچەکەش هەروا سووك و سانا، وەك دوو بەرخۆڵە، سواری جیپەکە بوون؟ و هەموو لێتاندا و رۆیشتن؟)) بە روخساری سەرپەلدا دیاربوو باوەڕی پێ نەکردووە. لیتۆماش باوەڕی پێ نەکردبوو.))

((کەچەکە نەیدەویست بڕوات، باوەڕی پێیان نەبوو. هەوڵی دەدا بەر بە کوڕەکەش بگرێ: ((هەر لێرە دەمێنینەوە. باوەڕ بە قسەکەی مەکە.))

دەنگی پیاوی بە ساڵداچوو بی نێە جێپەکەوە دەهات کە خەریك بوو هانی دەجەن، ((باشە ئیتر، باوەڕێ کەوین. لە بیرت بێ کە ئەو سەربازێکی راکردووە. دەبێ بگەڕێتەوە. ئەم کارە دەبێ‌چ دەسبەجێ بکرێت. ئەم پەلچەرەشە دەبێ لە پێشینەی خزمەتەکەی بسڕدرێتەوە. دەبێ لە خەمی داهاتووی دابێ. وەرن با برشۆین.))

((ئەریٚ، کەسەکەم، بەڕاستیێتی، ئەو ئێمەی بەخشیوە، وەرە با بەقسەی بکەین و سوار بین. من باوەڕ بە قسەکانی دەکەم. درۆ ناکات.))

((ئەو درۆ دەکا.)) لیتۆما هەستی بەوە کرد فرمێسکێك بە گۆنایدا هاتە خوارێچ و بەرەو لێوەکانی گلۆر بووەوە. سویچر بوو، دڵۆپێك بوو لە دەریایەك. دەنگی دونیا لوپێی دەبیست، دەنگێك کە لە قووڵایی ئۆقیانووسەوە دەعات و جاروبار پرسیارەکانی سەرپەل دەیبڕی. کەم و زۆر بەم ئەنجامە گەیشت کە ئەو ئیتر باسی شتێك ناکات کە پێشتر دەربارەی ڕووداوەکە نەیگوتبێت. پاشان نفرینی لە بەختی خراپی خۆی کرد، نەیدەزانی چ بەڵایەکی بەسەردا دێت و لە کایناتی پرسی کە چ تاونێکی کردووە کە دەبیٚ تێکەڵ بە ڕووداوێکی وەها ترسناکدا بووبێت. جاروبارەش شیوەنی دەکرد. بەڵام ئیتر قسەکانی بۆ لیتۆما سەرنجڕاکێش نەبوون.

وەك بڵێی خەونێکی دیتبوو و ئێستا لە خەو ڕاپەڕیوە، چەندەها جار ئەو دوو هاوسەرە بەختەوەرەی بینی کە لە مانگی هەنگینی بەر لە زەماوەندییان لە کوچچە وێرانەکانی ئاوتاپیٚ چێژ وەردەگرن. پیاوەکە، دووڕەویەکی خەڵکی ستیلا بوو، و کچە سپی پێستێکی سەر بە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند. بەو جۆرە والسی کۆن باسی دەکات بەردێك نایەتە سەر ڕێی ئاشقان. گۆرانییە کە لەم بارەیەوە ڕاستی دەگوت: ((عیشق جیاوازییە کۆمەلایەتی و ڕەگەزییەکان و هەروەتر قەڵشتی ئابووری کە ئاشق و مەعشووقی لێك دادەبڕی لەنێو چووبوو.)) و بێگومان ئەو عیشقەی کە لە هەمبەر یەکدا هەیانبوو ئەوەندە خەشتو خۆڵ و هەوسار پچڕاو بوون کە ئەم کارانەیان کردووە. ((هیچ کات تووشی عیشقێکی لەم چەشنە نەهاتووە، تەنانەت ئەوجارەی کە عاشقی میشە بووم، ئاشقی کچی خۆسیٚ فینۆ.)) یەك، دوو جارێك ئاشق بووە، بەڵام ئەوان هەندیٚ خەون و خەیاڵی کاتی بوون کە ئەگەر ژنە ملی بۆ کەچ کردبا ئەوە کۆتایی پێدەهات و ئەگەریش خۆراگرییەکی تووندی بەرەو ڕوو دەکردەوە ئەوە تاقەتی بەسەر دەچوو و وازی لێدەهێنا. بەڵام هیچ کات عیشقی وا لە کەللەی نەداوە کە وەك پالۆمینۆ مۆلرۆ گیانی بۆ بەخت بکات، ئەو عیشقەی کە وای لە کچە کردووە ڕووبەڕووی هەموو خەڵکی دنیا ببێتەوە. بیری لەوە کردەوە: ((لەوانەیە من شایانی عیشقێکی ڕاستەقینە نەبم. لەوانەشە هۆیەکەی ئەمە بیٚ کە لەگەڵ گرووپی ئارامهەڵنەگران وەشوێن خراپەکارەکان کەوتوومە، ئەوکات دڵیشم خراپەکاری لیٚ دەرهاتووەو ئیتر وەك ئەم گەنجە ناتوانم ژنێکم خۆشبوێت.))

دەنگی تێکەڵ بە پاڕانەوەی دونیا لوپێی بیست: ((ئێستا دەبیٚ چی بکەم، قوربان؟ لانی کەم ڕێگەیەك بخەنە بەردەمم.))

سەرپەل کە ئیتر هەستا بووە سەرپا، گوتی کە چیچاو گۆشتی بەرخەکەی دەکاتە چەند. کاتێکیش ژنە گوتی، دەی لێی گەڕێن میوانی من بن، لەسەر قسەکەی خۆی پێی داگرت. گوتی لەگەڵ ئو پۆلیسە زاروویانەی کە کەڵکی نابەجێ لە دەسەڵاتی خۆیان وەردەگرن جیاوازی هەیە، جا لە کاتی دەوامدا بێت یان نا.

((لانی کەم پێمبڵێن چی بکەم.)) بەری دەستی وەك ئەوەی بیهەوێت دوعایەك بکات لەسەر یەك دانابوو. ((ئەوان دەمکوژن، رێك بەو جۆرەی ئەو بەدبەختەیان کوشت. ئاگاتان لێیە؟ نازانم روو بکەمە کوێ. یانی جێگەیەك شك نابەم رووی تێکەم. باشەمەگین ئێوە نەتانویست هاوکاریتان بکەم؟ ئێستا بڵێن من چی بکەم.))

سەرپەل صارەی خواردنەکەی لە پەنای لێوانی چیچا دانا: ((تەنیا بێدەنگ بن، دونیا لوپێ. کەس ئێوە ناکوژێ. کەس دەردی سەرتان بۆ ساز ناکات. لەسەر ژیانی ئاسایی خۆتان بەردەوام بن و ئەو شتانەی بە زارتاندا گەڕا، ئەو شتانەی گوێتان لێ بوو، ئەو شتانەی بە ئێمەتان گوت، لەبیر بەرنەوە، زۆریش قووڵی لێ مەخوێننەوە.)) وەك عادەتی هەمیشەیشی لەکاتی ماڵاواییدا، دەستی بۆ لای لەبەی کڵاوەکەی درێژکرد. لیتۆما خێرا هەستایە سەرپا و بە دوایدا چوو. لە بیری چوو ماڵاوایی لە دونیا لوپێ بکات.

کاتێك هاتنە نێو هەوای ئازادەوە و کەوتنە ژێر تیشکی خۆری داکشاو کە چیتر سێبەری حەسیری چندراو و دار حەیزەران شوێنەواریان نەمابوو دەتگوت کەوتوونەتە نێو جەهەننەمەوە. چەند چرکەیەکی پێنەچوو هەستی بەوە کرد کراسە خۆلچەمێشییەکەی خووساو سەری لە گێژەوە هات. سەرپەل سیلوا زیرەکانە هەنگاوی دەنا، لە حاڵێکدا پۆتینەکانی لیتۆما بە خێزەڵاندا رۆدەچوو و تووشی زەحمەتی دەکرد جادەی سەرەکیی پڕ پێچ و پەنایان گرتەبەرو بەرەو خاکەچۆڵێکی بەرفراوان و شارێیەکە وەڕێ کەوتن.

لە دوایین ماڵ کە تێپەڕین سەگێك لێیان وەدەرکەوت و پێیان وەڕی. کە گەیشتنە خێزەڵانەکە مارمێلکە بازدەرەکان لە نێوان بەردەکاندا دەردەکەوتن و خۆیان هەمیسان دەشاردەوە. لیتۆما وای بۆچوو کە جگە لە مارمێلك لەوانەیە لەوێ رێویش هەبێت. ئاشقەو ماشقەکان رەنگە بێت ئەو دوو رۆژەی کە لە ئامو تاپێ خۆیان حەشاردابوو گوێیان لە دەنگە دەنگیان بووە. رێوییەکان وێدەچێ شەوانە دەهاتن تا لە دەوروبەری هۆڵی بزن و کولانەی مریشکان خۆڵێك لێ بدەن. ئایا کچە بە بیستنی ئەو دەنگە دەنگە ترساوە؟ ئایا هەڵلەرزیوەو تووند ئەوی لە ئامێز گرتووە؟ ئایا گەنجەکە بە

چرپاندنی وشەی خۆش بە گوێیدا ئارامی کردۆتەوە؟ یان وا ئاوێتەی یەکتر بوون کە هەمووشتێکیان فەرامۆش کردووەو تەنانەت هیچ دەنگێکی دنیا بە گوێیان نەگەیشتووە؟

کە گەیشتە سەر شارێیەکە لیتۆما سەرتاپا خووسا بوو، وەك بڵێی بە جلوبەرگەوە خۆی خستبێتە، نێو جۆگەلە ئاوێکەوە. تەنانەت هەندێ پەڵەی گەورەی بە پانتۆڵە سەوز و کراسە کرێمییەکەی سەرپەل سیلواوە بینی. بەسەر تەوێڵیشییەوە دڵۆپە ئارەقە دیار بوو. هیچ ئۆتۆمبیلێك نەدەبینرا. سەرپەل بە نیشانەی ناچاری و رەزامەندی شانێکی بۆ هەڵتەکاند. ((دەبێ بە سەبر بین.)) پاکەتێکی ((ئینکا))ی دەرهێنا، جگەرەیەکی دا بە لیتۆما و یەکیشی بۆ خۆی داگیرساند. ماوەیەك بێدەنگ، هەروا کە لە ژێر خۆردا دەبرژان و نوقمی بیرکردنەوە بوون، چوونە ناخی تراویلکەی زەریاچەو کانی و زەریاکانی بەردەمیان لەسەر خێزەڵانی بێ کۆتایی، و جگەرەیان کێشا. یەکەم لۆری کە بەرەو تالارا دەڕۆیشت و بە پەنایاندا تێپەڕی راینەگرت، هەرچەندە بە ئاماژەی سەرو دەست دۆخی نالەبار و ناخۆشی خۆیان پێ نیشاندا.

((لە بیرمە، کۆلیژی ئەفسەریمان تەواو کردبوو، لە یەکەم مەنمووریيەتمدا فەرماندەیەکمان هەبوو کە لە هەمبەر گووکاریی لەم چەشنە تاقەتی نەدەهێنا. باڵادەست بوو و ئەگەر لە دۆخی وا داگیری دەخوارد، دەزانی چی دەکرد، لیتۆما؟ دەمانچەکەی دەردەهێناو قوونی تایەری ئەو بابایەی جوان بۆ کون دەکرد.)) سەرپەل بە دوژمنییەوە چاوی لەو لۆرییە کە خەریك بوو لەو دوورە دەستانە لە چاو ون دەبوو برشیبوو. ((تۆ پێت خۆش نییە قوون لاستیکی ئەو حەرامزادەیە بدڕێنی؟))

((بۆچی نا، جەنابی سەرپەل.))

ئەفسەر سیلوا چاوێکی لێکرد و لێی ورد بووەوە.

((ئاخری توانیت سەرلەبەری ئەو قۆڕیاتانە لە کەللەت بکەیتەدەر؟))

لیتۆما بە ئاماژەی سەر گوتی بەڵێ.

((من خۆ باوەڕ بە هەموو قسەکانی دونیا لوپێ ناکەم. نەکا هەر بەڕاستی سەرلەبەری و نێوچاوان و لاملی بە دەستەسڕەکەی کە ئیتر تەواو خووسابوو پاککردەوە.

((سەربازی ئەمە زۆر شتی بۆ گێڕاینەوە.))

((پێموا نەبوو چیرۆکەکە وای لێبێت، جەنابی سەرپەل بیرم لە زۆر شت کردبۆوە جگە لەم یەکەیان.))

((دەتەوێ بڵێی لەو بەڵایانەی کە بەسەر ئەم گەنجەیان داهێنا ئاگاداری، لیتۆما؟))

((بەڵێ، کەم و زۆر، جەنابی سەرپەل ئێوە چۆن؟))

((هێشتا نا، ئەمەش یەکێك لەو شتانەیە دەبێ فێری بیت. هیچ شتێك ئاسان نییە، لیتۆما. ئەو شتە دروستانەی کە وێدەچن زۆر دروست بن، ئەگەر لە هەموو لایەنێکەوە لێیان بڕوانی: ئەگەر لە نزیکەوە لێیان بڕوانی، یان هێندەش دروست نین یان بەگشتی نادروست و درۆن.))

((بەڵێ، لەوانەیە، بەڵام لەم حاڵەدا، پێتان وانییە مەسەلەکانی دەوروبەری ئێمە باش پێکەوە دەگونجێن؟))

((هەروەك ئێستا، هەرچەند تۆ پێتوایە من خەریکە گاڵتە دەکەم، بەڵام من تەواو قەناعەتم بەوە نەهێناوە کە سەرهەنگ میندرۆ و سەرپەل دۆفۆ ئەو بابایەیان کوشتبێت.)) لە تۆنی دەنگیدا هەست بە تانەو تەشەر نەدەکرا. ((تاقە شتێك کە لێی دڵنیام ئەمەیە کە ئەوان هەر ئەو دوو کەسە بوون کە هاتن ئاشقەو ماشقەکانیان هەڵگرتووەو بردوویانن.))

((دەتەوێ شتێك بڵێم و ئەویش ئەمەیە کە منیش بە هەندێ شت گەیشتوومە. دەزانین چۆنە؟ ئێستا دەزانم بۆچی ئەو گەنجە هاتووە لە پایگای تالارا خۆی نانووس کردووە. ویستوویەتی لە کچەکەوە نزیك بێ. کەس باوەڕ دەکا گەنجێك بێ کاری وابکات؟ واتە گەنجێك کە لە خزمەتی سەربازی مەعاف بووە بێت و بە خاتری خۆشەویستی کچێك خۆی ئامادەی خزمەتی سەربازی بکات تا لەو کچە نزیك بێتەوە کە خۆشی دەوێ؟))

سەرپەل سیلوا بە بزەوە گوتی: ((باشە ئێستا ئەم بابەتە بۆ ئەوەندە سەرسووڕماوی کردووی؟))

((ئاخ، ئەمە کارێك نییە هەموو کەس بیکات، واتە بابەتێك نییە هەموو رۆژێك رووبدات.))

سەرپەل سیلوا بە ئاماژە دەست لەو ئۆتۆمبێلەی کە خەریك بوو نزیك دەکەوتەوە تێگەیاند رابوەستێت.

((ئێستا تێدەگەی عیشق یانی چی. من ئامادەم بچمە نێو هێزی هەواییەوە، لە سوپادا ببم بە سەربازی سیفر، ببم بە قەشە، ببم بە سوپۆر، تەنانەت گووی خۆم گەربێت و ناچارم کەن بخۆم، تەنیا لەبەر ئەوەی نزیك یارم بکەومەوە، لیتۆما.))

# ٦

سەرپەل سیلوا کامێراکەی بە چاوەوە نووساند و بە دەنگێکی بەرز گوتی: ((ئەوەتانێ. نەمگوت! خەریکە دێ.)) وەك زارۆفەیەك کە بیهەوێت بە لقێکی بەرزتر بگات، ملی بردە پێشێ. خەریکە دێ. رێك وەك کەسێك کە بەڵێنی بە مەلەکەی ئینگلیز دابێت چاویان بە یەك بکەوێت و پێکەوە چا بخۆن. بەخێرهاتی، کەسەکەم، گەورەت کردین. سەرت داخە، لیتۆما، چونکی ئەگەر کەمێك روو لە ئێمە بکات دەمانبینێ.))

لیتۆما لە پشت بەردێك خۆی مات دابوو کە نیو کاتژمێر پێشتر خۆی لێ مات دابوو. ئایا ئەو هەورە تۆزەی‌س کە لەوان نزیك دەبووەوە دونیا ئادرینا بوو یان سەرپەل سیلوا ئەوەندە تامەزرۆی ئەو بوو کە لەبەر خەیاڵات چاوی رەشکەو پێشکەی دەکرد؟ سەرپەل بە چیدا دەیزانی کە دونیا ئادرینا ئێواران بۆ مەلە دێت بۆ ئێرە؟

((تۆ پیاوێکی بەختەوەری، لیتۆما، کە بۆ کەسێکی وەك من کاردەکەی...))

لەو کاتەوەی هاتبوونە ژووریێ، سەرپەل سیلوا بەردەوام وەك بولبول بۆی دەیخوێندو قسانی دەکرد، بەڵام لیتۆما زۆر کەم قسەکانی دەبیست. سەرنجی زیاتر لای قرژاڵەکان بوو تا گاڵتەکانی باڵادەستەکەی. ئەو بەشەی چەمەکە بە خاتری هەزارەها قرژاڵی نێو بانگی هەبوو. هەر کام لە کونە بچووکەکان نیشانەی بوونی قرژاڵێك بوو. لیتۆما ئەفسوونی ئەو قرژاڵانە بوو کە وەك کۆمەڵێك پەڵەی بزۆك سەریان لە کون دەردەهێنا. کاتێك دەهاتنەدەرێ، دەست و باڵیان لێك دەکێشایەوە، یان دەبوونەوەو گێژ و ور رایان دەکرد. دیار نەبوو بۆ پێشەوە دەرۆن یان بۆ پاشەوە. ((وەك حاڵوباڵی ئێمە لە بەسەرهاتی پالۆمینۆ مالرۆ.))

سەرپەل بە لیتۆمای کە دووربینەکەی دابوویە دەستی گوتی: ((ئەم شانۆیە بە کەڵکی سەربازە سیفرەکان نایات، تایبەت بە سەرپەل بەرەو ژوورە.))

لیتۆما پێکەنی، نەك لەبەر ئەوەی گاڵتەکانی سەرۆك خۆش بێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە خۆی روو ئاواڵە نیشان بدات. نارەحەت بوو و دڵە کوتەی هەبوو. ئایا هۆیەکەی بەسەرهاتی پالۆمینۆ مۆلرۆ بوو؟ ئەگەری ئەمەیان لە ئارا دابوو. لەو کاتەوەی کە کورە گەنجەی لەو کێڵگە بەردەڵانە بینیبوو کە لە قەنارەیان دابوو بۆ چرکە ساتێکیش نەیتوانیبوو ئەو لە زەینی خۆی رابماڵێت. سەرەتا وای بۆچوو بوو کە ئەگەر بێت و بکوژەکەی بدۆزنەوەو بزانن کە بۆچی کوشتوویانە لە فیکری دەچێتەدەرێ. بەڵام ئێستا بە سەرباری ئەوەی بەسەرهاتەکە کەم و زۆر روون بووبووەوە، وێنە کورە گەنجەکە شەو و رۆژ دەستی لە کۆڵ زەینی نەدەکردەوە. تۆ، ئەی هەتیوە حەرامزادەیە، ژیانت لێ کردووم بە ژەهری مار. بڕیاریدا پشوودانی دوایین رۆژانی ئەم حەوتەیە داوای ئیجازە لەسەر پەل بکات و رێگەی پیورا بگرێتەبەر. رۆژی وەرگرتنی مووچەش بوو. گرووپی ئارامهەڵنەگرانی دەدۆزییەوەو بانگهێشتی دەکردن پێکەوە لە رێستۆرانتی لاچۆنگا پێکهەڵدەن. دوایی شەوەکەی لەگەڵ خراپەکارەکانی ماڵی سەوز بەسەر دەبرد هەر ئەمانە دەبووە هۆی ئەوەی کە بەسەرهاتەکە لە مێشکی وەدەربنێت و تۆزێك بێتەوە سەرخۆ، هەرچی دەبێ بابێ.

کچەکە کە لە پشتە سەریانەوە راوەستابوو، گوتی: ((نەمردین و ئەمەشمان دی!))

لیتۆما بە پشتدا کەوت بە عەرزدا. لە هەمان کاتدا سەری وا وەرسووڕاند کە ملی رەگ بە رەگ بوو. یەکەم جار پێی وابوو دەنگی قرژاڵێکی بیستووە، نەك دەنگی کچێك.

سەرپەل سیلوا دانەوییەوە تا دووربینەکەی کە بە بیستنی دەنگی کچەکە لە دەستی بەربووبووەوە هەڵگرێتەوە. لیتۆما کە هێشتا هەر لەسەر عەرز دانیشتبوو و پێی وابوو کە، لەکاتی کەوتنیدا، سەدەفی بەتاڵی قرژاڵێکی وردو خاش کردووە، فەرماندەکەی خۆی بینی کە هێشتا نەهاتووەتەوە سەرخۆ. سەرپەل خێزی لە پانتۆڵەکەی تەکاند و سڵاوی سەربازی کرد. لیتۆما گوێی لە دەنگی بوو: ((تۆقاندنی پۆلیس لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکدا کارێکی مەترسیدارە. ئەگەری ئەوە هەبوو من بگەڕێمەوە تەقەت لێ بکەم.))

((بەجێهێنانی ئەرك؟ چاو لە ژنی خەڵك کردن بەجێهێنانی ئەکە؟))

تەنیا لەم وەختەدا بوو کە زانی ئەو کەسەی لە پشتەسەری ئەوان راوەستاوە کچی سەرهەنگ میندرۆیە. بەڵێ ئالیسیا میندرۆ لەوێ راوەستا بوو. دڵی توووند توووند لێی دەدا.

((نەك هەر بەرازن، بەڵکو لە هێزی خۆشیتان کەڵکی نابەجێ وەردەگرن. بە خۆتان دەڵێن پۆلیس؟ ئێوە لەو نازناوەی خەڵك پێی داون خراپترن.

((ئەم شوێنە کەنارییە شوێنی نیگابانی و چاوەدێرییەکی سروشتییە. ئێمە لێرەوە چاو لەو گەمییانە دەکەین کە لە ئیکوادۆرەوە باری قاچاق دەێنن.)) سەرپەل وا هەقدارانە قسانی دەکرد کە لیتۆما سەری سوورڕمابوو. ((جگە لەمە، خاتوون، ئەگەر نازانن با بزانن کە جنێودان لەلایەن خاتوونێکی وەك جەنابتانەوە حوکمە پێشکەشکردنی چەپکێ گوڵەباغی هەیە بە پیاوێك. کەواتە ئەگەر ئەم کارە حاڵتان خاستر دەکاتەوە لە سەری بەردەوام بن.))

کچە بێدەنگ ببوو و جۆرێك چاوی تێبڕیبوون کە با رق و نەفرەتی لە هەمبەر ئەوان لە کتوپڕ دامرکاوە. سەرتا بەپای تەپوتۆز و خاکو خۆڵ بوو. نەدەکرا بزاندرێ کراسی بێ قۆڵ یان پانتۆڵە جینەکەی چ رەنگێکیان هەبوو، هەردووکیان رەنگی فیزەڵانی دەوروبەرەکەیان وەخۆ گرتبوو.

لیتۆما وای بۆچوو کە کچە کزتر لەو رۆژەیە کە ئەوی لە ئۆفیسی سەرهەنگ میندرۆ بینیبوو. کە پۆی ناشیرینی کە مرۆڤەکانی بەپێی ئەو بۆنەی لێیانەوە دەهات دابەش دەکرد ئەم جارەیان تەنانەت ناشیرنیتر ببوو. دیاربوو کە ئەوان لە تاقیکردنەوەی بۆندا سەربەرز نەهاتبوونەدەر. لیتۆما لەبەر خۆیەوە گوتی کە بڵێی کچە شانزدە ساڵان بێت یان هەژدە ساڵان؟

سەرپەل سیلوا گوتی: ((خاتوونێکی جوان لە نێو ئەم هەموو قرژاڵەدا چی دەکات؟)) بە کردنی ئەم قسەیە وادیار بوو مەبەستی ئەوەبوو کە بەسەرهاتی صاو چاوێنەکە بداتە دەست فەرامۆشی. دووربینەکەی خستە نێو بەرگەکەیەوەو بەدەستەسڕ خەریکی خاوێن کردنەوەی چاویلکە دژە خۆرەکەی بوو، ((ئێرە بۆ گەڕان کەمێك لە پایگا دوور نییە؟ ئەگەر جرو جانەوەرێك لەتێك لە گۆشتتان لێ بکاتەوە چی دەکەن؟ چیتان بەسەر داهاتووە؟ پەنچەربوونە؟))

لیتۆما پاسیکلەکەی ئالیسیا میندرۆی دەبیست مەترێك خوارتر، لە لێواری شوێنی قرژاڵەکان، بینی. وەك خاوەنەکەی تەپوتۆزاوی و خاکو خۆڵاوی بوو. لە کچەی روانی و هەوڵیدا پالۆمینۆ مۆلرۆ لە پەنا کچە بهێنێتە بەرچاو. دەستی یەکتر خستبوو. نێو دەستی یەکەوەو بە حاڵەتێکی خەیاڵاوییەوە چاویان لە چاوی یەکتر بڕیبوو و شتی خۆش خۆشیان بە یەکتری دەگوت. کچە پێڵوەکانی، وەك پەپوولە، وێکنا و گوتی: ((گۆرانیم بۆ بڵێ، گۆرانییەکی خۆشم بۆ بڵێ.)) نا، نەیدەتوانی. نەیدەتوانی دوای ئەم بەشە بهێنێتە بەرچاو.

کچە لە ناکاو بە لەحنێکی تەوساوییەوە گوتی: ((باوکم دەزانێ ئێوە قسەتان لە زمانی ریکاردۆ دەرکێشاوە. سەری هەڵهێنابوو و دەیهەویست کاریگەرێتی قسەکانی لە روخساری ئەواندا بخوێنێتەوە. ((ئەو شەوەی سەرخۆش بووە کەڵکی نابەجێیان لێ وەرگرتووە.))

سەرپەل چاوی نەدەترووکاند. چاویلکە دژە هەتاوەکەی جوان لە چاو کردو لەسەر بەرزاییەکەوە دەگەڕا بەرەو خوارێ. وەك بڵێی سواری عەرەبانە سەر بەفر بووبێت، بەرەو خوارێ خلیسکا کە گەیشتە خوارێ تەپوتۆزی جلوبەرگەکەی بەدەست تەکاند.

((ناوی بچووکی سەرپەل دەفۆ بەڕاستی ریکادۆیە؟ هاوڕێکانی هێندەیان گرینگۆکان خۆشدەوێ کە ناوی ریچارەیان لەسەر داناوە.))

((شتێکیتر ئەمەیە کە باوکم دەزانێ هەستاون چوونەتە ئاموتاپێ و دونیا لوپێ-تان وەقسە هێناوە.)) کچە کورتە باڵاو وردیلە بوو و بە هیچ کلۆجێك سەرنجڕاکێش نەبوو. رەنگ و روویەکی واشی نەبوو. ئایا پالۆمینۆ مۆلرۆ لەم سۆنگەیەوە ئاشقی ببوو کە ناو و ناوبانگێکی هەبوو؟ ((بە هەموو کارەکانتان دەزانێ.))

بۆچی باسی ئەمانەی دەکرد؟ ئالیسیا میندرۆ وادیار بوو هەڕەشەی لەوان نەدەکرد، یەڵکو بە نیازبوو پێیان راببوێرێت و گاڵتەیان پێ بکات. لیتۆما لە پشتەسەری کچەوە بە زەحمەت دادەگەڕایە خوارەوە. قرژاڵەکان لە نێو قاچەکانیدا بەملاو بەولادا دەڕۆیشتن. کەس لەو دەوروبەرە نەدەبیندرا. دەروازەکان داخرابوون و لەوبەری تەلەکانەوە هیچ دەنگێك نەدەبیسترا، رێ دەچوو بەرپرسانی مەخزەنەکانی بێنزین رۆیشتبوون.

گەیشتنە لای جادەیەك کە کەنارەکەی دەگەیاندە پەرژینێك کە کۆمپانیی ناوخۆی نەوتی نێو نەتەوەیی لە تالارا جیادەکردەوە. سەرپەل پاسیکلەکەی بەرزکردەوە و بەدەستێك هەڵی گرت. هێور و لە شێوەی یەك ئەستوون دەڕۆیشتن. سەدەفی قرژاڵەکان لەژێر قاچیاندا دەنگی قرچە قرچیان دەهات.

ئالیسیا هەر بەو راوێژە پێشبینی هەڵنەگرە، واتە تووڕەیی تێکەڵ بە گاڵتەوە گوتی: ((لە پاسگا کە هاتنە دەرێ وە شوێنتان کەوتم بێ ئەوەی پێبزانن. لە پێش دەرگە دەیانویست پێشم پێبگرن، بەڵام هەڕەشەم لێ کردن، گوتم بە باوکم دەڵێم. ئەوکات هێشتیان رەت بم. تەنانەت گوێتان لە دەنگی من نەبوو. سەرلەبەری ئەو قسە پیسانەی کە کردتانم بیست، تەنانەت نەتاندەزانی کە لە پشتە سەرتانەوە راوەستاوم. ئەگەر قسەم نەکردبایە هێشتاش هەر خەریکبووم گوێتان لێ رابگرم.))

سەرپەل بە بزەیەکی لەسەرەخۆ قسەکەی سەلْماند. ئەوکات لە شەرمان سەری بۆ لای چەپ و راست راوەشاند و گوتی جێگەی خۆیەتی دەستخۆشی لێ بکات.

((پیاوان کاتێك پێکەوەن قسەی پیس پیس دەکەن. ئێمە هاتبووین بزانین باس و خەبەرچییە، هاتبووین بزانین قاچاقچی لەم دەوروبەرە هەن یان نا. جا ئێستا ئەگەر راست لەوکاتە چەند ژنێکی تالاراییی هاتوونەتە سەر رێگامان، ئیتر ئەوە تاوانی ئێمەی تێدا نییە. هەلْکەوت بووە، قسەکەم راستە، لیتۆما؟))

((بەلْێ، جەنابی سەرپەل.))

((هەر چۆنێك بێت، خاتوو میندرۆ، ئێمە لە خزمەت جەنابتداین. هەر فەمایشێکتان هەبێ تکایە بیفەرموون. نەکا واتان پێ باشترە لە ئۆفیسی ئێمەدا قسان بکەن؟ لەژێر سێبەر، ساردییەك دەخوێنەوەو خۆشتریشە. هەلْبەت، ئۆفیسی بچووکی ئێمە هێندەی ئۆفیسی باوکتان جێدار و خۆش نییە.

کچە متەقی لێوە نەهات. لیتۆما هەستی بە گەڕیانی ئارامی خوێنی سووری رەش و خەست و خۆلْی خۆی لە نێو دەمارەکان و لێدانی نەبزی دەست و لاجانگەکانی دەکرد لە دەروازەکە تێپەڕین و لوسیۆ تینۆکۆ، پۆلیسی هێزی ئاسایش، کە خەلْکی هوانکا بامیا بوو و نیگابانی دەکرد وەك هێمای رێز بۆ سەرپەل ڕاست ڕاوەستا. سێ پاسەوانی دیکەی هێزی ئەمنی نێونەتەوایەتی لەوێ نیگابانییان دەکرد. لەوەی کە دەیانبینی کچە لەگەلْ سەرپەل سیلواو لیتۆمایە واقیان وڕمابوو. ئایا لەنێو شاردا خەلْك زانیویانە کە ئەوان چوونەتە ئاموتاپێ؟ لە لیتۆما خۆ خەتایەك ڕووی نەدابوو. چونکە ئەمری بالادەستی بەجێهێناوەو لەبارەی ئامووتاپێ چ شتێکی بەکەس نەگوتووە.

بەبەردەم نەخۆشخانەی خاوێنی کۆمپانی سەوزدا تێپەڕین، پاشان بە بەردەم نشینگەی ئەفسەڕانی بەندەردا تێپەڕین، دوو مەلەوان لەوێندەرێ تفەنگ بەشاندا کڕاو، نیگابانییان دەکرد. یەکێك لەوان ئاماژەیەکی بۆ سەرپەل و کچە کرد و چاوێکی لە لیتۆما داگرت، وەك بلْێی دەیەویست بلْێ ((هەر کەسەو لەگەلْ هاوشانی خۆی)).

((سەرهەنگ میندرۆ خەبەری ئەوەی هەیە کە ئێوە هاتوون چاوتان بە ئێمە بکەوێت؟))

((ئەم قسە نەزانانەیە چییە دەیکەین؟ دیارە نازانێ.))

لیتۆما بیری لەمە کردەوە: ((هێندەی پێ ناچێ بۆنی دەکات.)) هەموو بە سەرسووڕمانەوە ئاوڕیان دەدایەوەو سەیری ئەو سێ کەسەیان دەکرد. پاشان لە بنەوە پێکەوە قسەیان دەکرد.

((هاتوونه ئێره پێیان بڵێن که جه‌نابی سه‌رهه‌نگ زانیویه‌تی ئێمه له‌گه‌ڵ سه‌رپه‌ل دۆفۆ و دونیا لوپێ قسانمان کردووه.)) چاوی له ئالیسا میندرۆ و لیتۆما، که هه‌ندێك چووبووه دواوه نه‌ده‌کرد، به‌ڵکوو ڕاست چاوی له پێشه‌وه ده‌کرد، و له هه‌مان کاتدا، کچه‌ی ده‌دی که چاوی له سه‌رپه‌ل نییه به‌ڵکوو چاوی له‌پێش خۆی بڕیوه؟

((به‌ڵێ، وایه.))

لیتۆما بیری له‌مه کرده‌وه: ((درۆ ده‌کات.)) هاتبوو چی به‌وان بڵێت؟ ئایا سه‌رهه‌نگ ئه‌وی ناردبوو؟ هه‌رچییه‌ك بوو ئه‌و نه‌یده‌توانی ڕاست و ڕاحه‌ت قسان بکات، له‌وانه‌یه وره‌ی به‌ردابوو. له‌سه‌ر ته‌وێڵی گنجێکی قووڵ ڕۆنیشتبوو، ده‌می تا نیوه کڕابووه‌وه‌و که‌پۆ بچکۆڵه‌که‌ی ئه‌و ناشیرنییه هه‌میشه‌ییه‌ی نه‌مابوو. پێستی ده‌موچاوی سپی و برژۆڵه‌کانی زۆر درێژ بوون. ئایا هه‌ر ئه‌م ناسکی وتوورتییه، هه‌ر ئه‌م ده‌ست و پێ سپیلکه‌ییه، هه‌ر ئه‌م نازدار بارهاتنه نه‌بووه که ئه‌ویان تووڕه‌و عه‌سه‌بی کردووه؟ هه‌رچییه‌ك بوو ئه‌و هاتبوو تا به‌وان بڵێت که به‌داخه‌وه ئێستاش زاری ناگه‌ڕێ.

((زۆرتان گه‌وه‌ریی نواند هه‌ستان هاتن قسه‌تان له‌گه‌ڵ کردین. به‌ڕاستی زۆر سوپاستان ده‌که‌ین؟))

بۆ ماوه‌یه‌ك له بێده‌نگیدا پێکه‌وه پیاسه‌یان کردو گوێیان بۆ ده‌نگی باڵنده‌ی ده‌ریایی و هاژه هاژی شه‌پۆله‌کانی که‌نار شلکرد. له په‌نا یه‌کێك له ماڵه دارینه‌کان چه‌ند ژنێك به وردی خه‌ریکبوون ماسییان پاك ده‌کرد. له ده‌وروبه‌ری ئه‌وان ده‌سته‌یه‌ك سه‌گ له‌کاتێکدا ده‌یانمڕاندو هه‌ڵبه‌زو دابه‌زیان ده‌کرد چاوه‌ڕێی پاشماوه‌ی ماسییه‌کان بوون، بۆنه ماسی وڵاتی داگرتبوو.

((خاتوون، پالۆمینۆ مۆلرۆ ڕه‌نگ و ڕواڵه‌تی چۆن بوو؟)) لیتۆما له بیستنی ده‌نگی خۆی سه‌ری سووڕما و ئاره‌قه‌یه‌کی سارد نیشته سه‌ر بڕبڕه‌ی پشتی. بێ تێفکرین و بێ پێشه‌کی قسانی کردبوو. نه سه‌رپه‌ل، نه کچه نه‌گه‌ڕانه‌وه چاوی لێ بکه‌ن. لیتۆما ئێستا له پشته سه‌ری ئه‌وانه‌وه ده‌ڕۆیشت و جاروبار لاقی له به‌ردو شت هه‌ڵده‌که‌وت.

((نازدارترین کوڕی دنیا بوو. فریشته‌یه‌ك بوو له ئاسمانه‌وه بۆ سه‌ر زه‌وی دابه‌زیبوو.))

کچه هه‌روا که قسه‌ی ده‌کرد ده‌نگی له سۆنگه‌ی ده‌ردو دڵته‌نگییه‌وه ده‌له‌ڕایه‌وه. بێ به‌ری له نه‌رمونیانیش بوو. کونی ده‌نگی نائاسایی بوو، کونی ده‌نگێك له نێوان بێ تاوانی و گاڵته‌جاڕی که جاروبار توێژنکی توندوتیژیشی تێدا به‌دی ده‌کرا.

کاتێك بێدەنگی لە ئەندازە بەدەر زۆری خایاند، لیتۆما ئاڕام گوتی: ((ئەمە ئەو قسەیەیە کە هەر کەسەی ئەو دەناسێ دەیکات، دەڵێن گەنجێکی زۆر نازدار بووە.))

سەرپەل پاش ماوەیەك گوتی: ((دوای کارەساتی پالۆمینۆ مۆلرۆ دڵنیام ئێوە زۆر دەردەدار بوونە، ئالیسیا خاتوون. وانییە؟.

ئالیسیا میندرۆ چی نەگوت. بەبەردەم کۆمەڵێك خانووی نیوە چێکراودا تێدەپەڕین، هەندێکیان میچی نەبوو و هەندێکیشیان دیواریان بە نیوەچڵی سازکرابوون. پیاوان، ئارەقچنیان لە بەردابوو و لە نێو تراسی ماڵەکانیان دانیشتبوون، منداڵان ڕووت و قووت گوێچکە ماسیان کۆدەکردەوە و ژنان پۆل پۆل دانیشتبوون و ملیان نابووە قسە و باس. دەنگی پێکەنینیان دەگەڕاو بۆنی ماسی وڵاتی داگرتبوو.

بۆچوونێکی تریش لە زاری لیتۆما هاتە دەرێ: ((هاوڕێکانم پێم دەڵێن جارێك من خۆم لە پیوڕا شاهیدی گۆرانی گوتنی بوومە، بەڵام هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە وەبیرم نایەتەوە. ئەوان دەڵێن لە گوتنی گۆرانی بولرۆدا پسپۆڕ بووە.))

کچە بە ڕاوەشاندنی سەری قسەی لیتۆمای سەلماند و گوتی: ((هەروەها فۆلکلۆر. گیتاریشی بە باشی لێدەدا.))

((ڕاستە، گیتاریشی باش دەژەند. دایکی، دونیا ئاسۆنتا، کە خەڵکی کاستیلە، شێتی گیتاری کوڕەکەیەتی. پێی خۆشە وەری بگرێتەوە. کەس نازانێ کێ دزیویێتی.))

ئالیسیا میندرۆ گوتی: ((لەلای منە.)) و لە ناکاو دەنگی لە گەروویدا تێك شکا، وەك بڵێی مەبەستی لەو قسەیەی کە کردبووی شتێکی تر بوو.

دیسان هەرسێکیان بێدەنگ بوون. یەکراست بەرەو ناوەندی تالاڕا دەچوون، و هەرچی زیاتر لە کۆمەڵە خانووەکان نیزیك دەبوونەوە قەرەباڵغی نێو شەقامەکان زیاتر دەبوو. لەودیوی پەرژینەکان و لەگەڕەکی پۆنتا ئارینا کە ماڵی گرینگۆکان و فەرمانبەرانی شەریکەی نێونەتەوەیی نەوتی تێدا هەڵکەوتبوو، با ئەوەی هەتاو ئاوا نەببوو، گلۆپی نێو شەقامەکان ئیتر هەڵکرابوون. گلۆپەکانی ناوچەی هێزی ئاسمانیش، لەودیوی گاشە بەردەکان، پێکرابوون. لەلایەکی خەلیج، پالاوتنگەی نەوت هێڵێکی لە دووکەڵێکی زەردی مەیلەو سووری وەهەوا خستبوو و بینا ئاسنینەکەی وەك قرژاڵێکی زل و غوول ئاسا لاقی لەنێو ئاوەکە ڕاکێشابوو.

((دایکە پیرە بەدبەختەکەی دەیگوت، هەر کە گیتارەکەی بدۆزرێتەوە، بکوژەکەیشی دەدۆزرێتەوە. ئەو خۆ ئاگاداری هیچ شتێك نەبووە. کەواتە یان لەبەر ساویلکەیی ئەم قسەیەی کردووە یان لە دڵی داوە.))

لیتۆما سەرپەلی بینی کە ڕووی لەو کرد.

کچە وتی: ((چۆن ژنێکە؟)) و ڕووی لەو کرد، لیتۆما بۆ ساتێك دەموچاوی بینی کە پیس و چڵکن، ڕەنگ پێوە نەماو، خولق خراپ و وردبینە.

((باسی دونیا ئاسۆنتا دەکەن، دایکی پالۆمینۆ مۆلرۆ؟))

کچە بە پەلە گوتی: ((چولایە یان دوورەیە؟))

لیتۆما وای هاتە بەرچاو کە خاوەن ئەمرەکەی لە قاقای پێکەنینیدا.

لیتۆما گوێی لە دەنگی خۆی بوو: ((بەڵێ، ئەو ژنێکی ئاساییە. ڕێك وەك هەموو مرۆڤێکی دەوروبەرمان، ڕێك وەك من. هەڵبەت لە چینی ئێوە و سەرهەنگ میندرۆ نییە. دەتانەویست ئەمە بزانن؟)) و لە ڤینێك کە لە هەمبەر کچە لە خۆیدا هەستی پێدەکرد سەری سوورما.

ئالیسیا میندرۆ کە دەتگوت لەگەڵ خۆی قسە دەکات بە شێوەیەکی نەرمونیانتر گوتی: ((پالۆمینۆ خۆ ڕەگەزی چولۆ نەبوو. قژی سەری زۆر نەرم بوو، تەنانەت مەیلەو رۆشن بوو. هەڵسوکەوتیشی لە پیاوانیتر باشتر بوو. کەس باوەڕی نەدەهێنا کە لە قوتابخانەی حکوومەتی خوێندوویەتی یان خەڵکی کاستیلایە. تەنیا شتێکی کە لە چولۆییەکانی نیزیك دەکردەوە ناوی بوو. ناوی دووهەمی، واتە شۆرەتی، ئیتر خراپتر، تمیستوکلیێ.))

لیتۆما دیسان واتێدەگەیشت کە باڵادەستەکەی پێکەنی، بەڵام ئەو بە هیچ کلۆجێك مەیلی ئەوەی نەبوو کە بە قسەکانی کچە پێبکەنێت. سەرسووڕماو بوو و حەزی لە کۆڵینەوە لە شتەکانی دەکرد. ئایا کچە بۆ مەرگی پالۆمینۆ بەداخ بوو یان تووڕە؟ بۆ ئەوە نەدەبوو مەزەندە بکرێت. کچی سەرهەنگ جۆرێك باسی پالۆمینۆ مۆلرۆی دەکرد وەك ئەوەی ئەو بەو تەرزە نالەبارە نەکوژراوە، وەك بڵێی هێشتا زیندووە. ئایا کەم و زۆر وەك شێتی لێ نەهاتبوو؟

سەرپەل سیلوا پرسیاری کرد: ((لە کوێ تووشی بووی؟))

گەیشتبوونە پشت کڵێسە، لای دیوارێکی سپی کە حوکمی پەردەی سینەمای گەڕۆکی تئۆتۆنیۆکایە فریاسی هەبوو. ئەوانەی دەیانەویست دابنیشن و چاو لە فیلم بکەن دەبوایە خۆیان کورسیان بهێنابا، بەڵام زۆربەی خەڵك هەڵدەترووشکان یان ڕادەکشان. شوێنی باش

دەدڕانە کەسانێك کە پێنج ریئاڵیان بدابا و هەربۆیە دەیانتوانی لەنێو بازنەی پەرژین کراودا دابنیشن و پاڵ دەنەوە. سەرپەل و لیتۆما هەمووکات بەخۆڕایی و بێ پارەدان دەچوونە ژووری. ئەوانەی پارەیان نەدەدا لەپشت مەودای پەرژین کراودا تەماشای فیلمیان دەکرد. ئەم شوێنانە شوێنی باش نەبوون و مرۆڤ بۆ تەماشاکردن ملی وەئێش دەکەوت.

زۆر کەس جێی خۆی گرتبووەوەو چاوەڕێی تاریك داهاتنی ولات بوو. دون تئۆتۆ نیۆکایە فریاس لە پشت پرۆژێکتۆرەکەی ئامادە بوو. یەك پرۆژێکتۆری زیاتر نەبوو و بەو وایەرە کاری دەکرد کە لە سووچێکی سینەما لە کارەبا دڕابوو؟ هەر ئالقەیەکی فیلم کە تەواو دەبوو ماوەیەکی پێدەچوو تا ئالقەکەیتر پڕ بێتەوە. فیلمەکان، بەم چەشنە، بەدەوری ئالقەگەلێکی زۆرەوە پێچڕابوون و هەربۆیە نمایشی فیلمەکە درێژەی دەخایاند. سەرباری ئەوە ئەم سینەمایە بێ ئەوەی ئیماکاناتێکی ئەوتۆ هەبێت هەموو کات، بەتایبەت هاوینان، دەرزیت هەلاویشتبا وەعەرد نەدەکەوت. لیتۆما بیری کردەوە: ((لەوەتی ئەم گەنجە مردووە، جارێکیش نەهاتووم بۆ سینەما.)) ئیمشەو چ فیلمێك نمایش دەکەن؟ ئەگەری زۆری هەیە فیلمێکی مەکسیکی، ئەریێ، ڕاستە، ((چەمی شاراوە)) بە بەشداری ((دۆلۆرس دل ریۆ)) و ((کلوموا دومینگز)).

((لە جێژنی لەدایکبوونی لالا مرکادو لە پیورا دیتم.)) کچە هێندە درەنگ ولامی دابۆوە، کە لیتۆما نەیدەزانی وەلامی کام پرسیار دەداتەوە. ((پارەی وەرگرتبوو لەو جێژنەدا گۆرانی بلێت، کچان هەموو دەیانگوت چەندە خۆش گۆرانی دەلێت، چ دەنگێکی خۆش، خۆی چەندە جوانە! هەر بە هیچ جۆرێك لە چولۆییەکان ناچێت. ڕاستیشیان دەگوت.))

لۆتۆما تووڕە بوو: ((سپی پێستە بۆگەنەکان!))

سەرپەل بە کچەی وت: ((هیچ کام لە گۆرانییەکانی پێشکەشی ئێوە کردووە، خاتوون؟)) لە ڕاوێژی قسەیدا ڕێز خۆی دەنواند.

لیتۆما بیری لەوە کردەوە کە بالادەستەکەی لە لێپرسینەوەدا هەر جارەو شێوازێکی جیاواز بەکاردێنێت، ئەمجارەیان ڕێز و حورمەتی لە ڕادەبەدەری پێکەوە تێکەڵ کردبوو. ((سێ لە گۆرانییەکانی، دوێشەومان پێکەوە بردە سەر، مانگەشەو و منداڵی جوان.))

لیتۆما لەبەرخۆیەوە ئەنجامگیری کرد. ((کچەکە لە حاڵی ئاسایی خۆیدا نییە. لە کەللەی داوە.)) پاسکیلی ئالیسیا میندرۆ کە سەرپەل بەدەستی چەپی بەرەو پێشی دەبرد جاروبار دەنگە دەنگی دەهات، و دەنگی بەردەوام و گوێ ئازاردەری ئەعسابی لیتۆمای تێکدابوو.

((ئێمە هەموومان نەفەر بە نەفەر لەگەڵی دەچووینە سەر سەکۆ. ئەو لەگەڵ هەر کچێك جارێك دەچووە سەر شانۆ، چونکێ ئێمە خۆمان ئەوەمان دەویست. کەس ئەم کارەی ئەوی بە ناڕاست نەدەزانی لەبەر ئەوەی، ئەو هەڵسوکەوتی ڕێك وەك ئێمە وابوو.))

لیتۆما کە بە وردبینییەوە پێی لەسەر ئەستێرەیەکی دەریایی ویشکەوەبوو دادەنا، بیری کردەوە: ((ڕێك وەك ئێمە وابوو. ئایا دەیەوێ بڵێ سەرپەل سیلوا لە خۆمانە؟ هەڵبەت باسی من هەر ناکا، چونکە من چولۆی ئەسڵم، خەڵکی مانگا چریا، شانازیشی پێوە دەکەم.)) پێڵووەکانی قورس ببوون و هەربۆیە دوانیوەڕۆی تالاری نەدەبینی کە وردە وردە جێی خۆی بۆ شەو چۆڵ دەکرد. بەڵام جەژن و باخەکەی بە ڕوونی دەدی، دۆست و دەزگیران هەموو لەو بەشە پڕ لە سپی پێستەی کەنار خیزەڵانی گەڕەکی لاچونگای شەقامی بۆنس ئایرس، لە ماڵی لالا مارکادو، کۆببوونەوە. جووتێك کوڕو کچ لەسەر شانۆ دەبینی کە لە یەك ڕامابوون و بەچاو یەکیان دەدواند: ئالیسیا میندرۆ و پالۆمینۆ مۆلرۆ. کارێکی مەحاڵ بوو، سەرباری ئەوەش، دەنگی کچەی بە ئاشکرایی دەبیست:

((گوتی ئەو کاتەی کە چاوی بەمن کەوتووە دڵی کەوتۆتە سەر من.))

تەنانەت ئێستاش لە دەنگیدا خەمێك نەدەبیندرا. خێراو بێ کەفوکوڵ قسەی دەکرد، وەك بڵێی بیهەوێ بابەتێك وەك دیکتە بە خوێندکار بڵێت. ((پێی گوتم کە هەموو کات باوەڕی بە عیشق لە یەکەم نیگادا بووەو ئێستا دەبینێ کە ئەمە وەڕاست گەڕاوە. چونکە هەر لەوێ و هەر ئەوکاتە دڵی لە هەمبەر من دۆڕاندووە. گوتی لەوانەیە من بە قسەکانی پێ بکەنم، بەڵام شتەکە تەواو ڕاستە. بەدرێژایی تەمەنی هەستێکی لەم جۆرەی نەبووە. گوتی تەنانەت ئەگەر پێی بڵێم بڕۆ گۆڕت ون بکەو وەك سەگ لەگەڵی بجووڵێمەوە، دیسان تا ئەو ڕۆژەی دەمرێ من لە دڵی خۆیدا دەهێڵێتەوە.))

لیتۆما گوتی: ((بەڵێنییەکەشی بەجێ هێنا.)) ئایا خەریك بوو دەگریا؟ نا، بەهیچ کلۆجێك؟ دەموچاوی کچەی نەدەدیت، هێشتا هەنگاوێك لە سەرپەل و کچە دواتر بوو، بەڵام دەنگی دەبیست کە لە دەنگێکی وشك، پتەو و تووڕە دەچوو. لە هەمانکاتدا دەتگوت باسی کەسێکیتر دەکات، نەك خۆی، وەك بڵێی ئەو شتەی باسی دەکرد، چ پێوەندی بەخۆیەوە نەبوو، دەتگوت چیرۆکێك دەگێڕێتەوە، کە خوێن و خوێنڕشتنی تێدا نییە.

کچە کەمێك بێدەنگ مایەوەو پاشان گوتی: ((دەیگوت دێت گۆرانی ئاشقانەم بۆ دەڵێت. ئەگەر هەموو شەوێکیش بێت گۆرانیم بۆ بڵێت منیش دڵم دەچێتە سەری. جیرەجیری پاسکیل

لیتۆمای تووشی دڵەڕاوکەیەکی ناخۆش دەکرد، چاوەڕێی جیڕە جیڕەکە دەماو کە دەنگی لێ هەڵدەستا، ئارەقێکی سارد سەرلەبەری گیانی دادەگرت. قسەکانی سەرپەل لە چاوی ئەودا وەك جریوەی باڵندەیەکی چکۆڵە وابوو کە لەسەر شانی ئالیسیا میندرۆ نیشتبێت و بچریکێنێت:

((بەڕاستی ئەم شتانە ڕوویاندا؟ تۆ بڵێی ئەم ڕووداوانە هاتبێتنە پێش؟ بەڕاستی ئەو هاتە بەردەرگای ئێوە، بۆ پێگەی هێزی ئاسمانی پیوڕا، گۆرانی بۆ تۆ گوت؟ تۆش دڵت چووە سەری؟)).

((نازانم.))

((دەڵێ نازانم. باشە چۆن شتی وا دەبێت؟)) لیتۆما لە نێو بیرەوەریی خۆیدا بەدوای ئەوکاتەدا گەڕا کە بەڕاستی ئاشق ببوو. کچی خۆسە فینۆ بوو. هەر ئەو کچە سپیکەڵانەیەی کە ڕوخساری لە پەیکەرە دەچوو و هیچ کات نەیوێرا پێی بڵێ خۆشی دەوێ. چۆن دەکرێ پیاو نەزانێ کە ئاشق بووە؟ پیاو تا چەند دەتوانێ نەزان و ناحاڵی بێت؟ ئایا ئەمە واتای نییە پیاوێکی وا کای لە کەللەدا بووە؟ یان نەکا خۆی لە گێلی دەدات، بۆ ئەوەی ئەوان بێزار بکات. لەوانەیە سەرهەنگ فێری ئەوەی کردووە بەمجۆرە هەڵسوکەوت بکات؟ تێنەدەگەیشت.

((بەڵام پێدەچوو پالۆمینۆ مۆلرۆ دەهات بۆ پێگەی هێزی ئاسمانی گۆرانیت بۆ بڵێت؟ هەندێجار نەدەهات؟))

((هەموو شەو دەهات. لە شەوی دوای جێژنی لالا مرکادۆوە دەستی پێکرد. تەنانەت شەوێکیش هەڵنەکەوت نەیات.))

سەرپەل دەستی کردەوە بە جریوەجریو: ((ڕای باوکت چ بوو، لەسەر ئەو گۆرانییانە؟ هەڵدەکەوت پێی بزانێ؟))

((باوکم دەیزانی ئەو گۆرانیم بۆ دەڵێ، خۆ کەڕ نەبوو، دەیبیست.)) لیتۆما هەستی دەکرد کە ئالیسیا میندرۆ دوو دڵە، وەك بڵێی دەیەویست شتێك بدرکێنێ، بەڵام ڕێگای بەخۆی نەدەدا.

((ڕای چی بوو؟))

کچە بەشێوەیەکی زۆر جیدی گوتی: ((وای دەزانی من بۆ پالۆمینۆ مۆلرۆ کەسێکی گرینگم، حوکمی مەلەکەی بەریتانیام هەیە. کاتێك ئەمەم بە پالیتۆ گوت: گوتی باوکت هەڵە دەکات، تۆ لە مەلەکەی بەریتانیاش بۆ من گرینگتری. تۆ وەك مریەمی پاکیزەی بۆ من.))

لیتۆما بۆ جاری سێیەم دڵنیا بوو کە گوێی لە پێکەنینی گاڵتەجاڕانەی سەرپەل سیلوا بووە. ((پالیتۆ؟ کاتێك ویستوویەتی خۆمانە بانگی بکات، پێی گوتووە پالیتۆ؟ واتە ئەوەی پالیتۆ

ناوێکی خۆمانە بووە، لە کاتێکدا پالومینۆ تمیستۆ کلێ ناوی چڕلۆیین. ئەم سپی پێستانە چ کەسانێکی پڕ پێچو پەناو سەگبابن.))

گەیشتبوونە دایرەی پۆلیس. ڕامیرۆ ماتلە، عەسکەری پاسەوان کە خەڵکی چیکلایۆ بوو، شوێنی پاسەوانی خۆی جێهێشتبوو و دەرگای دایرەی داخستبوو. سەرپەل سیلوا پاسکیلەکەی بە دەرگاکەوە نا، تا دەرگاکە دانەخرێتەوە.

سەرپەل بە نیشانەی ڕێز سەری دانەواندو گوتی: ((فەرمووە ژووریٚ. کەمێك بحەسێوە. گلاسێك سۆداو فینجانە قاوەیەکمان هەیە، بیدەینە خزمەتت. فەرموو وەرە ژووریٚ.))

شەو بەسەرداهاتبوو. ئەو کاتەی لیتۆماو سەرپەل سیلوا چرا نەوتییەکەیان پێداکرد لێك هەڵدەئەنگووتن، وێکدەکەوتن،و جاروبار خۆیان بە کەلوپەلی نێو دایرەکەدا دەدا. کچەکە بێدەنگو هێمن نزیك دەرگاکە ڕاوەستابوو. نا، فرمێسکێك لە چاویدا بەدی نەدەکرا. لیتۆما لەشی لەڕو لاوازی ئەوی دەبینی کە لە پێش تابلۆی ڕاگەیاندن، کە ڕاپۆرت و ئەمرەکانی ئەو ڕۆژەی لێدرابوو، ڕاوەستاوەو بیر لە پالۆمینۆ مۆلرۆ دەکاتەوە. ترس هەڵیگرت. ((ئەگەر ئەم بەلایە بەسەرمندا هاتبایە، چم لیٚ دەهات!)) ئایا ئەم بوونەوەرە گچکەو بیٚجوولەیەی ئەویٚ هەموو بەسەرهاتەکانی پالۆمینۆ مۆلرۆیان بۆ دەگێڕێتەوە؟ لیتۆما چاوی لیٚ نەدەترووکاند، بەلام لە هەمان کاتدا دەتگوت کچە لەویٚ نەبوو و هیچی نەگوتبوو، وەك بلێی سەرلەبەری ئەو قسەو باسانە هەڵقولاوی خەون و خەیاڵ بوونە.

سەرپەل سیلوا کە خەریك بوو هیتەرێکی سەفەری، کە هەمیشە کترییەك پڕ لە ئاوی لەسەر بوو، پیٚ دەکرد، گوتی: ((هیوادارم ئەم گەڕانە بچکۆلانەیەمان تۆی شەکەت نەکردبێت. کورسییەك بۆ خاتوون بێنە، لیتۆما.))

ئالیسیا میندرۆ لەسەر لێواری کورسییەکە دانیشت، پشتی لە دەرگاو چراکە بوو. نیوەی ڕوخساری لە تاریکاییدا بوو و نیوەکەی تری لە ڕۆشناییەکی مەیلەو زەرددا بوو. لەم حاڵەتەدا زیاتر شێوەی منداڵی دەدا. لە یەکێك لە ماڵە دراوسێکان خەریك بوون شتێکیان سوور دەکردەوە. لە دوورە دەست بابایەکی سەرخۆش شتێکی دەربارەی شاری پایتا بە گۆرانی دەچڕاند.

((چاوەڕێی چی هەی، لیتۆما؟ سۆدایەك بۆ خاتوو بێتە.))

لیتۆما خێرا بوتلێکی پاتسۆرینای لەنێو دەبەیەك کە بوتڵە سۆداکانیان تیٚ دەخست تا سارد بن، دەرهێنا. سەری بوتڵەکەی کردەوەو دایە دەست کچەو وەك داوای لێبوردن گوتی: ((بەداخەوە فینجانمان نییە. دەبیٚ هەر لە بوتڵەکەدا بیخۆنەوە.))

کچە بوتڵی پاتسۆرینای وەرگرت و وەك داهۆڵ بردی بۆ دەمی. ئایا وەك مرۆڤی شێت و شوور دەچوو یان شتێك ئازاری دەدا و نەیدەویست ئاشکرای بکات؟ ئایا لەو سۆنگەیەوە هەڵسوکەوتی هێندە سەیرو سەمەرە بوو کە هەوڵی دەدا شتێك بشارێتەوە؟ لیتۆما وای بیر لێکردەوە کە ئەو کچە وەك کەسێك بێت هیپنۆتیزم کرابێت. دەتگوت ئالیسیا نەیدەزانی لەوێ لای ئەوان دانیشتووە، نەیدەزانی بۆچی ئەم قسانەی بۆ ئەوان باسکردووە. لیتۆما لەوەی دەیبینی کچە ئەو هەمووە جیدییە، ئەوەندە نوقمی فیکر و خەیاڵی خۆیەتی و ناجووڵێت نیگەران و نارەحەت بوو. تەنانەت ترسا. ئەگەر بێت و هەر ئائێستا سەرهەنگ بە سەیارەیەك بگاتە سەریان و لەبەر ئەوەی کچەکەیان دوواندووە لێیان توورە بێت چییان دەکرد؟

سەرپەل گوتی: ((فەرموو، قاوەیەکیش بخۆنەوە)) فینجانی گچکەی قاوەی خێرای دایە دەستی کچە. ((شەکریشیان دەوێ؟ کەوچکێك یان دوو کەوچك؟))

کچە لەناکاو پرسی: ((باوکم چی لێ دەقەومێ؟)) لە دەنگیدا ترس بەدی نەدەکرا، تەنیا تۆزێك توورەیی تێدا هەست پێدەکرا. ((دەیخەنە زیندان؟ دەیکوژن؟))

کچە فینجانەکەی لەسەر مێزەکە دانابوو، سەرپەل هەڵیگرت و قومێکی دوور و درێژی لێ خوارد، لیتۆما چاوی لەو کرد کە لەسەر لێواری مێزەکەی دانیشت. لە دەرەوە پیاوی سەرخۆش هێشتا هەر ئەو توورەهاتەی بە گۆرانی دەگوتەوە. سفرە ماسی مەترسیداری خەلیجی پایتا بە پێیەوە دابوو و ئەو بە دوای ژنێکی دڵسۆزدا دەگەڕا تا ژەهرەکەی بۆ هەڵمژێت.

سەرپەل سیلوا گوتی: ((هیچ بەڵایەك بەسەر باوکتدا نایات. بۆ دەبێ لێی بقەومێ؟ کەس کاری بەکاری ئەو نییە. خۆتی بۆ پەرۆش مەکە، ئالیسیا خاتوون. دڵنیای قاوە ناخۆیەوە؟ ئەم فینجانە وادیارە من خواردمەوە. هەر ئێستا فینجانێکی ترت بۆ گاز دەکەم.))

((ئەوەی فرتوفێڵ بێت و لەنێو کتێباندا نووسرابێت دەیزانێ. پیاوی لاڵ بەقسە دێنێ.)) لیتۆما هێمنانە خۆی تا بن دیوار کێشابوویە دواوە. لەوێوە نیوەڕوخساری لەڕو لاوازو ڕاستی کچەی دەبینیو هەروەتر لووتی چکۆڵەو قورسو قایمی کە هێزی لێکجیاکردنەوەی ئەو دەهاتە ئەژمار. لیتۆما لەناکاو لە تێڕوانینی پالۆمینۆ تێگەیشت: کچە جوان نەبوو بەڵام شتێك لە ڕوخساریدا بوو کە ئەوی جوانکیلە و پڕ ڕازو ڕەمز دەهێنایە بەرچاو، شتێك کە دەیتوانی پیاوێکی پێ شێت بکرێ. ئاگری هەستی سەیرو سەمەرەو دژ بە یەکی لە دەروونی هەڵاییسا. حەزی لێ بوو سەرپەل لەو ڕازە ئاگاداربێت کە ئەو پێی زانیبوو و کچە وا لێ بکات ئەوەی دەیزانێ بیلێێت. بەڵام لە هەمان کاتدا، بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانێ، لەوەی ئەم منداڵە سڕ و

تڕی خۆی ئاشکرا بکات نارەحەتی بوو، وەك ئەوە وابوو کە ئالیسیا میندرۆ خەریك بوو دەکەوتە داوێکەوە. پێی خۆش بوو ڕزگاری بکات. ئایا بەڕاستی کچە شێت ببوو؟

((لەم نێوانەدا، ئەوەی لەوانەیە تووشی نارەحەتیو دەردەسەری بووە ئاشقی بەخیلە.)) سەرپەل لە باسکردنی ئەم بابەتە هەروا بە داخ بوو. ((مەبەستم ڕیکارد و دوفووە. باسی ریچاردۆ دەکەن. هەڵبەت بە خێلایەتی هەر ئەو شتەیە کە ئەو قازیيانەی سەرنج دەدەنە هەستو نەستی خەڵك پێی دەڵێن حاڵەتەکانی سووك کردنەوە. من خۆشم لەسەر ئەو باوەڕەم کە بەخیلایەتی شتێکی کە دەبێ ببێتە هۆی سووك کردنەوەی ڕادەی سزا. ئەگەر پیاوێك بەڕاستی ژنێکی خۆشبوێت، بەخیلی دەکات. من ئەمە دەزانم، چونکە دەزانم عەشق چییەو من خۆم پیاوێکی بەخیلم. بە خیلایەتی فیکرو مێشکی مرۆڤ تێکدەدات، ناهێڵی مرۆڤ باش بیربکاتەوە. ڕێك وەك ئەوە وایە پیاو خواردبێتییەوە. ئەگەر هاوڕێی کوڕت ئەوە بسەلمێنێ کە ئەو بەڵایەی بەسەری پالۆمینۆ مۆلرۆی هێناوە لەبەر شێتی بووە-ئەمە خاڵێکی گرینگە، خاتوون، لەبیرت بێ، دەبێ بڵێ تووشی شێتی هاتووە- لەم حاڵەتەدا ئەوان لەوانەیە بڵێن ئەو بەرپرسی کاروکردەوەی نەبووە. بە تۆزێك بەخت و مەحامییەکی باش کارەکە لەوانەیە لێرەدا کۆتایی پێ بێت. کەواتە پێویست ناکات بۆ هاوڕێکەتان بە پەرۆش بن، خاتوو میندرۆ.))

فینجانەکەی بۆ دەمی بردو پاشماوەکەی هەڵقوڕاند. شوێنی هێڵی کڵاوەکە هێشتا بەنێو چاوانییەوە دیاربوو و لیتۆما چاوەکانی کە لە پشت چاویلکەی دژەهەتاو شاردڕابووەوە نەدەبینی. تەنیا شتێك کە دەیبینی سمێڵی باریك، دەم و چەنەگە بوو. جارێك لیتۆما لێی پرسیبوو: ((بۆچی هیچ کات، تەنانەت بە تاریکایی شەویش، چاویلکەتان هەر لەچاو دایە، جەنابی سەرپەل؟)) ئەویش بە گاڵتەجاڕانە وەڵامی دابۆوە: ((چونکە دەمەوێ فشە بە خەڵك بکەم.))

((من خەمی ئەوم نییە. هەر ناومەوێ سەروسەکوتیشی ببینم. پێمخۆشە خراپترین بەڵاو ناخۆشی بەسەردابێت. من ئەم شتەی هەمیشە لەبەردەمی خۆی پێی دەڵێم. جارێکیان چوو دەمانچەکەی هێنا. پێی گوتم، تەنیا پەلەپیتکەکەی ببزوێنە. ئێستا بیگرە. تۆ ئەگەر هێندە لەمن بێزاری، کەواتە من مافی خۆمە بمرم. دە زووکە دەی، بمکوژە.))

بێدەنگییەکی دوورودرێژ بەسەر کەشەکەدا زاڵ بوو، کە تەنیا قرچە قرچی ڕۆنی نێو تاوەی دراوسێ و فلتە فلتی بابای مەستو سەرخۆش تێکیان دەشکاند. پیاوە سەرخۆشەکە دواجار گوتی کە چونکە لەم دەوروبەرە کەس ئەوی خۆش ناوێ دەچێتو سەرو سۆراغی ژنێکی لەشفرۆش دەکات لە ئاباکا تا برینەکەی سارێژ بکات و ئیتر ڕۆی.

((بەڵام من دەزانم تۆ ئەو مرۆڤە بێ بەزەییە نیت کە بتەوێ کەسێك بکوژی.))

ئالیسیا میندرۆ کە لەبەر تووڕەیی زۆر چەنەگەی دەلەرزی و چاوی زەق ببوونەوە، گوتی: ((خۆتان لەمن گێل مەکەن. پێتان وایە منیش وەك ئێوە گێلم. من ئێستا کچێکی عازەبم.))

((بمبوورە، شتێکم هەروا بە زار داهات. لە ڕاستیدا، ئەو قسەیەی تۆ کردت بووە هۆی ئەوەی بیرم بچێت بۆ شوێنیکیتر. بەڕاستمە.

لیتۆما گوێی لە دەنگی خۆی بوو: ((کەواتە نازانی ئاشقی پالۆمینۆ مۆلرۆ بوون یان نا. تاقە تۆزێکیش خۆشتان نەویستووە، تاقە تۆزێك؟))

کچە بەخێرایی گوتی: ((زۆر زیاتر لە تۆزێك.)) ئەمجارەش ڕووی نەکردە لای سەربازی پلە سفر. هێمن و ئارام بوو و تووڕەییەکەی هەر بەو خێراییەی کە هاتبوو ڕەویبووەوە. چاوی لەبەردەم خۆی بڕیبوو. ((من پالیتۆم زۆر خۆشدەویست. ئەگەر لە ئاموتاپێ قەشە بوایە، ئێمە زەماوەندمان دەکرد. ئەو شتەی ئێوە پێی دەڵێن ئاشق بوون بێزاری دێنی، و ئەو شتەی ئێمە هەمانبوو جوان بوو. ئێوەش خۆتان لە گێلی دەدەن؟))

((ئاخر ئەم پرسیارەی تۆ دەیکەی، لیتۆما؟)) لیتۆما بە دەنگ و ڕاوێژی سەرپەلدا زانی کە ئەو نایهەوێ لۆمەی بکات، و ئەم قسەیە بەشێکە لە پلانی ئەو کە کچە وەقسە بێنێ. ((پێت وایە ئەگەر ئەم خاتوونە پالۆمینۆی خۆش نەویستبا، بەدووی دەکەوت؟ یان نەکا پێت وابێ خاتوونی دزیوە؟))

ئالیسیا میندرۆ چ قسەی نەکرد. وردە وردە مێشوولەیەکی زێتر لە دەوری گڵۆپە نەوتییەکە کۆبوونەوە. ئێستا گوێیان لە هاژە هاژی سەرکردنی ئاوی دەریا بوو. ماسیگرەکان پێدەچوو تۆڕو تەڵەی خۆیان لە ئاو خستبێت. دون ماتیاس کرکوتیو و دوو هاوکارەکەی پێدەچوو ئێستا شێری تالاڕایان بەرەو شەپۆلی کەناراِن دەبرد یان بە سەوڵ لێدان لە بەندەرەکان دوور دەکەوتنەوە. حەزی دەکرد ئێستا لەوێندەر، لای ئەوان بوایە و گوێی بەم قسانە ڕانەدەداشت. سەرباری ئەوە گوێی لە دەنگی خۆی بوو: ((دەربارەی ئەو هاوڕێ کوڕەی ترتان دەڵێن چی، خاتوون؟)) هەروا کە قسەی دەکرد هەستی دەکرد بەسەر پەتێکدا دەڕوات کە لە بەرزاییەکی زۆر بەرزیشدایە.

سەرپەل قسەکەی ڕاست کردەوە: ((دڵنیام مەبەستت هاوڕێ کوڕە ڕەسمییەکەی خاتوو میندرۆیە.)) ئەوجا ڕووی کردە کچە و بەهێوری پێی گوت: ((چونکە کاتێك دڵت چووە سەر پالۆمینۆ مۆلرۆ، من وای بۆ دەچم کە سەرپەل دۆفو وەك جۆرە پەردەیەك بووە کە لە پشتییەوە خۆت حەشار بدەی و ڕواڵەتی شتەکان بپارێزی. ڕاستەقینەی شتەکان ئەوەیە، وایە؟))

((وایە.))

((چونکە ویستووتە باوکت ئاگاداری هۆگری و خۆشەویستیی تۆ بۆ پالۆمینۆ مۆلرۆ نەبێت. دیارە باوکت لەوەی کچەکەی فرۆکەوانێکی ئاسایی خۆشبوێ زۆر خۆشحاڵ نەدەبوو.))

فڕەفڕ و ویزەویزی مێشوولەکان کە خۆیان بە گڵۆپەکاندا دەدا لیتۆمای تووڕە دەکرد هەروەك چۆن پێشتر جیڕەجیڕی پاسکیلەکە تووڕەی کردبوو.

((ئەویش ناوی خۆی لە هێزی عەسکەریدا تۆمارکرد تا لێت نزیك بێتەوە؟)) لیتۆما زانی ئەمجارەیان سەرپەل بەڕاستییەتی پڕ بوو لە هەستی بەزەیی بۆ کوڕە گەنجەکە. ئەو لەم کچە نیمچە شێتەدا چی بینیبوو کە هۆگری چارەنووسەکەی ببوو؟ سەر بە بنەماڵەیەکی خانەدان و بەنێوبانگ بوو؟ سپی پێست بوو؟ یان چونکە خێرا ڕەنگی دەگۆڕاو لە چەند چرکەیەکدا تووڕەییەکەی دەبوو بە گوێپێنەدان، بۆی ببوو بە کەسێکی سەرنجڕاکێش؟

سەرپەل هەروا کە جگەرەکەی دادەگیرساند، وەك بڵێی بەدەنگی بەرز بیربکاتەوە، گوتی: ((ئەو بەخیلە دایك واوا لێکراوە لە هیچ کام لەم بابەتانە تێنەدەگەیشت. بەڵام کاتێکیش پێی زانی شێت و هار بوو. باسەکە ئەمەیە: ئیرادەی بەدەستی خۆی نەما. دەستی دایە کارێك کە پێی وابوو دەبوایە ئەنجامی بدا، دواتر، هەروا کە لە ترسان شێت ببوو و لەو شتەی کە ڕووی دابوو پەشیمان بوو، هاتە لای تۆ. جا هەروا کە فرمێسك بە چاویدا دەهاتە خوارێ پێی گوتی، ئالیسیا، من پیاوم کوشتووە، من ئەو فڕۆکەوانەم کە ڕەدووی کەوتی ئەشکەنجەداو کوشت. جا ئەوجار تۆ دانت بەوە داناوە کە هیچ کات خۆشتنەویستووەو لێی بێزار بووی. دوایی ئەو دەمانچەکەی داوەتە دەستت و گوتوویەتی، بمکوژە. بەڵام تۆ کاری وات نەکردووە. جاری یەکەم کە فریوتدا، دواتریش خۆی ئەو بەڵایەی بەسەرخۆی داهێنا. گرینگتر لەسەر لەبەری ئەمانە، جەنابی سەرهەنگیش ڕێگا نادا تۆ ببینیێ. چونکە ئەو زاوایەی کە پیاوی کوشتبێت وەك چولوییەکە کە خەڵکی کاستیل بێت، ڕێك وەك فڕۆکەوانێکی ئاسایی. بەدبەخت ڕیچاردی بەخیل! دەی وێدەچێ بەسەرهاتەکە بەم شێوەیە بێت کە بۆم باسکردن. لە شوێنێکدا هەڵەم کرد، خاتوون؟))

((ها! ها! هەمووی هەڵەیە.))

((دەزانم. من بە ئەنقەست وام گێڕایەوە. ئێستا تۆ ڕووداوەکە بەو شێوەیەی کە ڕووی داوە بگێڕەوە.))

((ئەو کەسەی دەمانچەی هێناو گوتی بیکوژم باوکم بوو. ئێستا چی لێ دەکەن؟))

سەرپەل سیلوا، وەك بڵێی خەریکە دەخنکێ، بە زمان گیراوییەوە گوتی: ((هیچ کەس کاری پێی نەداوە.))

((کەواتە دادپەروەرییەك لە ئارادا نییە. دەبێ بیگرن بیخەنە زیندانەوە. بیکوژن. بەڵام کەس ناوێرێ. ئەرێ، کێ دەوێرێ؟))

لیتۆما سەری سوورمابوو. هەستی دەکرد سەرپەلیش ماسوولکەکانی گیرابوون و وەك بڵێی هاواری هەناوی زەویی بەر لە بوومەلەرزە بیستبێت کەوتبووە هەناسەبڕکێ.

کچە کە جارێکیتر تۆنی دەنگی گۆڕابوو و چیتر لە ڕووی هەستەوە نەدەدوا، وەك بڵێی لەگەڵ هاوڕێی خۆی قسان بکات، گوتی: ((پێم خۆشە شتێکی گەرم بخۆمەوە. ئەگەر شتێکی ترتان نەبێت، پێم خراپ نییە هەر هەمان قاوەکە بخۆمەوە. هەست دەکەم سەرمامە.))

سەرپەل لەدەمی دەرپەڕی: ((هۆیەکەی ئەوەیە هەوا ساردە.)) جا ئەوجار بە ئاماژەی سەرو ئاماژەی زیادیی تر گوتی: ((ساردە، بەڕاستی، بەڕاستی ساردە.))

ماوەیەك بێدەنگ ما، دواجار لەجێ هەستاو بەرەو لای هیتەرەکە چوو. لیتۆما ئەوی دەبینی کە لە هەڵسوکەوتەو جوڵەیدا تا چەندە دەستوپێ سپیلکەو قوون قورسەو وەك کەسێکی سەرخۆش بە ڕێگادا دەڕوات. ئێستا ئەوە ئەو بوو کە سەری سوورمابوو لەو شتانەی کە بیستبووی واقی وڕمابوو. لیتۆما خۆی کۆکردەوەو بیری لەوە دەکردەوە کە چ شتێك بیری ئەوی داگیرکردووە. مانای چییە کە کەسێك ئاشق بوون بەشتێکی قێزەون بزانێ، بەڵام ئاشقی لیتۆما مۆلرۆ بووبێت؟ ئەمە چ دیاردەیەکی سەیرو سەمەرەیە کە ئاشق بوون قێزەون بێت، بەڵام خۆشویستن نەبێت؟ لیتۆماش هەستی دەکرد سەرمایەتی. چەندە چێژبەخش بوو کە فینجانێك قاوەی گەرمیان دەدایە دەست، وەك ئەو فینجانەی کە سەرپەل بۆ کچەی دروست کردووە! لیتۆما، لەژێر ڕووناکایی تیشکی مەیلەو سەوزی گڵۆپەکە، سەرپەلی دەبینی کە چەندە بە کاوەخۆ ئاوی تێدەکرد، چ بە ئارامی قاوەی خێراو شەکری لێکدەدا. دەتگوت دڵنیا نەبوو کە قامکەکانی دەستی ئەمری ئەو بەجێبێنن. هەروا کە بە هەردووك دەستی فینجانەکەی گرتبوو بەرەو لای کچە چوو و فینجانەکەی دایە دەست ئەو. ئالیسیا میندرۆ دەسبەجێ فینجانەکەی بە لێوییەوە ناو هەڵی قوراند. سەری هەڵهات. لیتۆما لەژێر ڕووناکایی تیشکی کەمهێزو لەرزۆکدا، چاوە وشکو ڕەشو جیدیو بەساڵاچووەکانی ئەوی لە ڕوخساری ناسکو منداڵانەی ئەودا بینی.

سەرپەل لەبەر خۆیەوە گوتی: ((کەواتە...)) هێندە هێورو هێواش گوتبووی کە لیتۆما بە ئاستەم دەنگی بیست. سەرپەل دیسان لەسەر لێواری مێزی نووسینەکەی دانیشتبوو، لاقێکی

لەسەر تەختایی ژوورەکە بوو و لاقێکیتری ئاوێزان بوو. ماوەیەك بێدەنگ ماو پاشان بە دەنگێکی ترسنۆکانە گوتی: ((کەواتە، ئەو کەسەی کە تۆ رقت لێی بووە، کەسێك کە هیواردار بووی سزای کارەکانی ببینیٚ، سەرپەل دوخۆ نەبووە بەڵکوو...)) نەیوێرا قسەکەی تەواو بکات. لیتۆما کچەی بینی کە بێ دوو دڵی سەری ڕاوەشاند.

((ئەو، وەك سەگ، بە عەرزدا دەکەوێتو پای من ماچ دەکات. دەڵێ ئەڤین سنوور ناناسێ. خەڵك تێناگەن. دەڵێن خوێن بە خوێن پاك دەبێتەوە. عیشق چاوی کوێرە، چ شتێك ناتوانێ پێشی پێ بگرێ. کاتێك ئەم قسانە دەکات، کاتێك ئەم کارانە دەکات، کاتێك دەگریو داوام لێ دەکات لێی خۆش بم، زیاتر لێی بێزار دەبم. تەنیا پێمخۆشە خراپترین بەڵای دنیای بەسەردا بێت.))

دەنگی ڕادیۆیەك کە هەتا ئاخر ڕادە پڕ دەنگیان کردبوو، دەنگی کچەی بێدەنگ کرد. پێشکەشکار بێ پشوودان قسەی دەکرد، ئاەو نالەی تێکەڵ بە هاژەهاژی ڕادیۆکە دەبوو. لیتۆما وشەیەکیش لە قسەکانی تێنەدەگەیشت. پاشان دەنگی ئێل بوتیٚ، گۆرانی بەناوبانگ، قسەکانی پێشکەکاری بزر کرد، ئەو گۆرانییەی کە جێگەی گۆرانیی ئوئاراچای لەنێو خەڵکی تالارا گرتبووەوە:

بڕوانە لەو چاو جوانانە
لەو سەری شەقام
کەبێ گوێ پێدان لەگەڵ من ڕاوەستان و
ڕۆژێك دواجار...

لیتۆما لە گۆرانیبێژەکە توورە بوو، لەو کەسەی ڕادیۆکەی پێکردبوو، توورە بوو، لە گۆرانیی ئێل بۆتیٚ توورە بوو، تەنانەت لە خۆیشی توورە بوو. ((کەواتە بۆیە بێزارە لە ئاشق بوون، هەربۆیە لە نێوان ئاشق بوونو خۆشویستندا جیاوازی دادەنێ.)) ئەو بێدەنگییە کە لە نێوان گفتوگۆکە بەدی هاتبوو بە مۆسیقای ڕادیۆ پڕ ببووەوە. ئالیسیا میندرۆ دیسان وێدەچوو ئارام ببووەوە، توورەیی چەند سات لەمەوپێشی لە نێو چووبوو. سەری بچووکی ئالیسیا، هەروا کە هیوادارانە چاوی بڕیبووە سەرپەل، هاوئاهەنگ لەگەڵ گۆرانیی ئێ بۆتی بادەوەشێندرا.

لیتۆما گوێی لە دەنگی ئارامی باڵادەستەکەی بوو: ((هەر ئێستا بە ئەنجامێك گەیشتم.))

کچە لەجێ هەستاو گوتی: ((ئیتر دەبێ بڕۆم. زۆر درەنگ کەوتووم.))

((گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەوە تۆ بووی ئەو نامە بێ واژۆیەت بە دەرگای پۆلیسخانەکەمانەوە چەسپاندووە. ئەوە تۆ بووی ئێمەت ڕێنوێنی کرد بچین بۆ ئاموتاپێ لە دونیا لوپێ بپرسین چ شتێك لە پالۆمینۆ مۆلرۆ قەوماوە.))

لیتۆما لە دەنگی کچەدا، کە دیسان گۆڕابوو، ئەو تۆنە سەگانەو گاڵتەجاڕانەی دۆزییەوە کە دڵخوازترین یان قێزەونترین تایبەتمەندیی ئەو دەهاتە ئەژمار. لە حاڵەتێکی وادا ئەو بە ڕاستی خۆی بوو، واتە منداڵێکی تەواو، نەك وەك چەند ساتێك لەمەوبەر کە ببووە ژنێکی بەساڵاچووی سامناك، ژنێك کە سەرو ڕوخسارو لەشی منداڵێکی پێوە بێت. ((ئەو ڕەنگبێ شوفێرو فرۆکەوانەکانی ناردبێتە بەردەم ماڵبەماڵی عەسکەرخانە، بەردەم ماڵی گرینگووەکان، کلوپو سینەماکانو شوێنی تر. هەر کاتێك درەنگ بگەڕێمەوە نیگەڕانو نارەحەت دەبێ. پێی وایە دیسان هەڵاتووم، ڕامکردووە. ها! ها!))

((کەواتە ئەوە تۆ بووی. تۆزێك درەنگە. بەهەر حاڵ، سوپاس بۆ یارمەتیدانت، خاتوو میندرۆ. ئەگەر ئەو سەرەداوەت نەدابوو بە ئێمە، هێشتا هەر کاسو وڕ بووین.))

((دوایین شوێنێك کە ئەو بیری بۆی چووە، دایرەی پۆلیسە. ها! ها!))

ئایا ئەو پێکەنی؟ بەڵێ، بەڵام ئەمجارەیان تانەو تەشەری تێدا نەبوو. پێکەنینێکی کورت، خێڕاو شەیتانئامێز، ڕێك وەك پێکەنینی منداڵانی بەرەڵڵای سەر شەقام. سەرپەل هەستایە سەرپێ و کڵاوەکەی لەسەر کرد. ((خێڕاکە، لیتۆما. کاتی نان خواردنە. ئەم قسەو باسە منی برسی کرد، ئەی تۆ چی؟))

هاتەڕان پاتەڕانی دەگوت. خواردنگەی دونیا ئاردیانا تا نیوەشەو کراوە بوو، ئێستا تازە ببووە کاتژمێر هەشت. لیتۆما وای مەزندە کرد کە سەرپەل بۆ ئەوەی شتێکی گوتبێت ئەم قسەیەی بە زاردا هاتو ئەم گاڵتەیەی کردبوو بۆ ئەوەی بێدەنگیی تێکشکاندبێت، چونکە ئەویش وەك لیتۆما هەستێکی سەیرو سەمەرەی هەبوو، زەینی تێکەڵ پێکەڵی کردبوو. لیتۆما بوتڵی پاستۆرینای کە ئالیسیا میندرۆ لەسەر عەرزی دانابوو هەڵگرتو خستییە نێو زبڵدانی بوتڵە بەتاڵەکان کە بوڕائوسالیناسی کۆنەفرۆش هەموو ئاخری حەوتەیەك دەهات و دەیکڕین.

((دوای بیستنی ئەم قسانە دڵنیام وەلەرزە کەوتووی، ڕاست دەکەم؟))

(ئەرێ، خۆ پێمگوتی لەم بەسەرهاتەدا گەلێ فرتوفێڵی هەمەجۆر فێر دەبی.))

((بەڵام قسەکان هەموو ڕاست بوون.))

له نێو خواردنگەکەدا شەش کەس مشتەری دایمی خەریك بوون، نانی شەویان دەخوارد. ئەوان سەلامو چاكوخۆشییان کرد، بەڵام سەرپەلو لیتۆما لەسەر مێزێك دوور لەوان دانیشتن. دونیا ئادریانا سوپی سەوزیو ماسیی بۆ هێنان، بەڵام لەبری ئەوەی وەڵامی سەلامی ئەوان بداتەوەو دەورییەکان وەك هەمیشە لەسەر مێزەکەو لەبەردەمیان دابنێت، کەمو زۆر فڕێی دەدان. نێوچاوانی تێك نابوو و کاتێك سەرپەل سیلوا پرسیاری لێکرد لە شتێك دڵمەندەو بۆچی وا خراپ هەڵسوکەوت دەکات، بەسەریدا گۆڕاندو گوتی: ((چۆنە باسی ئەوە بفەرموون ئیمڕۆ دوانیوەڕۆ لە کەنار دەریا خەریکی چی بوون، پیاوی ئاقڵ؟))

سەرپەل بێ ئەوەی چاو بتروکێنێ گوتی: ((خەبەریان داومەتێ چەند کەسێکی قاچاغچی لەم بەینەدا پەیدا بوونە.))

((با ئەوە بزانی، ڕۆژێك دێت، ڕۆژە ڕەشیی ئەم فرتوفێڵانە ئەوکت بگرێ.))

سەرپەل پێکەنی و گوتی: ((سوپاس لە هەڕەشەکەتان.))

# ٧

((قامکەکانم ڕەق بوونە، لێهاتوویی جارانم نەماوە. ئەو کاتەی قوتابیی زانکۆ بووم هەر گۆرانییەکم جارێك بیستبا دەمتوانی ئاهەنگەکەی بژەنم. ئێستا تەنانەت ناتوانم لاسپارۆ بژەنم. هەی تێمڕین.))

سەرپەل سیلوا لە ڕاستیدا چەندین گۆرانیی تاقیکردبووەوە، بەڵام هەمووی لە دەرەوەی نۆتی خۆی بوو. لیتۆما بە ئاستەم گوێی لە دەنگی باڵادەستەکەی بوو چونکە زەینی بە یەك شتەوە سەرقاڵ کردبوو و ئەویش ئەمە بوو کە ئێستا کە ڕاپۆرتەکەیان ناردووە، چ ڕوو دەدات.

لەمبەروبەری کەنار ماسیگرەکان، لە نێوان دوو لەنگەرگا، بوونو شەو لە نیوە تێپەڕیبوو. بانگەوازی فیکەی کارخانە شیفتی نوێی کاری ڕادەگەیاند. لیتۆماو سەرپەل سیلوا لەگەڵ ماتیاس کرکوتی یر جگەرەیان دەکێشاو دوو بەردەستەکەی ماتیاس شێری تالاڕایان بەرەو لای شەپۆڵەکان پاڵ پێوە دەنا. مێردی دونیا ئادریانا دەیەویست بزانێت ئەو قسانەی کە خەڵکی سەرتاسەری تالاڕا بە زاریاندا دێت ڕاستە یان نا.

((ئەم خەڵکەی سەرتاسەری تالاڕا دەڵێن چی، دون ماتیاس؟))

((دەڵێن ئێوە هەردووکتان دەزانن کێ پالۆمینۆ مۆلرۆی کوشتووە.))

سەرپەل سیلوا هەر ئەو قسەیەی گوت کە لە وەڵامی خەڵکانیتردا گوتبووی (هەرچەندە لەوەی کە دەنگۆکە هێند زوو بڵاوببووەوە سەری سووڕمابوو): ((ئێستا ناتوانین چ شتێك بڵێین.

هێندە نەماوە زانیارییەکانمان بلاوبکەینەوە. ئەو شتەی وەك خۆم دەتوانم پێتان بلێم ئەوەیە کە هەر ئانوسات بۆی هەیە زانیارییەکان بلاوبنەوە.))

((هیوادارم وابێت، بەڕێز سەرپەل. هیوادارم ئیتر عەدالەت بەڕێوەبچێتو ئەو کەسانەی هەمیشە دەیبەنەوە تامی دۆڕان بچێژن.))

((مەبەستت چییە، دون ماتیاس؟))

((باسی کێ دەکەم ئاخۆ؟ ئێوەش وەك من دەزانن. مەبەستم کەللە فیلەکانە.)) ئەمەی گوت و ڕۆی. وەك بوتڵێك کە بەسەر ئاوەوە بێتو شەپۆلەکان بەرزو نزمی بکەنەوە هەڵدەبەزیو دادەبەزیو پاشان لێهاتوویانە خۆی گەیاندە نێو گەمییەکە. جموجۆڵی وەك مرۆڤێك نەبوو خوێن برشێتەوە، لە چاو تەمەنی جەستەیەکی بەهێزی بوو، دەیتوانی لەگەڵ تەنگو چەڵەمەی دەریا ململانێ و زۆرانبازی بکات. لەوانەیە تەنیا لە چاوی دونیا ئادریانا بوو کە لە نەخۆش دەچوو.

((کەللە فیلەکان... تۆ پێت وایە کەللە فیلەکان ئەم گیتارەیان وەك خەڵات لەبەر دەرگای ئێمە داناوەو ڕۆیشتوون؟))

((نا، بەڕێز سەرپەل. ئەو کارە کاری کچی سەرهەنگ میندرۆ بووە. خۆتان ئاگاتان لێ بوو کە گوتی گیتاری ئەو گەنجەی لەلایە.))

((تۆ وای بۆدەچی... بەڵام وای مەزەندە ناکەم. من چ نامەیەك، کارتێك، شتێکم نەبینی کە بیسەلمێنێ ئەو ئەم گیتارەی هێناوە. تەنانەت دڵنیا نیم کە ئەم گیتارە ئی پالۆمینۆ مۆلرۆ بێت.))

((گاڵتەم پێ دەکەی، بەڕێز سەرپەل؟))

((نا، لیتۆما. ڕاستییەکەیت دەوێ، دەمەوێ سەرنجت ڕاکێشم بۆ شتێکیتر چونکە زۆر تووڕە دیارە. بۆ چ ئەوەندە تووڕەی؟ پۆلیسی وڵات دەبێ ورەی بەرز بێت.))

((ئێوە خۆشتان هەندێك دڵەڕاوکەتان پێوە دیارە، بەڕێز. هەوڵ مەدەن حاشای لێ بکەن.))

سەرپەل سیلوا بەدەست خۆی نەبوو پێکەنی. ((هەڵبەت دڵەڕاوکەم پێوە دیارە. بەڵام وا دەکەم خەڵك پێم نەزانێ. ڕواڵەتم وا دەنوێنێ کە ئەگەر مێشوولەیەك بای لێ بێتەوە پانتۆڵەکەم پیس دەکەم.))

مانگە شەوێکی هێندە خۆش بوو کە ئەوان بە ئاشکرایی خانووی گرینگۆکانو کارمەندانی شەریکەی نەوتیان لەسەر گرد نزیك فانۆسی دەریایی دەبینی. هەموو کەس باسی مانگی

پایتایان دەکرد، بەڵام مانگی تالاڕای لە هەرچی مانگی کە دیتبووی پێ ڕۆشنترو خڕتر بوو. خەڵك دەبێ بێن باسی مانگی تالاڕا بکەن. پالۆمینۆی لە شەوێکی وادا هێنایە بەرچاو کە فرۆکەوانە شەیداکانی دەورەیان دابوو، ئەو هەر لەم کەنارەدا خەریکی خوێندنە:

مانگ، ئەی مانگ

ئەی چرای ڕێ،

تۆ بە رۆڵەکەم بڵێ، ئەی مانگ

من زۆرم پێ ناچێ دەگەڕێمەوە...

لیتۆما و سەرپەل چووبوونە سینەماو فیلمێکی ئەرجەنتینیان دیتبوو کە لوئیس ساندرین دەوری تێدا گێڕابوو، هەمووان جگە لەوان لە نێو حەوشەی سینەماکە پێکەنیبوون. قەشە دەیویست پۆلیسێك لەبەر دەرگای کلێسە دابنرێت بۆ ئەوەی بلاوە بە ئەو دون ژوانانە بکات کە سەر ڕێیان بە کچانی تالاڕایی دەگرت و ئەو کاتەی بۆ مەشق کردنی ئاوازی کۆڕ دەهاتن فشەیان پێ دەکردن. دایکانێکی زۆر هەر لەبەر ئەمە کچەکانیان لە گرووپەکە هێنابوویە دەرێ. سەرپەل بەڵێنیدا ئەم کارە بکات بەو مەرجەی پۆلیسێك بخەنە بەر دەستی. کە گەیشتنە دایرەی پۆلیس تووشی ئەو گیتارە ببوون کە ئێستا لەسەر ئەژنۆکانی سەرپەل بوون. کەسێك گیتارەکەی بە دەرگاکەوە نابوو و رۆیشتبوو. ئەگەر لە بری ئەوەی یەکڕاست بێنە دایرەی پۆلیس بڕیاریاندابوو کە سەرەتا نانی شێو بخۆن، دەستیان بە گیتارەکە ڕانەدەگەیشت. لیتۆما لە بابەت گرینگایەتیی گیتار هیچ گومانی نەبوو.

((ئەو کچە داوای لێکردووین گیتارەکە بدەینە دەست دایکی کوڕە گەنجەکە. زگی پێی سووتاوە -لەوانەیە بەو هۆیەوە کە من باسی دونیا ئاسونتام بۆ کردووە-و گیتارەکەی هەڵگرتووە.))

((شتەکە لەوانەیە هەر ئەوە بێت کە تۆ بۆی دەچی، بەڵام من ئەم بۆچوونەم پێ ڕاست نییە.))

بۆچی سەرپەل هەموو کات لەم جۆرە گاڵتانەی دەکرد؟ لیتۆما زۆر باش دەیزانی کە سەرپەلەکەی تاقەتی پێکەنینی نییەو لەو کاتەوەی ڕاپۆرتەکەی ناردووە سەبرو ئاڕامی لێ براوە. دەلیلەکەشی ئەوە بوو کە ئەوان لەو کاتەی شەو لە دایرە بوون. کە نانی شەویان خوارد، سەرپەل گیتارەکەی هەڵگرتو پێشنیاریدا پیاسەیەك بکەن. ئەو کات لە بێدەنگیداو لە کاتێك هەر کام نوقمی فیکر و خەیاڵی خۆی بوو، تا شوێنی ماسیگرەکان چوون. خەڵکیان دەبینی تۆڕەکانیان ئامادە دەکردو بە گەمییەکانیان وەڕێدەکەوتن.

که گەیشتە چۆڵاییو تەنیا کەوتن سەرپەل هەوڵیدا دەنگێك لە گیتارەکەی ئالۆمینۆ مۆلرۆ دەربێنێت. لەوانەیە هێندە تووڕە بوو کە نەیدەتوانی ئاهەنگێك بدۆزێتەوە. بابەتەکە هەر ئەمە بوو، تەنانەت ئەگەر هەوڵی دابا، ناڕەحەتیی خۆی بە گێڕانەوەی نوکتە بشارێتەوە. دوای ساڵانێك کە لەبەردەستی سەرپەل کاری دەکرد یەکەمجار کە دەیبینی سەرپەل ئاماژەیەك بە دونیا ئادڕایانا ناکات. بیری لەوە دەکردەوە کە بە سەرپەل بڵێ جارێکیتر کە دەچێتە پیورا گیتارەکە بۆ دونیا ئاسونتا ببات. ((لانیکەم لێگەڕێن ئەو ژنە بەدبەختە کەمێك ئارام و ئەهوەن ببێتەوە، بەڕێز سەرپەل)) کە زانی ئەوان چیتر تەنیا نین.

سێبەرەکە گوتی: ((شەو باش.))

پیاوەکە لە ناکاو لەبەر دەمیان قوت ببووەوە، وەك بڵێی لە دەریا هاتبێتە دەرێ یان لە ئاسمان کەوتبێتە خوارێ. لیتۆما کە زمانی گۆی نەدەکرد و چاوی زەق ببوونەوە، ڕاچڵەکی خەوی نەدەبینی، سەرهەنگ میندرو لەبەردەمیان ڕاوەستابوو.

سەرپەل سیلوا لەو گەمییەی کە تێیدا دانیشتبوو بازی دایە دەرێو گیتارەکە لە دەستی بەربووەوەو کەوتە سەر خیزەڵانەکە. لیتۆما باڵادەستەکەی بینی کە دەستی بەرەو لای دەمانچەکەی چوو کە بە نێو قەدییەوە ئاوێزان بوو.

سێبەری سەرهەنگ گوتی: ((تکا دەکەم لەجێی خۆتان دانیشن. بەدوای ئێوەدا دەگەڕامو وام بیرکردەوە ئەو کەسەی لەم کاتەی شەودا گیتار بژەنێ لەوانەیە ئێوە بن.))

((دەمەویست بزانم شتێکم لە بیر ماوە یان نا. بەڵام وێدەچێ لەبیرم نەماوە. پێموایە هۆیەکەی ئەمەیە مەشقم نەکردووە.))

سێبەرەکە سەری ڕاوەشاند. ((شارەزایی ئێوە لە پۆلیس بوون، پتر لە گیتار ژەندنە.))

((سوپاس، جەنابی سەرهەنگ.))

لیتۆما سەرهەنگ میندرۆی دەبینی کە بەرەو لای ئەوان دەهات. مانگە شەو لەناکاو ڕووناکایی خستە سەر ڕوخساری، ((هاتووە ئێمە بکوژێ.)) لیتۆما نێوچاوانی پانوپۆڕ و دوو گنجە قووڵەکەی و هەروەتر سمێڵە عەسکەرییە ڕێکوپێکەکەی بینی. ئایا ئەو دوو جارەی کە ئەویان لە ئۆفیسەکەی خۆی بینیبوو هەر بەم ئەندازەیە ڕەنگ بزرکاو بوو؟ ڕوخساری نە هەڕەشەی تێدا بوو نە تووڕەیی، بەڵکوو وای دەنواند هیچ شتێکی پێ گرینگ نییە. دەنگی هەر هەمان تۆنی دەستوور دەرانەی دواجاری تێدابوو، کە لە ئۆفیسەکەی بیستبوویان. چی دەوێ؟ لیتۆما هەستی کرد نازانێ ئەرکی چییە. ((ئەوە هەر ئەو شتەیە کە چاوەڕوانیمان دەکرد.))

((تەنیا پۆلیسێکی لێزان و شارەزا دەتوانێ بەسەرهاتی کوشتنی ئەو ڕاکردووە لە خزمەتی عەسکەری ڕوون بکاتەوە. دوو هەفتەشی نەخایاند. ڕاست دەکەم، جەنابی سەرپەل؟))

((ڕێك نۆزدە ڕۆژ، جەنابی سەرهەنگ.))

لیتۆما چاوی لە دەستەکانی سەرهەنگ نەدەتروکاند، بەڵام ئەوان لەژێر مانگەشەو نەبوون. ئایا دەمانچەکەی هێناوەتەدەرێ؟ ئایا هەڕەشە لە سەرپەل دەکات تا ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی لێکردووە حاشای لێ بکات؟ یان تەنیا دوو سێ گوللەی لێدەدا؟ لەوانەیە بۆ کەلەبچە کردنی ئەوان هاتووە. لەوانەیە گوتبێتی پاسەوانەکانی بە دەوروبەریاندا بڵاوببنەوە تا ئەو بەو قسانە سەرقاڵیان بکات. لیتۆما گوێی قوڵاغکردنو چاوێکی بە دەوروبەردا خشاند. کەس نەدەهاتو جگە لە هاژەی دەریا دەنگێکیتر نەدەبیسرا. لەپێش لیتۆما لەنگەرگای کۆن بوو کە لەگەڵ شەپۆڵەکان ڕادەساو ڕۆدەچوو. باڵندە دەریاییەکان لەسەر پەیژەیەکی ژەنگ گرتوو کە بە گوێچکە ماسیو ئەستێرە دەریایی داپۆشرابوو خەوتبوونو لەگەڵ پەیژەکە دەچوونە سەرێو دەهاتنە خوارێ. یەکەم ئەمرێك کە سەرپەل سیلوا بە لیتۆمای دابوو ئەمە بوو کە ئەو منداڵانە ڕاوەدوو بنێ کە سواری ئەو پەیژەیە دەبن تا لەگەڵ هەستان و ڕۆچوونی لەنگەرگاکە سوارکاری بکەن.

سەرهەنگ دوای چەند ساتێك گوتی: ((نۆزدە ڕۆژ.))

تۆنی دەنگ وشكو بێ بەری لە تەوسو تووڕەیی بوو، وەك بڵێی تاو و تەئسیری هیچ شتێکی بەسەرەوە نەبوو. لە قوڵایی دەنگیدا مێلۆدییەك، لەنگەرگرتنو پێداگرتن لەسەر هەندێ برگە هەستی پێدەکرا کە لیتۆما وەبیر دەنگی کچەکەی دەهێناوە. لەبەر خۆیەوە گوتی: ((ئارام هەڵنەگران هەقیان بەدەست بوو. من بە کەڵکی ئەم کارە نایەم. بێزارم لە ترس.))

((خراپ کارەکەت بەرێوە نەبردووە، بەتایبەت لەکاتێکدا چارەسەریو دۆزینەوەی هەقیقەتی هەندێ لەم کوشتنانە ساڵان دەخایەنێت. هەندێکیان هەر قەت ئاشکرا نابن.))

سەرپەل سیلوا چ قسەی نەکرد. بێدەنگییەکی دوورو درێژ بەسەر کەشەکەدا زاڵ بوو کە لەو ماوەیەدا هیچ کام لەم سێ کەسانە جووڵەیان نەکرا. ڕاسان و ڕۆچوونی دیلانە ئاسای لەنگەرگا مرۆڤی تووڕە دەکرد. ئایا منداڵێك سواری بوو؟ لیتۆما ئاگای لە هەناسەی سەرهەنگ و خۆی و سەرپەل بوو. ((بەدرێژایی تەمەنێك هێندە نەترساوم.))

((پێتوایە بەم کارەت پلەو پایەت بەرز دەکەنەوە؟)) لیتۆما وای لێکدایەوە کە سەرهەنگ بەو کراسە قۆڵ کورتەی بە دڵنیاییەوە هەست بە سەرما دەکات. سەرهەنگ کورتە باڵا بوو، لانیکەم هەندێك لە لیتۆما کورتە باڵاتر بوو. دیارە سەردەمی گەنجی ئەو، بەرزیی باڵای بایی سەرە

دەرزییەك بەشێك نەبوو لە مەرجەكانی وەرگرتن لە كۆلیژی پۆلیس. ((جانیڤێری، ساڵی داهاتوو پلەم بەرز دەكرێتەوە، جەنابی سەرهەنگ.))

ئێستایە دەستی بچێت بۆ دەمانچەو دەیتەقێنێ و كەللەسەری سەرپەل وەك میوەی گەیشتووی پاپایا لێك پەرش و بڵاوەبێتەوە. بەڵام ڕێك لەم كاتەدا سەرهەنگ دەستی بۆ دەمی بردو دەمی خاوێن كردەوە. لیتۆما دەستی بینی كە بەتاڵە. كەواتە بۆچی هاتووە؟ ((لە وەڵامیشتاندا، دەبێ بڵێم، قوربان، نا پێموانییە بەخاتری دۆزینەوەی ڕاستیی ئەم بابەتە پلەی بەرز وەربگرم. ڕاستییەكەتان بوێت، وای بۆ دەچم ئەم بابەتە كێشەی گەورەشم بۆ دەنێتەوە، جەنابی سەرهەنگ.))

((دەمەوێ بڵێم دڵنیای بە وردی چ ڕووی داوە؟))

سێبەرەكە نەدەجووڵایەوەو لیتۆما زانی كە سەرهەنگ، بێ ئەوەی لێوی ببزوێت، وەك ئەوانەی بە زگ قسە دەكەن، قسانی كردووە.

سەرپەل لەبەرخۆیەوە گوتی: ((ئەو شتە قسەی تێدا نییەو ڕاستە مردنە.)) ڕوخسارو تۆنی دەنگی چ شتێكیان لێ وەدەرنەدەخست، وەك بڵێی وتووێژی ئەوان پەیوەندیی بەوەوە نەبوو، وەك بڵێی ئەوان دەربارەی كەسانیتر قسەیان دەكرد. لیتۆما بیری لەوە كردەوە: ((خەریكە فشە بە سەرهەنگ دەكات.))

سەرپەل كۆخەیەكی كردو لەسەر قسەكانی بەردەوام بوو: ((هەندێ وردەكاری هێشتا ڕوون نەبووەتەوە، بەڵام پێموایە، وەڵامی سێ پرسیاری سەرەكی دۆزراوەتەوە: كێ پالۆمینۆ مۆلرۆی كوشتووە، چۆن كوژراوە و بۆچی كوژراوە.))

ڕوخساری سەرهەنگ دیسان كەوتەوە تاریكی، ئێستا یان هەنگاوێك بەرەو دواوە چوو بوو یان تیشكەكە جێی گۆڕی بوو. لەنگەرگا هەڵدەستاو ڕۆدەچوو. هیرەمی ڕووناكایی گلۆپی دەریایی لەسەر ئاو وەجووڵە كەوتو ئەوێی بە ڕەنگی زێڕین نیشاندا.

((ڕاپۆرتەكەتم بۆ كەسانی باڵادەست خوێندەوە. هێزی پۆلیسی نێو شار باڵادەستەكانی منیان لێ ئاگادار كردووەتەوەو ئەوانیش گەورەییان كردووەو نوسخەیەكیان بۆ ناردوومە.))

تۆنی دەنگی نەگۆڕا، نەخێرا قسەی دەكردو نە ورووژانێك بە دەنگییەوە دیار بوو. بایەك هاتو قژی تەنكی سەرهەنگی تێكداو ئەو دەستبەجێ قژی ڕێك كردەوە. لیتۆما هەروا بە ترس و نارەحەتییەوە ڕاوەستابوو، بەڵام ئێستا دوو ڕەسم لەپێش چاوی بوو: پالۆمینۆ و ئالیسیا میندرۆ. هەروا كە خەریك بوون پالۆمینۆیان دەخستە نێو پیكابێكی شینەوە كچە بە

حاڵەتێکی ئیفلیج بوو و ترساو دەیڕوانی. فڕۆکەوانەکان، لەسەر ڕێگایان بۆ بەردەڵانەکان، جگەرەکەیان لەسەر دەست و مل و دەموچاوی پالۆمینۆ دەکوژاندەوە تا دڵی سەرپەل دوفۆ وەدەست بێنن. کاتێك ئەو هاواری دەکرد پێدەکەنین و بە هەنیشك لە یەکیان دەسرەواند. سەرپەل دوفۆ بە حاڵەتێکی ئەمر پێکەڕانەوە گوتی: ((ئازاری بدەن، ئازاری بدەن.)) پاشان سەری قامکەکانی ماچ کرد و گوتی: ((کارێك دەکەم لەوەی لەدایك بووی پەژیوان ببیەوە، بەڵێنت پێ دەدەم.)) سەرپەل سیلوای بینی کە لەلای گەمییەکە دوورکەوتەوەو هەروا کە دەستی لە گیرفانی دابوون دەیڕوانییە دەریا.

((مەبەستتان ئەوەیە کە شتەکە دیزە بە دەرخۆنە دەکرێ، جەنابی سەرهەنگ؟))

سەرهەنگ وەك بڵێی ئەم قسەیە بێ بایەخ و نەزانانە بووبێت و کاتی زێڕینی بە فیڕۆ داوە، بەشێوەیەکی ساردو سڕ گوتی: ((نازانم.)) بەڵام هێندەی پێ نەچوو دوو دڵی دایگرت، ((واتە، وابیر ناکەمەوە، بە هەرحاڵ جارێ خۆ نا. کەمێك چەتوونە، واتە، ڕاستییەکەی، نازانم. پەیوەندی بەڕای باڵادەستەکانمەوە هەیە، نەك خۆم.))

لیتۆما وای بیرکردەوە: ((دیسان مەسەلەی کەللە زلەکان لە گۆڕێ دایە.)) بۆچی سەرهەنگ وا قسان دەکات وەك بڵێی بابەتەکە پەیوەندی بەوەوە نییە؟ کەواتە بۆچی هاتووە؟

((من دەبێ شتێك بزانم، سەرپەل.)) ماوەیەك بێدەنگ بوو و لیتۆما بیری لەوە کردەوە کە سەرهەنگ بۆ ساتێك لەوێی ڕوانیوە، وەك بڵێی تازە بە بوونی ئەوی زانیوەو لە هەمان کاتدا بەو ئاکامە گەیشتووە کە بۆی هەیە لەبەردەم ئەم بابایە کە کەس نایناسێ و کەس گوو بە کڵاوی ناپێوێ لەسەر قسەی خۆی بەردەوام بێت. ((کچەکەی من پێی گوتووی کە من ئەوم وەك کەرەسەیەك بەکارهێناوە؟ ئەمەی پێ گوتووی؟))

لیتۆما سەرپەل سیلوای بینی کە ڕووی لە سەرهەنگ کرد.

لەکاتێکدا بەئەستەم ئاوی زاری قوت دەدا، لەبەرخۆیەوە گوتی: ((شتێکی لەم بابەتەی گوت... بە ڕوونی نا، ڕێك باسی وەك کەرەسە بەکارهێنانی نەکرد. بەڵام کەمو زۆر گوتی کە ئێوە... واتە ئەو لە بەرچاوی ئێوە ژن دێتە هەژمار نەك کچ، جەنابی سەرهەنگ.))

سەرپەل سیلوا کڕومات بوو و زمانی نەدەگەڕا. لیتۆما هیچ کات ئەوی تا ئەم ڕادەیە گێژو وڕ نەبینیبوو. زگی پێی سووتاو زگی بە سەرهەنگ میندرۆ و پالۆمینۆ و کچەکەش سووتا. هێندەی زگ بە هەموو خەڵك سووتا حەزی دەکرد هۆن هۆن بگریت. ئەو کات زانی

تاولەرزییەتی. خۆ سەفینۆ ئەوی بە خاوەن دڵێکی پڕ بەزەیی وەسف کردبوو، گوتبووی دڵ ناسکەو تا کۆتایی تەمەنی دڵ ناسك دەمێنێتەوە.

((هەروەتر پێی گوتووی من لاقم ماچ کردووە؟ جا دوایە وەك کەرەسەیەك بە کارم هێناوە، بە چۆکدا هاتوومو پاڕاومەتەوە لێی خۆش بم؟)) سەرهەنگ میندرۆ لە ڕێگای گوتنی ئەم شتانەوە چ شتێکی نەدەپرسی بەڵکوو جەختی لەسەر ئەو شتە دەکردەوە کە لێی دڵنیا بوو.

سەرپەل بە پرتەپرت چەند وشەیەکی بە زارداهات کە لیتۆما هیچی لێ هەڵنەکڕاند. لەوانەیە گوتبێتی، پێموایە. لیتۆما دەیەویست ڕزگاری بێت و لەوێ ڕابکات. خۆزگە کەسێك فریایان دەکەوت و کۆتایی بە ئەم وتووێژە دەهێنا.

سەرهەنگ میندرۆ سەرەداوی قسەکانی گرتەوە دەستو بەهێمنی گوتی: ((پاشان من پەژیوان بوومەتەوەو دەمانچەکەم داوەتە دەستی تا بمکوژێ. وایە، ئەمەی گوتووە؟)) هێزی تێدا نەمابوو و دەتگوت لە شوێنە دوورە دەستەکانە.

سەرپەل ئەم جارە وەڵامی نەدایەوە. بێدەنگییەکی درێژخایەن هاتە ئاراوە. نیوەڕوخساری سەرهەنگ تووڕە بوو و لەنگەرگای کۆن ڕۆدەچوو و ڕادەساو شەپۆڵەکان کە وێی دەکەوتن بریقەیان دەهات.

((باشی؟))

سەرهەنگ، وەك بڵێی بەرامبەرەکەی کەسێکی تایبەت نەبێت، تێڕادیوانە گوتی: ((ئینگلیزییەکان وشەیەکیان هەیە کە ئێمەی ئیسپانی هاوتاکەیان نییە. مەبەستم دیلوژنە. ئەم وشەیە بە واتای وەهم و خەیاڵ و هەڵفرپیواندن و لەخەشتەبردنە. وەهمێك کە لە هەمان کاتدا بە واتای فریویش دێت، ئەو خەیاڵەی هەڵفریوێنەرو لەخشتەبەرە.)) هەناسەیەکی قووڵی دا، وەك بڵێی کەوتبێتە هەناسە بڕکێو پاشان بەدەست دەمی خۆی گرت، ((من بۆ بردنی ئالیسیا بۆ نیویۆرك ماڵی باوکمم فرۆشت، پاشەکەوتی خۆمم سەرف کرد. تەنانەت ئەو پارەیەی وەرمدەگرت کردمە رەهن. لە ئەمەریکا هەر چەشنە نەخۆشییەك چارەسەر دەکەن. موعجیزەی زانستی دەکەن. خۆیان وا دەڵێن. دەی، ئەگەر ئەم شتە ڕاست بێت کەواتە هەر خۆبەخش کردنێك شایانی ئەنجامدانە. ئامانجم ئەوە بوو کچەکەم و خۆم ڕزگار بکەم.))

((ئەوان دەردیان دەرمان نەکرد، بەڵام لانیکەم بەوەیان زانی کە نەخۆشیی دیلوژنی هەیە. ئەم نەخۆشییە هیچ کات دەرمان ناکرێت. چونکە چاك بوونەوەی تێدا نییە. وەکو شێرپەنجە وایە، تا ئەو کاتەی هۆکاری نەخۆشییەکە لە گۆڕێ دایە گەشە دەکاتو پەرەدەستێنێ. ئەم

شته گرینگۆکان بۆیان باس کردم بەو شێوازە پڕ لە تووندو تیژییەی کە هەیانە. پێیان وتم، موشکیلەکە خۆتی، تۆ هۆکاری نەخۆشینی ئەوی. ئەو تۆ بە بەرپرسی مردنی دایکێك دەزانێ کە هیچ کات نەیبینیوە. هەمووی ئەو شتانەی بۆ خۆی سازیان دەکات، هەموو ئەو شتە ترسناکانەی دەربارەی تۆ هەڵی دەبەستێ، سەرلەبەری ئەو شتانەی کە دەرهەق بە مامۆستا ئایینییەکانی قوتابخانەی دڵی پیرۆزی لیمای گوتووە، ئەو شتانەی دەربارەی مامۆستا ئایینییەکانی قوتابخانەی لوردێس پیورا گوتوویەتی، ئەو شتانەی دەرهەق بە پوورەکان و هاورێکانی گوتوویەتی، لێی دەدەی، دەرهەق بە ئەو قڕنسیی، ئازاری دەدەی، بە قەرەوێلەی دەبەستییەوە و بە قامچی لێی دەدەی، سەرلەبەری ئەمانە لەبەر ئەوەیە تۆڵەی مەرگی دایکی لەتۆ بکاتەوە.))

((خۆ ئەمانە هەر هیچ نین. پێیان گوتم، ئامادەبە بەڵای لەمە خراپتر بەسەردا بێت. چونکە دواتر، کاتێك گەورەتر بێت، بەوە تاوانبارت دەکا کە هەوڵت داوە بیکوژی، دەستدرێژی بکەیە سەر، خەڵکیتر هان بدەی دەستدرێژی بکەنە سەرو لەم شتە ترسناکانە. دیارە خۆشی نازانێ خەریکە درۆ دەکات. چونکە لەگەڵ ئەم درۆیانەدا دەژیت و پێی وایە ڕاستن. پێی دەڵێن دیلۆژن. ئەم ناوە ئینگلیزییە. ئێمە لە زمانی ئیسپانیدا وشەیەکی هاوتامان بۆی نییە.))

بێدەنگییەکی دوورو درێژ بەسەر کەشەکەدا زاڵ بوو. دەریاکەش کەم و زۆر بێدەنگ ببوو، تەنیا هاژە هاژێکی هێوری دەکرد. لیتۆما بیری کردەوە: ((ئەو شتانەی بیستم هیچ کات گوێم لێ نەببوون.))

دەنگی سەرپەلی بیست کە بەشێوەیەکی جیدی و پڕ لە ڕێزەوە گوتی: ((بە ڕواڵەت وێدەچێ وابێت، بەڵام... ئەگەر پێی تێکناچن ئەمن دەڵێم کە خەیاڵات و شێتیی کچی ئێوە وەڵامدەری هەموو شتێك نییە.)) ماوەیەك بێدەنگ بوو، وێدەچوو چاوەڕێی سەرهەنگ بوو تا شتێك بڵێت یان ئەوەی بۆ خۆی بەدوای وشەگەلێکی دروستدا دەگەڕا: ((من بیر لەو گەنجە دەکەمەوە کە چۆن ئەشکەنجە دراوە.))

لیتۆما چاوەکانی نووقاند. لەوێ بوو لە تۆقی سەررییەوە تا بنی پێی ئەشکەنجە درابوو، لەژێر خۆرەتاوی بەتینی بیابانی پڕ بەردەڵان دەسووتاو بزنەکان، بێ ئەوەی گوێی بدەنێ، بە دەوراندەوریدا دەخولانەوە و گژوگیایان دەخوارد. هەڵواسراو و جێجێی لەشی سوتاو بە جگەرەو دارێك لە قوونی چەقیو. بەدبەختی قوڕ بەسەر.

سەرهەنگ گوتی: ((ئەمە بابەتێکی ترە.)) پاشان خێرا قسەکەی ڕاست کردەوە، ((بەڵام هەق بەدەست تۆیە، ئەوە وەڵامدەرەوە نییە.))

((ئێوە پرسیارێکتان لەمن کرد و من وەڵامم دایەوە. ئێستا ڕێگام پێ بدەن من پرسیارێك لە ئێوە بکەم. ئایا دەلیلێك لە ئاڕادابووە کە ئەو کوڕە بەو چەشنە ئەشکەنجە بکەن؟ ئەم پرسیارە لە سۆنگەی ئەمەوە دەکەم کە، بەڕاست پێت بڵێم، من چ سەرەندەری ناکەم.))

((منیش سەرەندەری ناکەم. هەڵبەت هەندێ شت مەزەندە دەکەم. خۆی سەرخۆش دەبێ، و پیاوەکانیشی وادەکەن. ئەلکۆڵ و فیکری تۆڵەسەندنەوە لە شەیتانێکی بێ ئازارەوە دەیکەنە پیاوێکی سادیستی. هەرچۆنێك بێت، هۆکاری سەرەکیی فیکری تۆڵەسەندنەوە، دڵی شکاو و غرووری پێشێلکراوە. دەبێ سەنج بدرێتە شتی لەم چەشنە تەنانەت ئەگەر پۆلیسەکان سەرەندەریشی نەکەن، سەرپەل، ئەو سەرەتا شەیتانێکی بێ ئازار بوو نەك پیاوێکی سادیستی. گوللەیەك بۆ نێو چاوانی و گۆڕێکی شاراوە بەس بووە. ئەمانە ئەمری من بوونە. دیارە ئەم حەمامی خوێنە کەرانەیە بەرنامەی من نەبووە. ئێستا ئیتر ئەمانە گرینگ نین. ڕووداوێکە قەوماوەو هەر کەس بەرپرسی کارێکە کە کردوویەتی. من هەمووکات ئەم ڕێنماییە پەیڕەو دەکەم.))

دیسان هەوای هەڵمژی و کەوتە هەناسە برکێ. لیتۆما گوێی لە دەنگی سەرپەل بوو: ((کەواتە ئێوە لەوێ نەبوونە؟ تەنیا سەرپەل دوفۆ و پیاوەکانی لەوێندەر بوونە.)) لیتۆما وای بۆ چوو کە سەرهەنگ خەریکە کۆکەی کورت کورت دەکات، وەك بڵێی دەیەویست تف بکاتەوە. بەڵام تفی نەکردەوە.

بەشێوەیەکی ساردو سڕ گوتی: ((ئەمە خەڵاتی من بوو بۆ ئەو تا ئاڕام ببێتەوە، گوللەیەك کە غرووری برینداری چاك دەکردەوە. بەڵام سەرم سووڕما. پێم وانەبوو کاری لەمجۆرە بکات. سەرم لە کاری پیاوەکانیشی سووڕما. ئاخر ئەوان هاوڕێیانی مۆلرۆ بوون. جۆرە خوویەکی دڕەندە بوو لە هەناوی هەموویان دا هەیە. خوێندەوار یان نەخوێندەوار، لە هەناوی هەمووماندا. پێوایە لە کەسانی چینەکانی خوارەوەدا زیاتر هەبێت، لە چولووەکاندا. هەمە جۆر گرێ پووچکە ئەلکۆل و هاندانی باڵادەستەکان پاشماوەی کارەکان دەکەن. هەڵبەت پێویستی نەدەکرد تا ئەو شوێنە بچنە پێشێ. ئەگەریش دەتەوێ بۆچوونی تاکە کەسیی من بزانی، با پێت بڵێم من دەربارەی هیچ شتێك بە داخ نیم. قەت بیستووتە فڕۆکەوانێك بەڵایەکی لەمجۆرە بەسەر کچی فەرماندەی بنکەیەکی عەسکەریدا بێنێت؟ ئەگەر من بووایەم ئەم کارەم خێراتر و خاوێنتر تەواو دەکرد. گوللەیەك بە پشتەملی کابراوە. ئەوکات کارەکە بەباشی تەواو دەبوو.

لیتۆما بیری کردەوە: ((کچەکەشی هەروا قسان دەکات. دیارە لە باوکی بە میرات پێی-گەیشتووە. ئەو قینەی لە هەناویدایە لەمەوە فێری بووە.)) ئالیسیا میندرۆ ئەم شێتییەی لە باوکییەوە پێ براوە، شێتییەك کە وای لێدەکات مرۆڤەکان بە چولو ناو بێنێت و بەجۆرێك ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات وەك بڵێی ئەوان زبڵ و پیسایی بن.

ئەوکات دەنگی هێوری سەرپەل سیلوای بیست: ((من لە خۆمەوە سازی ناکەم. ئەمە قسەی ئالیسیا خاتوونە. ئێمەش داوامان لێ نەکردووە بۆچوونی خۆی بڵێ، جەنابی سەرهەنگ. خۆی گوتی یەکتریان خۆشویستووەو ئەگەر لە ئاموتاپێ قەشە هەبووایە زەماوەندیان دەکرد.))

سەرهەنگ میندۆر بۆ یەکەمجار دەنگی بەرز کردەوە: ((مەگین من پێشتر شووم نەکردبووەوە. دیلۆژن، دیلۆژن، خەیاڵاتی تێکەڵ بە درۆ. کچی من ئەوی خۆشنەدەویست. یانی نەیدەتوانی خۆش بوێت. ئاگادارنی مەبەستی لەم کارانەی دەیکات چییە؟ کاتێك ئەو شتانەی بۆ دەگێڕایەوە مەبەست چی بووە؟ کاتێك دەچووە لای ڕاهیبەکانی قوتابخانەی لوردێس تا ئەو برینانەیان نیشان بدات کە خۆی وەك بەڵایەك بەسەر خۆیدا هێنابووی مەبەستی چی بووە؟ مەبەستی لەم کارانە ئەوەیە کە من ئازار بدات. مەبەستی تۆڵەسەندنەوەیە، مەبەستی سزادانە، دەیەوێ من لەبەر شتێك کە زیاترین ئازاری پێوە دەبینم-واتە مەرگی دایکی- تاوان بدەمەوە. وەك بڵێی...)) وەك ئەوانەی پشوویان دەبڕێ، کەوتە هەناسەبڕکێوە، ((ئازاری مەرگی دایکی کە تا دوایین ڕۆژی ژیانم دەبێ بە کۆڵمەوە هەڵی بگرم بەست نییە. ئایا زەینی پۆلیسێك دەتوانێ گشت ئەم شتانە وەربگرێ؟))

لیتۆما بیری کردەوە: ((نا، حەڕامزادە، ناتوانێ، ناتوانێ.)) بۆچی ئەم ئۆینانە لە خۆی دەردێنێ؟ بۆچی ئالیسیا میندرۆ ناتوانێ گەنجێکی لەڕەی کە ئەوەندە جوان گیتاری دەژەنی و هێندە دڵنشین گۆرانی دەگوت و دەنگی ڕۆمانتیك بوو خۆشنەوێت؟ بۆچی کچێکی سپی پێستی وردیلە بۆی نییە ئاشقی چولۆیەکی وردیلە بێت؟ بۆچی سەرهەنگ پێی وایە ئەم خۆشەویستییە پیلانێکە دژی ئەو؟

گوێی لە دەنگی سەرهەنگ بوو، و دیسان هەر بەو ڕاوێژە ساردو سڕەی کە ئەوی لەوان و لەو شتەی دەیگووت جیادەکردەوە، ((بۆ پالۆمینۆ مۆلرۆشم شیکردەوە، ڕێك وەك چۆن بۆم شیکردەوە. بۆ ئەو کوڕە زیاتر و ڕوونتریشم شیکردەوە. هەڕەشەو ئەمرکردنیش لە قسەمدا نەبوو. ڕێك وەك پیاوێك کە لەگەڵ پیاوێکیتر قسان دەکات و نەك وەك سەرهەنگێك و

فرۆکەوانێك. دەرفەتی ئەوەم پێدا تا وەك پیاوێکی بەشەرەف هەڵسوکەوت بکات تا ببێتە ئەو شتە کە بە خەونیش نەیدەبینی.))

بێدەنگ بوو، دەستی بەخێرایی، وەك مێش کوژ، بەرەو لای دەمی برد. لیتۆما بە چاوی نیوە نووقاوەوە ئەوانی دەبینی: سەرهەنگ، ڕێکوپێك و پاك و خاوێن، بە سمێڵێکی ڕێك و چاوانێکی ساردو سڕ، پالۆمینۆش ڕاست ڕاوەستاو بە جلوبەرگی عەسکەرییەوە کە تێیدا جێی خۆش کردبوو، لەوانەیە جلوبەرگێکی نوێ و دوگمەی بە باقوبریقو قژەسەرێك کە تازە کەمی کردبووەوە. سەرهەنگ، کورتە باڵاو تژی لە هێز و دەسەڵات، هەروا کە قسەی دەکرد بە دەوری ژووری کارەکەیدا دەخولایەوە، دەنگی فڕۆکە و هارەهاڕی مەکینەکانیان دەبیسترا و فڕۆکەوان، ڕەنگ هەڵبزرکاو، بێ ئەوەی بوێرێ چکۆلەترین جووڵە بکات، چاوی بتروکێنێ، دەمی بکاتەوە، و تەنانەت هەناسە بدات.

ئەو منداڵە، وێڕای ئەوەی قسان دەکات، پێدەکەنێ‌و هەندێ کاری وا دەکات کە کچانی‌تر ئەنجامی دەدەن، لەوان ناچێت. تورت‌و ناسکە، کریستاڵە، گوڵە، کۆترێکی بێ پەنایە. (لیتۆما پێی وابوو سەرهەنگ خەریك بوو دەیگووت: هەر ئەوەندە بڵێم کە فڕۆکەوان بۆی نییە چاوی ببڕێتە کچی فەرماندەی عەسکەرخانە. کوڕێکی خەڵکی کاستیلا ناتوانێ، تەنانەت لە خەون و خولیای شاراوەشی، خوازیاری ئالیسیا میندرۆ بێت. دەمەوێ ئەمە بخەیتە نێو کەللەتەوە کە نابێ لێی نزیك بکەویتەوە، چاوی لێ بکەی، تەنانەت خەونی پێوە ببینی، دەنا تاوانێکی بۆ دەدەیت کە بەدرێژایی ژیانت لەبیری نەکەی) بەڵام لەبری ئەوەی ڕێی لێ بگرم ئەو ببینێ، ڕووبەڕوو هەموو شتێکم بۆ شیکردەوە. لەسەر ئەم باوەڕە بووم کە گیتارژەنی خەڵکی کاستیلاش بۆی هەیە بوونەوەرێکی ماقووڵ بێت و بۆی هەیە وەك مرۆڤێکی ڕێکوپێك بیربکاتەوە. پێی گوتم تێدەگات، و پێی وانییە ئەو لەو جۆرە کچانە بێت، چیتر چاوی لێ ناکات و قسەی لەگەڵدا ناکات. جا ئەو شەوە، ئەو چۆلۆنییە کرێگرتەیە کچەی هەڵگرتو هەڵی فریواند. پێی وابوو دەتوانێ لە خشتەم ببات. بەڵێ، حسێبم لەگەڵی پاك بووەوە، ئێستا دەبێ ڕەزامەندیی دەربڕی زەماوەند بکەین. نا، کوڕی گەنج، بیر لە شتی وامەکەوە. کچی من، ئەم ڕۆڵە نەخۆشەم، هەر کارێکی حەز بکات دەتوانێ لەگەڵ منی بکات، هەرچی دڵی حەز بکات بۆی هەیە کایەم پێ بکات و ئابڕووم ببات و من ناچارم ئەمە کە خوا بەسەریدا سەپاندووم، لەگەڵ خۆم بگێڕم. ئەو بۆی هەیەو من قسەیەك ناکەم، بەڵام تۆ نا، تۆی نەزانی بێ مێشك.

بێدەنگ بوو، هەناسەیەکی قووڵی داو کەوتە هەناسە بڕکێوە. دیسان بێدەنگییەك هاتە ئاراوە کە بە بۆنەی هاژەهاژو بەسەریەکدا دانی ڕێکوپێکی شەپۆلەکان، بەردەوام ئەو بێدەنگییە دەشکایەوە. لەنگەرگاکە چیتر بەرزو نزم نەدەبووەوە. جارێکی تریش لیتۆما ئەوەی گوێ لێ بوو کە باڵادەستەکەی پرسیارێك دەپرسێ کە لەسەر زاری ئەو بوو: ((کەواتە بۆ ڕیکاردۆ دوفۆ؟ بۆچی ئەو بۆی هەیە ببێتە هاوڕێی ئالیسیا میندرۆ؟ ببێتە دەسگیرانی؟))

سەرهەنگ کە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کەس جگە لەو مەسەلەکان هەندێ ڕوون و ئاشکرا نابینێت، دەسبەجێ گوتی: ((ڕیکاردو دوفۆ پیاوێکی سواڵکەری کاستیلی نییە. ئەو ئەفسەرە. سەر بە بنەماڵەیەکی ڕەسەنە. گرینگتر لە هەموو شتێکیش، ئەو کەسایەتییەکی لاواز و زەینێکی کوێری هەیە. چونکە بە ئامادەبوونی ڕیکارد دوفۆی ماڵ وێرانە کە من دەتوانم لەسەر ئاگادار بوونم لە ئالیسیا بەردەوام بم و بۆم هەیە ئاگام لێی بێ. ڕێك بەو جۆرەی کە لە کاتی بە گیانەڵڵا بوونی دایکییەوە بەڵێنیم بە دایکە ا. بەڵێ خوداو مرسیدس دەزانن کە من بە چ بەهایەك بەڵێنییەکم بە جێهێناوە.))

دەنگی گیرا، چەندجار کۆکی و هەوڵیدا ئەو دڵەڕاوکەیەی کە نەیدەتوانی کۆنترۆڵی بکات بشارێتەوە. لە دوورەدەست پشیلەکان شێتانە دەیانمیاواند: شەڕیان دەکرد یاخود عیشق بازی؟ لەم دنیایەدا هەموو شتێك تێکەڵ پێکەڵە.

سەرهەنگ بە تووڕەییەوە گوتی: ((بەڵام من نەهاتووم بۆ ئێرە ئەم قسانە بکەم و نامەوێ باسی کێشەکانی بنەماڵەکەم بکەم و دەربارەیان دەمە تەقەت لەگەڵ بکەم.)) ئەوکات ڕاوێژی گۆڕی و بەهێوری گوتی: ((من نامەوێ کاتی تۆ بەفیڕۆ بدەم، سەرپەل.))

لیتۆما بیری کردەوە: ((من تەنانەت بۆ ئەو بوونم نییە.)) ئاوا باشتر بوو لەوەی سەرهەنگ فەرامۆشی کردووەو حسێبی بۆ ناکات هەستی بە ئەمینیەت دەکرد. بێدەنگییەك هاتە ئاراوە کە لە ماوەی ئەو بێدەنگییەدا سەرهەنگ لەوەی کە هێزی ئاخافتن و کەلامی خۆی دۆڕاندبوو و بە گژ خۆی دادەهاتەوە هەوڵی دەدا هەندێ وشەی تووڕەیی ئامێز و فەماندەرانە بە زماندا بێنێت.

((ئێوە کاتی من بەفیڕۆ نادەن، جەنابی سەرهەنگ.))

پاشان سەرهەنگ بە ئەستەمی نیازی خۆی دەربڕی و گوتی: ((مەمنوون دەبم ئەگەر ئەم بابەتە لە ڕاپۆرتەکەتدا نەگونجێنی.))

((مەبەستتان بابەتی پەیوەندیدار بە کچەکەتانە؟ کە گوتوویەتی وەك ئامێرێك بەکارتان هێناوە؟))

سەرهەنگ ئەمجارەیان بە دەنگێکی دڵنیاترەوە گوتی: ((مەمنوون دەبم ئەگەر ئەم بابەتە لە ڕاپۆرتەکەتدا باس نەکەی.)) دەستی بە دەمیدا هێناو گوتی: ((لەبەر خۆم نالێم، بەخاتری ئەومە. چونکە دەبێتە نێچیرێکی باش بۆ ڕۆژنامەنووسان. هەر لە ئێستاوە سەردێڕی گەورەی ڕۆژنامەکان دێنە بەرچاوم. بارانی تۆمەت و ناوزڕاندن بەسەرماندا دەبارێ. پاشان کەوتە کۆکەکردن، پشووی بڕاو هەوڵیدا خۆی هێمن نیشان بداو لەبەرخۆیەوە گوتی: ((ئەو کەسە کەمینە حسێب دەکرێ ناچارە پێش بە ئابڕوو چوون بگرێ. قیمەتی چەند دەبێت با ببێت.))

لیتۆما گوێی لە دەنگی سەرپەل بوو: ((دەبێ بە ئاگاداریتان ڕابگەیەنم، جەنابی سەرهەنگ، کە من چ باسی ئەم بابەتەم نەکرد چونکە پەیوەندی بە کوشتنی پالۆمینۆ مۆلرۆوە نەبوو. بەلام پێیێتان وانەبێت ئەم بابەتە تەواو بووە. کە بابەتەکە ئاشکرا بێت، واتە ئەگەر ئاشکرا بکرێت، ئەوکات هەموو شتێك پشت ئەستوور بەو شتانە دەبن کە کچەکەتان باسی دەکات. جاڕزی دەکەن، شەو و ڕۆژ بەدوای دەکەون و هەوڵدەدەن بە قسەی بێنن. جا هەرچی ئەم قسەو باسانە پێسترو ئابڕووبەرەتر بن زۆرتری پێوە دەنێن و زۆرتر لق و پۆپی لێ دەبێتەوە. خۆشتان دەزانن. ئەگەر بەو جۆرەی ئێوە دەیڵێن، ئەگەر ئەو تووشی وەهم، تووشی دیلۆژن بێت- ڕاست دەکەم؟ باشترە بیبەن بۆ نەخۆشخانەیەك یان بینێرن بۆ دەرەوەی وڵات. داوای لێبوردن دەکەم کە لەبارەی کاروباری شەخسیتاندا قسە دەکەم.))

سێبەری سەرهەنگ جووڵەیەکی کرد کە نیشاندەری بێ ئارامی و بێ ئۆقرەیی ئەو بوو و ئیتر قسەی نەکرد.

سەرهەنگ گوتی: ((چونکە نەمدەزانی ئێوە دەدۆزمەوە یان نا، یادداشتێکم بۆ خستە ژێر دەرگای دایرەکەتان.)) و کۆتایی بە قسەکانی هێنا.

((تێگەیشتم، جەنابی سەرهەنگ.))

سەرهەنگ بەشێوەیەکی تەوساوی گوتی: ((شەو باش.))

بەڵام بەرەومالْ نەبووەوە. لیتۆما ئەوی بینی کە گەڕایەوە، چەند هەنگاوێك بەرەو کەنار ڕۆیشت، ماوەیەك ڕاوەستاو هەروا ڕووەو دەریا ڕاوەستا. گڵۆپی بورجی دەریایی بۆ ماوەیەك ئەو هەیکەلە کورتەباڵاو قیژەونەی کە جلکی خاکی ڕەنگی لەبەر کردبوو، ڕۆشن کردەوە. لیتۆما و سەرپەل نیگایەکیان کە نیشاندەری بێ بڕیاری بوو گۆڕییەوە.

بێ ئەوەی قسەیەك بکەن وەڕێکەوتن، خیزەڵان دەنگی هەنگاوەکانی ئەوانی لە خۆدا نوقم دەکرد. سەرهەنگیان جێهێشت و بەنێو گەمیەکاندا بەرەو تالارا بەڕێکەوتن. کە گەیشتنە شار لیتۆما گەڕایەوەو چاوی لە کەنار کرد. ڕواڵەتی هەیکەلی سەرهەنگ، سێبەرێك کە ڕووناکتر لە سێبەرەکانی‌تر بوو، لەسەر جێگەی خۆی بوو. لەلایەکی‌تری دەریا، بە درێژایی ئاسۆ، گلۆپی زەرد وەبەرچاو دەکەوت. کام یەك لەو گلۆپانە بە گەمیی ڕوون ماتیاسەوە هەڵواسرابوو؟

تالارا چۆڵ بوو. لە ماڵە دارینە چکۆڵەکاندا چ گلۆپێك پێ نەبوو. لیتۆما گەلێ پرسیار و قسەو باسی بۆ باسکردن هەبوو، بەڵام نەیدەوێرا زاری داپچڕێت چونکە هەستی سەرلێشێواوی و خەم ئەویان سڕکردبوو. ئایا قسەکانی سەرهەنگ ڕاست بوون؟ وێدەچوو ڕاست بن. هەربۆیە پێی وابوو کچە تۆزێك گێلۆکە بوو، هەڵەی نەدەکرد. جاروبارە سەرپەل سیلوای بە سیلەی چاو دەخستە ژێر چاوەدێرییەوە. گیتارەکەی وەك تفەنگ یان پێمەڕە بە شانیدا شۆڕ کردبووەوەو نوقمی خەیاڵ بوو و بیری دەکردەوە، بەڕاستی قسەیەکە و خۆمان دەیکەین، بەو چایلکانەوە چۆن دەبینێ؟

کە تەقەکرا لیتۆما هەڵبەزییەوە. لە هەمانکاتدا دەتگوت چاوەڕێی تفەنگ بوو. تەقەکە بە شێوەیەکی وەحشیانە بەڵام کەم بێدەنگی تێکشکاندو زایەڵەیەکی کپی دروست کرد. دوایی دیسان هەموو جێیەك بێدەنگ و کڕبوو. ڕاوەستا بوو و چاوی لە سەرپەل بڕیبوو. دوای ماوەیەك ڕاوەستان دیسان بەڕێکەوتەوە.

لیتۆما کە خێراخێرا دەڕۆیشت بۆ ئەوەی بە سەرپەل بگاتەوە، گوتی: ((ئەرێ جەنابی سەرپەل، ئێوە گوێتان لەو دەنگە نەبوو؟))

سەرپەل لەم کاتەدا خێراتر دەڕۆیشت.

((دەنگی چی، لیتۆما؟))

((دەنگی گوللە، جەنابی سەرپەل. لەلای کەنارەوە. نەتانبیست؟))

((شتێکم بیست کە لەوانەیە دەنگی زۆر شت بێت، لیتۆما. پیاوێکی سەرخۆش بایەکی لێ بووەتەوە، نەهەنگێك قرخێنەی داوە. زۆر شت. دەلیلێك بەدەستەوە نییە کە بڵێین ئەوە دەنگی گوللە بووە.))

دڵی لیتۆما خێرا دەستی بە ترپەترپ کرد. ئارەقەی کردبوو و کراس بە پشتییەوە چەسپابوو. شپرزە، گێژ و وڕ و لەکاتێکدا لاقی لە شت هەڵدەکەوت، شان بە شانی سەرپەل دەڕۆیشت.

لیتۆما که لەناکاو هەستی کرد سەری لە گێژەوە دێت، پرسیاری کرد: ((ناتانەوێ بگەڕێینەوە، بزانین چی بەسەرهات؟))

((بچین بۆ لای، بۆچی، لیتۆما؟))

((بۆ وەی بزانین سەرهەنگ میندرۆ خۆی کوشتووە یان نا، جەنابی سەرپەل. مەگەر ئەو شتەی گوێمان لێ بوو، دەنگی تەقەی گوللە نەبوو؟))

((زۆر زوو دەزانین، لیتۆما، زۆر زوو دەزانین دەنگی تەقە بووە یان نا. پەلەی تۆ بۆ چییە؟ ڕاوەستە با کەسێك بێت، ماسیگرێك، سوالکەرێك دێت و هەواڵەکەمان پێدەدات. ئەوە بەو مەرجەیە کە ئەو بابایە، وەك تۆ باسی دەکەی، خۆی کوشتبێت. بەو حاڵەوە، باشترە سەبرت هەبێت تا دەچینەوە دایرەی پۆلیس. لەوانەیە ئەو ڕازەی تۆ ئازار دەدات لەوێندەر ئاشکرا بێت. گوێت لێ نەبوو کە سەرهەنگ گوتی یادداشتێکی بۆ جێهێشتووین؟))

((کەواتە تۆ پێتوایە ئەو یادداشتە وەسیەتنامەی ئەوە، جەنابی سەرپەل؟ کە بەدوای ئێمەدا دەگەڕا دەیزانی پاش قسەکردنی لەگەڵ ئێمە خۆی دەکوژێ؟))

سەرپەل ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: ((نەمدەزانی زەینیشت کوێرە، کوڕەکە.)) دەستێکی بە شان و پیلی داهێنا بۆ ئەوەی دڵی بداتەوە. ((قەیناکا، زۆر ئەزموون هەیە دەبێ تێیپەڕێنی تا بزانی دنیا چی بەسەر چییەوەیە. حاڵی هەی دەڵێم چی؟))

چیتر قسەیان نەکرد تا گەیشتە بەردەم دایرەی پۆلیس، ماڵێکی بچووکی وێران، کە ڕەنگی دیوارەکەی هەڵوەریبوو. هەورێك مانگی شاردەوەو سەرپەل ناچار بوو بۆ دۆزینەوەی قفڵی دەرگاکە شەمچەیەك هەڵبکات. وەك جاران چەند جارێك کلیلی هەڵسووڕاند تا قفڵەکە کرایەوە شەمچەیەکی تری هەڵکرد و لەسەر عەردی ژوورەکە دەستی کرد بە گەڕان. چووە ناو ژوورەکە تا ئەوەی شەمچەکە دەستی سووتاند و ناچار بوو بیکوژێنێتەوە. لیتۆما بە پەلەپرووزێ بەرەو لای گڵۆپەکە چوو تا پێی بکات و گێلانە ئەم کارەی دەکرد وەك بڵێی پێدەچوو، زۆری پێدەچێت تا گڵۆپەکە داگیرسێنێ. ئاگرێکی گچکە دواجار هەڵکرا. ناوەڕاستی ئاگرەکە سووری مەیلەو شین بوو و بەر لەوەی لیتۆما پڵێتەکەی هەڵکێشێت پرتە پرتی کرد.

زەرفی یادداشتەکە چوو بووە نێو درزی دوو تەختەداری عەردی ژوورەکە و لیتۆکا چاوی لە سەرپەل کرد کە دانەوییەوەو زەرفەکەی بە هێمنی هەڵگرتەوە، وەك بڵێی دەستی دەدایە شتێکی گرانبایی کە لەوانەیە بشکێت. لیتۆما دەیزانی کە لەشی سەرپەل بەلەرزە دەکەوت و بەلەرزەش کەوت. کڵاوەکەی بردە پشتە سەری، چاویلکەکەی هەڵگرت، لەسەر گۆشەی

مێزەکە دانیشت و لاقەکانی لێك کردنەوە. پاشان بە وردی زەرفەکەی کردەوە، و بە دوو قامك، قاقەزێکی چکۆڵەی کەم و زۆر شەفافی لێ دەرکێشا. لیتۆما هەندی نووسراوەی ڕێکوپێکی دەبینی کە سەرتاسەری لاپەڕەی قاقەزەکەی پڕ کردبووەوە. گلۆپەکەی بردە پێشتر تا بالآدەستەکەی ئاسانتر بیخوێنێتەوە. ئەو بە دڵەڕاوکەوە چاوەکانی سەرپەلی دەبینی کە لە چەپەوە بۆ ڕاست و بەپێچەوانەوە دەگەڕا و بەرە بەرە تێیاندا ڕق یان سەرسووڕمان و، لە هەمان کاتدا، هەردووکیانی پێکەوە دەبینی.

ئەو دەستەی قاقەزە سپییەکەی گرتبوو کەوتە سەر ئەژنۆی و گوتی: ((گووی تێکەن.))

((خۆی کوشتووە؟ دەهێڵن منیش بیخوێنمەوە، جەنابی سەرپەل؟))

سەرپەل سیلوا قاقەزەکەی دایە دەستی ئەو و گوتی: ((بیژوو، چی کردووە!)) هەروا کە دەقەکەی دەخوێندەوەو باوەڕی دەکردو نەیدەکرد، تێدەگەیشت یان تێنەدەگەیشت، گوێی لە دەنگی سەرپەل بوو کە گوتی: ((نەك هەر خۆی کوشتووە، لیتۆما. ئەو بیژووە کچەشی کوشتووە.))

لیتۆما سەری بەرزکردەوەو بە حاڵەتێکی سەرلێشێواوانە چاوی لە سەرەپەل بڕی. گلۆپەکەی بەدەستەوە گرتبوو. کەواتە ئەو سێبەرانەی کە لەسەر دیوار دەلەرانەوە نیشاندەری ئەوە بوون کە خەریکە دەلەرزێت. نێوچاوانی لیتۆما تێکچوو و لیتۆما ئەوی بینی کە چاوی نیو قووچاون و دەتروکێن، وەك بڵێی چاوی بە شەوارە کەوتبێت.

لیتۆما وەك بڵێی هەستی بە تاوان کردبێت، لەکاتێکدا زمانی دەگیرا گوتی: ((ئێستا چ بکەین؟ باشترە بچینە نێو عەسکەرخانە بزانین بەڕاستی کچەکەی کوشتووە یان نا.))

((پێتوایە لەوانەیە ئەوی نەکوشتبێت، لیتۆما؟))

((نازانم. مەبەستم ئەوەیە کە پێموایە کوشتوویەتی. هەربۆیە لای کەنار ئەو هەڵسوکەتە سەیر و سەمەرەیەی دەنواند. پێشموایە دەبێ خۆشی هەر کوشتبێت. ئەو دەنگی گوللەیەی بیستمان ئی خۆی بوو. بیژوو.))

سەرپەل سیلوا گوتی: ((هەق بەدەست تۆیە. ئەو بیژووە.)) بۆ ماوەیەك بێدەنگ و بێ جووڵە ڕاوەستابوون و لە دەوروبەریان سێبەرەکان بەسەر دیوار و لەسەر عەرد، لەسەر کەلوپەلی کۆن و لەکارکەوتوو، لە هاتوچۆدا بوون.

((ئێستا چی بکەین، جەنابی سەرپەل.))

سەرپەل خێرا گوتی: ((نازانم تۆ دەبێ چی بکەی.)) هەروا بە پێوە وەك بڵێی وەبیری هاتبێتەوە کە کارێکی بە پەلە دەبێ بە ئەنجام بگەیەنێت. ((بەڵام جارێ نسیحەتت دەکەم هیچ نەکەی جگە لەوەی سەرخەوێك بشکێنی و چاوەڕێ بیت کەسێك بێت و هەواڵی مەرگی دوو کەس بێنێت.)) لیتۆما ئەوی تەماشا دەکرد کە هەروەك هەمیشە دەستی بۆ دەمانچەکەی لەنێو بەرگەکەی بردو چاویلکەکەی لەچاو کرد، بە ورەیەکی بەرزەوە بە پەلە ژوورەکەی جێهێشت تا ڕێگای تاریکی شەقام بگرێتەبەر.

لیتۆما کە سەری سووڕما بوو و دەیزانی کە لە وڵامی پرسیارەکەیدا چ دەبیسێ، لە بەرخۆیەوە گوتی: ((باشە ئەوە بۆ کوێ دەچن، جەنابی سەرپەل؟))

((ئەوە دەچم بۆ لای ئەو ژیکەلانەیە.))

# ٨

دونیا ئادریانا دیسان پێکەنی. لیتۆما بیری لەوە دەکردەوە لە کاتێکدا سەر لەبەری خەڵکی تالارِا بە دەنگۆ هەڵبەستنەوە خەریك بوون یان فرمێسکیان هەڵدەوەڕاند یان لە باس و خواسی ئەو شتانەی ڕوویانداوە ڕزگاریان نابێت، دونیا ئادریانا جگە لە پێکەنین چ ناکا. ئەم پێکەنینانەش ئەوە سێ رۆژ بوو بەردەوام بوون. لەکاتی نانی بەیانی و نیوەڕۆ و شەو لەبری سڵاو و ماڵئاوایی پێکەنینی بە مشتەرییەکانی دابوو، ئەویش پێکەنین بەدەنگی بەرز. لە بەرامبەردا، سەرپەل سیلوا مۆن بوو و خولقی تێکچووبوو، وەك بڵێی شتێکی خواردبوو کە تەبیعەتی هەڵی نەگرتبوو و حاڵی خراپ کردبوو. لە ماوەی سێ ڕۆژدا ڕێك لیتۆکا پازدە جار بیری لەوە کردبوو کە لە نێوان ئەوان چی قەوماوە. زایەڵەی ناقووسەکانی پاپا دومینگۆ شاری داگیر کردو مەسیحیانی بە ئەمەگی بۆ مەڕاسیمی قووداس بانگهێشت کردو دونیا ئادریانا، کە هێشتا هەر پێدەکەنی، بە ئاماژەی دەست ڕەسمی خاچێکی لەسەر سنگی کێشایەوە.

دون خێرونیمۆ بە دەنگێکی ناخۆش و ناقوڵاوە گوتی: ((پێتوایە چ لەگەڵ سەرپەل دوفۆ دەکەن؟))

کاتی نانی نیوەڕۆ بوو و لەگەڵ دون خیرو نیمۆ و سەرپەل سیلوا و لیتۆما، ژن و مێردێکی گەنجیش لە زوریتوسەوە هاتبوون بۆ ئەوەی غوسڵی تەعمید بدرێن.

سەرپەل سیلوا، بێ ئەوەی سەری لەسەر دەوری چێشتەکەی کە نیوەی خواردبوو هەڵبگرێت، مڕومۆچانە گوتی: ((لە دادگای عەسکەری دادگایی دەکەن.))

دون خێرۆنیمۆ کە خەریك بوو برنج و گۆشت و پەتاتەی دەخوارد و بە ڕۆژنامەیەك خۆی باوەشێن دەکرد، گوتی: ((بە چ تاوانێك دادگایی دەکەن؟)) بەدەمی داپچڕاوەوە نانی دەخوارد و خواردنی نێودەمی بە وڵاتدا بڵاودەبوونەوە، ((واتە ئەگەر کەسێك کارێکی دەکرد کە دەڵێن ئەم بابایە بەسەر پالۆمینۆ مۆلرۆدا هێناوە، دەتانهێشت وا بە حەزی خۆی بێت و بڕوات. لانیکەم بەڵایەکیان بەسەردا دەهێنا.))

دونیا ئادریانا دیسان پێکەنی و لیتۆما هەستی کرد سەرپەل خۆی کۆکردەوەو خۆی چەپاندە نێو کورسییەکەی. بەدڵنیاییەوە تووڕەیە، تەنانەت ئەو مێشوولانەی کە بەدەوری سەریدا دەخولێنەوە لە خۆی ناتارێنێ. ئادریانا جلکێکی گوڵداری لەبەر کردبوو، لەش ساغ و خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو و دەتگوت دنیا دنیای ئەوە.

هەروا کە پێدەکەنی، گوتی: ((لیوانێکی تریش ئاو بخۆوە، سەرپەل، و هێندە خێراخێرا خواردنەکەت مەجوو، لەوانەیە لە گەرووت بگیرێ.)) بە دەستی لە پشتی دا کە تەوساویتر لە قسەکانی بوو.

لیتۆما بێ ئەوەی دونیا ئادریانا بناسێ چاوی تێ بڕیبوو، گوتی: ((ئەم دواییانە زۆر باش هەڵسوکەوتی دەکرد.)) ببوو کەسێکیتر. حەزی دەکرد خۆی لە نێو دڵاندا جێ بکاتەوە. چی قەومابوو؟

دونیا ئادریانا هەروا کە دەوری سەر مێزی ژن و مێردە زوریتوسییەکەی کۆ دەکردەوە تا بیانباتەوە بۆ مەتبەخ گوتی: ((دیارە دەلیلێکی هەیە.)) لیتۆما لەبەر خۆیەوە گوتی: ((پیاو نازانێ بڵێ چی!))

((ئەوە چی قەماوە لەم سێ ڕۆژەدا کە خاتوون هێندە کەیفی سازە، جەنابی سەرپەل؟))

سەرپەل لەبری ئەوەی وەڵام بداتەوە، لە پشت چاویلکە ڕەشەکەیەوە بە چاولێکردنێك وەك بڵێ باوکیت کوشتبێت چاوی تێبڕی، پاشان ڕووی کردە شەقامەکە و دیسان نوقمی فیکر بووەوە. داڵاشێك بێ برانەوە دەندوکی بۆ شتێك دەبرد. پاشان لە شەقەی باڵیدا و هەڵفڕی.

دون خێرۆ نیمۆ گوتی: ((دەتانەوێ شتێکتان بۆ بگێڕمەوە، جەنابی سەرپەل، بەڵام هیواردارم تووڕە نەبن.))

سەرپەل گوتی: ((ئەگەر بڕیارە تووڕە بم، هەروا باشترە چ شتێك نەڵێی. من تاقەتی بیستنی شتی قۆڕم نییە.))

شۆفێری تەکسی گوتی: ((تاقەتتان نییە با نەتانبێت.))

دونیا ئادریانا لەنێو مەتبەخەوە بەپێکەنینەوە گوتی: ((مەگین دیسان بڕیار وایە کەسێك بکوژن؟))

لیتۆما لەبەر خۆیەوە گوتی: ((خەریکە ناز دەکات. دەبێ سەرێك لە ماڵی لیائۆ هەڵێنم. خەریکم تێدا دەچم.)) مێزی شوفێر تەکسیەکە لەو سەری ژوورەکە بوو، کەواتە بۆ ئەوەی دەنگی بە سەرپەل بگات ناچار بوو لەوبەری ژن و مێردە زوریتوسییەکەوە، کە بەتامەزرۆیی-یەوە یەکتریان دەدواند، بەدەنگی بەرز قسان بکات.

دون خێرۆ نیمۆ ڕۆژنامەکەی چەند جارێك بەسەر مێزەکەداداو گوتی: ((تەنانەت ئەگەر تووڕەش بن، دەبێ شتێکتان پێ بڵێم. لە تالارا، تەنانەت بە کەس نادۆزرێنەوە، چ پیاو، چ ژن، چ منداڵ، چ سەگ، کە باوەڕ بەم چیرۆکە بکات. تەنانەت بیخەنەبەر دەم ئەو داڵاشەش لە گەرووی ناچێتە خوارێ.

داڵاشەکە دیسان گەڕابووەوەو بەو جەستە ڕەش و پیسەی مارمێلکێکی بە دەندوك گرتبوو و دەیخوارد. سەرپەل کە بێ تاقەت و نوقمی فیکر و خەیاڵی خۆی بوو، بێ گوێدانە کەسانی دەوروبەری خەریکی خواردن بوو.

((ئەگەر پێت باشە ئەو چیرۆکەمان بۆ بگێڕەوە، دون خێرۆ نیمۆ.))

شوفێری تەکسی کە نانی نێودەمی بە دەوروبەریدا بڵاودەبوونەوە، گوتی: ((دەمەوێ هەر ئەوە بڵێم، هەر کە سەرهەنگ میندرۆ کچەکەی کوشتووە، خۆشی کوشتووە، کام نەزان باوەڕ بەم قسانە دەکات؟))

لیتۆما گوتی: ((من، من ئەوەندە نەزانم کە پێموایە سەرهەنگ سەرەتا کچەکەی کوشتووە، پاشان خۆی کوشتووە.))

((بەڕێز لیتۆما، هەوڵ مەدە کەرم بکەی. هەردووکیان کوشتوون تا قسان نەکەن. دەیانەویست کوشتنی پالۆمینۆ مۆلرۆ بخەنە ئەستۆی بنەماڵەی میندرۆ. پێتوایە خەریکە کێ کەر دەکەی؟))

سەرپەل سیلوا سەری لەسەر دەورییەکە هەڵگرت: ((بەڕاستی ئەمە قسەی خەڵکە؟ دەڵێن سەری سەرهەنگ میندرۆیان بە فەتەڕات داوە؟ کەواتە کێ خۆی کوشتووە؟))

((دیارە، کەللە فیلەکان. ئەی کێ کوشتوونی؟ سەرپەل، ئێمە کەر مەکە. بە ناشکوری نەبێت ئێمە لێرە هەموو هاوڕێین. تەنیا ئەوەندە ئێوە ناتوانن قسەکانتان بدرکێنن. خەڵك

دەڵێن ئەوان دەرگای دەمی ئێوەیان قفڵ داوەو ناهێڵن بابەتەکە ئاشکرا بکەن. هەمان مەسەلەی هەمیشەیی.))

سەرپەل شانی هەڵتەکاند، وەك بڵێی ئەو قسانە سەر لەبەریان مانایەکیان بۆ ئەو نییە.))

دون خێرۆ نیمۆ، کە دەنکە برنجەکان لە دەمی دەپەڕینە دەرێ و بڵاودەبوونەوە، گوتی: ((خەڵك دەڵێن کچە گۆپاڵی دەستی بوو. ئای لەو بەرازانە! سەرهەنگی قوڕ بەسەر! ئادریانا خانم، ئێوە چۆنی بۆ دەچن؟))

((من بە زۆر شێوە بۆی دەچم. ها-ها-ها.))

سەرپەل بە مڕومۆچی و نێوچاوان تاڵییەوە سەری داخست و ئارام گوتی: ((کەواتە خەڵك پێیان وایە ئەم چیرۆکە دەستهەڵبەستە.))

((بەڵێ ئیتر، بۆ ئەوەی تاوانبارە ڕاستەقینەکان پارێزراو بن. دەنا چ دەلیلێکی تری هەیە؟)) فیتووی شەریکەی نێودەوڵەتی نەوت لێدرا، دالاشەکە سەری هەڵنیاو چەمییەوە. بۆ چەند ساتێك هەر بەم شێوەیە، چاوەڕێ مایەوە. پاشان لە شەققەی باڵیداو رۆیشت.

لیتۆما پرسیاری کرد: ((ئەگەر وابێت خەڵك چ دەلیلێك بۆ کوشتنی پالۆمینۆ مۆلرۆ دێننەوە؟))

دۆن خێرۆ نیمۆ بە دەنگی بەرز گوتی: ((کەلوپەلی قاچاخ. بایی ملیۆنان دۆلار. سەرەتا ئەو دەکوژن چۆن بۆنی کردبوو. دواتر کە سەرهەنگ میندرۆ پێدەزانێ یان خەریکبووە بزانێت لە کوێ چ باس و خەبەرە، خۆی و کچەکەی دەکوژن و چونکە دەیانزانی خەڵك پێیان خۆشە چی ببیسن، چیرۆکی ئەم بەسەرهاتە بۆگەنە هەڵدەبەستن کە ئەو بابایە لەبەر ئەوەی غیرەتی و حەسوود بووە پالۆمینۆی کوشتووە. بەکورتی، ئەمانە سەرلەبەر سەرپۆش بوون. لەم نێوانەدا کەس باسی بابەتی سەرەکی، کە دەستاو دەستکردنی دنیایەك پارەیە، ناکات.))

سەرپەل ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی: ((ئەو نامەردانە فیکری چەند قوڕ بە مێشکیاندا تێدەپەڕێت!)) چنگاڵەکەی وا بەدەورییەکەی دادەکێشا وەك بڵێی دەیەویست بیشکێنێت.

دونیا ئادریانا بە پێکەنینەوە گوتی: ((قسەی پیس مەکە دەنا زمانت چیتر ئی خۆت نابێت. بە فینجانێکەوە لای سەرپەل ڕاوەستابوو، خۆی تێهەڵسوو و فینجانەکەی لەسەر مێزەکەو لەبەردەمی دانا. ((ها-ها-ها!))

لیتۆما لە دڵی خۆیدا گوتی: ((بەوە دەڵێن داب و دەستووری مێز ڕازاندنەوە. ئەوە دونیا ئادریانا چی لێ قەوماوە؟)) هەم فشەی پێدەکرد، هەمیش پێی ڕادەبوارد. بەڵام سەرپەل چ

وەڵامێکی نەدەداوە. نارەحەت و مات بوو و لەهەمبەر تەوس و گاڵتەی دونیا ئادریانا چ شتێکی نەدەگوت. ئەویش وێدەچوو گۆڕابووبێت. هەرکاتێکیتر بووایە لە دیتنی هەڵسوکەوتێکی لەم چەشنە خۆشحاڵ دەبوو. بەڵام ئەوە بۆ سێ ڕۆژ دەچوو کە هیچ شتێك ڕوخساری مرۆ مۆچی ئەویان گەش نەدەکردەوە. ((چی ڕووی داوە؟))

پیاوە گوتی: ((لە زوریتوس خەڵك دەڵێن هەر شتێك بێت پەیوەندیی بە کەلوپەلی قاچاخەوە هەیە. پیاوەکە گەنج بوو، قژی بۆ دواوە شانە کردبوو، ددانێکی زێڕ بوو. کراسەکەی پەمەیی بوو و ئوتوو کراوبوو و خێراخێرا قسەی دەکرد. چاوی لە ژنێك کە وێدەچوو ژنی بێت کردو کوتی: ((ڕاست ناکەم، ماریسیتا؟))

((ڕاستە، پانچیتۆ، ڕاست دەکەی. بەتەواوی ڕاست دەکەی.))

((وێدەچێ ژمارەیەکی زۆر بەفرگر و هیتەر هاتبێتە نێو وڵات. لە مامەڵەیەکی وادا بە دڵنیاییەوە ملیۆنان دۆلار پارە دەست بەدەست دەگەڕێت.))

ماریسیتا کە لێوی دەلەری و دەتگووت دەیەوێ لە قوڵپی گریان بدات، گوتی: ((دایکی کوێر بێت ئالیسیا میندرۆ! ئەم کچە لەم نێوانەدا چ تاوانی نەبووە. بۆی کوێر بم. خەڵك جینایەتی چۆن دەکەن! ئەو شتەی من نارەحەت دەکات ئەوەیە کە تاوانبارە ئەسڵییەکان ڕادەکەن. کەس قۆڵبەستیان ناکات. ڕاست دەکەم، پانچۆ؟))

دۆن خێرۆ نیمۆ گوتی: ((لەم نێوانەدا هەر ئێمەی پاپەتی و ڕەش و ڕووتین کە کڵاومان دەچێتە سەر، کەللە فیلەکان چ گونیان پێ ناچێ. ڕاست دەکەم، جەنابی سەرپەل؟))

سەرپەل کە بەو هەموو شتەی گوتران تێکچوو بوو، گوتی: ((من لەم وێرانەیە دەچمە دەرێ. لیتۆما، تۆ لێرە دەمێنیتەوە؟))

((منیش وەڕێ دەکەوم و دێمە لای ئێوە، جەنابی سەرپەل. تەنیا بە یارمەتیت قاوەکەم دەخۆمەوە.))

سەرپەل سیلوا کە لە دەرگاکە چووە ئەودیو، گوێی لە ماڵئاوایی گاڵتەجاڕانەی دونیا ئادریانا بوو: ((خۆشی بگوزەرێنی!))

چەند دەقە دواتر دونیا ئادریانا قاوەی لیتۆمای هێناو لەسەر کورسی سەرپەل دانیشت.

((من خەریکم دەتەقێم، هێندە تامەزرۆم بەسەرهاتەکە ببیسم. حەز دەکەم بزانم چی ڕوویداوە.)) دونیا ئادریانا کە ئاگری خراپە خوازی لە چاویدا بڵێسەی دەدا وەڵامی دایەوە: ((لەو بپرسە.))

((لێم پرسیوە، لانیکەم دە جار. بەڵام ئەو خۆی لە گێلی دەدات. تۆ بۆم باس بکە.))

((تەنیا ژنان ئەوەندە لە شت دەکۆڵنەوە.))

دەنگی دۆن خێرۆ نیمۆی بیست کە بە ژن و مێردە زوریتوسییەکەی دەگوت: ((هەندێك دەڵێن زیاتر بابەتی سیخوڕی لە نێواندایە تا قاچاغ، ئەو کەسەی ئەم قسەیەی کردووە دون تیئۆنیو کایە فریاسە، خاوەن سینەما دەڵێم، کەسێك کە وەڕێ ناکەوێ بچێتە ئێرە و ئەوێ قسەی خۆڕایی بکات.))

پانچیتۆ گوتی: ((ئەگەر ئەو گوتبێتی، کەواتە دەبێ باوەڕی پێبکرێ.))

مارسیا گوتی: ((دیارە شتێك قەوماوە بۆیە خەڵکیش پێوەی سەرقاڵن.))

دۆن خیرۆ نیمۆ گوتی: ((پالۆمینۆ مۆلرۆ زانی کە خەریکن سڕ و نهێنییە عەسکەرییەکان دەنێرنە ئیکوادۆر، ئەوانیش تەفرو توانایان کرد. پێشەنگی سیخوڕەکانیش کەس نەبووە جگە لە سەرهەنگ میندرۆ.))

پیاوی خەڵکی زۆرتیوس گوتی: ((بابەتەکە خەریکە گەورە دەبێتەوە. خەریکە وەك فیلمی سینەمایی لێدێت.))

((ڕێك وەك فیلمی سینەمایی لێدێت.))

((لەو شەوەوە هەموو شتێك سەیرو سەمەرەی لێهاتووە. هەر ویستوومە مەزەندەی ئەوە بکەم بزانم چی ڕوویداوە کە تۆ هێندە خۆشحاڵی و سەرپەل هێندە مڕومۆچە.))

دونیا ئادریانا هێندە پێکەنی کە فرمێسك لە چاویدا کۆبووەوە.

((دەبێش مڕو مۆچ بێت. پێموایە بۆ هەموو کات داسەکناوە. سەردەمی دون ژوان بوونی باڵادەستەکەت کۆتایی پێ هاتووە. ها-ها-ها!))

پیاوی خەڵکی زۆریتوس ددانە زێڕەکەی مژی و گوتی: ((من سەرم لە قسەکانی دون تیئۆتۆ نیۆ فریاس سووڕنامێنێت. هەر لە سەرەتاوە من بەخۆمم دەگوت کە ئەم کوشت و بڕانە پەیوەندییەکیان دەبێ بە ئیکوادۆرەوە هەبێت.))

((باشە، چۆن هێورت کردەوە، دونیا ئادریانا؟ چۆن پشتی ئەوت لە عەرددا؟ باسی بکە.))

خاتوونی خەڵکی زۆریتوس گوتی: ((سەرباری ئەمە، لەوانەیە کچی میندرۆ بەر لە کوشتنی بێ بنیان کردبێت. ئەم شتانە هەمیشە دەکرێن. لەو نامەردانە بە دوور نییە. من بۆیە باسی ئەمانە دەکەم چونکە خۆم لە ئیکوادۆر خزم و کەسوکارم هەیە.))

دۆن خێرۆ نیمۆ سەری لە پشت ئەو ڕۆژنامەیەی مێشی پێ لە خۆی دەتاراند، هێنایە دەرێ و گوتی: ((من لەم بارەیەوە چم نەبیستووە. بەڵام هەڵبەت بەلامەوە سەیر نابێ کە ئەوان بەر لەوەی بیکوژن بەڵایەکیشیان بەسەردا هێنابێت، لەوانەیە بە چەند کەس.

دونیا ئادریانا گوتی: ((من لە خەو دابووم، لە کتوپڕ هاتە جەستەم، پێی وابوو من لەو ژنە بەڕەڵڵایانەم. پێی وابوو یان زگم پێی دەسووتێ یان دەمترسێنێ. بەڵام ئەو کەسەی لەم نێوانەدا هەڵبەزییەوە ئەو بوو.))

پیاوی خەڵکی زوریتوس گوتی: ((هەڵبەت، هەڵبەت. بە چەند کەسیان چووبوونە گیانی هەمیشە شتی وا ڕوودەدات.))

((من قسەی وام پێگووت لە عەمری بابیدا نەیبیستبوون. پێمگووت گوو.))

لیتۆما چەند جارێك چاوی ترووکاند و بە وردی گوێی گرت، گوتی: ((پێتگووت گوو؟))

((تا توانیم قسەی پیسم پێگووت.))

لیتۆما بە پرتە پرتەوە گوتی: ((بەڕاستیتە؟))

((نازانم ئەو قسە پیسانە چۆن بە مێشکمدا دەهاتن. بەڵام پێموایە عیسای لەخاچدراوی ئایاباکا پێی دەگووتم چی پێی بڵێم. جارێکیان بەپێی پەتی سەرتانسەری ڕێگای ئایاباکا چوومە زیارەتی، لە جێژنی مانگی ئۆکتۆبەر دابوو. هەر بۆیە ئەو قسانە بە مێشکدا هاتن. ئەو دایك واوا لێکراوەش وەك تۆ سەری سووڕمابوو.))

لیتۆما، لە کاتێکدا ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابوو و چاوی زەق ببوونەوە، بە پرتە پرتەوە گوتی: ((ئاخر، ئاخر...))

سەرپەل کە دەمی داپچڕابوو، بە پرتە پرت کردنێکەوە گوتی: ((مافی ئەوەت نییە بەم شێوەیە کایەم پێ بکەی.))

((کە ئەو قسانەی دەکرد زۆریش لەسەرەخۆ بووم. پاشانیش هات و هاوارێکم وەڕێخست کە بەڕاستی واقی وڕما. هەر نەیدەزانی چی بکات. دەبوایە بە چاوی خۆت بینیبات.))

((پێم سەیر نییە، دونیا ئادریانا، واتە کەس پێی سەیر نابێت. هەڵبەت منیش ئێستا نازانم چی بکەم. باشە دوایی ئەو چی کرد؟))

((کارێکی پێ نەدەکرا. ئاوێك بوو کە بەسەر ئاگرتتدا کردبێت.))

سەرپەل کە نەیدەزانی لەکام دەرگاوە بچێتە دەرێ، هاواری کرد: ((من نەهاتوومەتە ئێرە گاڵتەم پێ بکەن.))

((تویش ڤینت هەستا بوو.))

((بەڵێ، منیش ڤینم هەستابوو. باڵادەستەکەشت کلکی خستە نێو گەلۆزییەوەو بۆی دەرچوو.))

((کەواتە بۆیە سەرو دڵ خۆش نییە. زگم پێی دەستووتێ.))

دونیا ئادریانا لە تەهی دڵەوە پێکەنی. لیتۆما لە هەمبەر سەرپەل هەستی بە هاودڵی و دڵسۆزی دەکرد. کاتێك بۆ ئارامهەڵنەگران ئەم باسە بگێڕێتەوە، چییان لێدێت. ئێستا ئیتر دونیا ئادریانا شاژنی دڵخوازی ئەوانە، نەك هەر لە چونگا. شتێکیتر ئەوەیە کە ئەوان، لەمە بەدوا، گۆرانییەکانیان بە شانازی ئەو بەرهەم دێنن.

دونیا ئادریانا لەناکاو بابەتەکەی گۆڕی و گوتی: ((کەس باوەڕ بە چیرۆکی خۆکوشتنی سەرهەنگ میندرۆ ناکات.))

لیتۆما لەبەر خۆیەوە گوتی: ((منیش هەروەتر.))

((لە ڕاستیدا، منیش باوەڕم پێی نایات. شتی وا چۆن مومکینە؟))

لیتۆما لە جێی خۆی هەستا و وەسڵی پارەی خواردنی نیوەڕۆی واژۆ کرد، (کە واتە تۆش باوەڕت پێی نایات؟ بەڵام من باوەڕم بەو چیرۆکە کرد کە تۆ بۆت گێڕامەوە. لە چیرۆکی خۆکوشتنی سەرهەنگ میندرۆ بەتام و چێژترە. دێمانە بەخێر، دونیا ئادریانا.))

دونیا ئادریانا کە لە چاوانیدا ئاگری بزۆزی بڵێسەی دەهات، لە دوای لیتۆماوە گوتی: ((گوێت لێ بێ، لیتۆما، بە سەرپەل بڵێ ئیمشەو شتێکی تایبەتی بۆ لێ دەنێم تا وەك هەمیشە خۆشی بوێم... هەڵبەت کەمێك.))

پێکەنی و لیتۆماش وێڕای ئەو پێکەنی.

(پەیامەکەت ڕاست بەو شێوەیەی کە گوتت پێی دەگەیەنم. ماڵئاوا، دونیا ئادریانا.)

کێ ژنان دەناسێ؟ لیتۆما کە بەرەو دەرگا دەچوو دەنگی دۆن خێرۆ نیمۆی لە دوای خۆیەوە بیست: ((لیتۆما، هاوڕێی لەمێژینە، بۆ چ ناڵێی کەللە فیلەکان چەندەیان پارە داوە بە سەرپەل تا ئەو ئەم چیرۆکی خۆکوشتنەی سەرهەنگ ساز بکات؟))

((ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کە نوکتەت گوتبێت، دەبێ پێتبڵێم زۆر بۆ پێکەنین نابێت. بۆ سەرپەلیش هەر بۆ پێکەنین نابێت. بەڵام ئەگەر ئەم قسەیەی پێ بگاتەوە، لەوانەیە قیمەتێکی گرانی لە پادا بدەی، دۆن خێرۆنیمۆ.))

ئەوجار گوێی لە دەنگی شوفێری تەکسی بوو: ((پۆلیسی بیژوو.)) و بۆ چرکەساتێك وای بیرکردەوە کە بگەڕێتەوە. بەڵام نەگەڕایەوە. خۆی بە گەرمای تاقەت پڕووکێنی دوای نیوەڕۆدا کرد، جادەی خێزەڵانی برژاوی گرتەبەرو بە نێوەڕاستی کۆمەڵێك منداڵدا تێپەڕی کە بە تۆپێکی پەڕۆ کایەیان دەکرد. ئارەقەی کردو کراسەکەی بە جەستەیەوە نووسا. ئەو چیرۆکەی دونیا ئادریانا بۆی دەگێڕایەوە بۆ باوەڕکردن نەدەبوو. ئایا ڕاست بوو؟ بە دڵنیاییەوە ڕاست بوو. ئێستا دەیزانی کە بۆچی ئەو لەو شەوەوە ئەوەندە مات و بێدەنگ بوو. کاتێك لێی ورد دەبووەوە بەم ئەنجامە دەگەیشت کە ئەم بابەتەش لەنێو دڵی ئەو تراژیدییەدا خۆی جۆرێك بەسەرهات بوو. هەرکەسێکی تریش بوایە دانی بە شکستی خۆیدا دێنا. خۆی بە دەستەوە دەدا. ئەوکات دیسان پێکەنییەوە.

لە دایرە سەرپەلی بینی کە نوقمی ئارەقەو بە سنگی ڕووتەوە لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو. بە دەستێك خۆی باوەشێن دەکرد و بە دەستەکەی تری تێلێگرامێکی لەبەر چاویلکە ڕەشە دژەخۆرەکەی ڕاگرتبوو. لەبن چاویلکەکە، لیتۆما چاوەکانی سەرپەلی دەبینی کە لە وشەکانی تێلێگرامەکەی بڕیبوون.

((قۆڕیی بابەتەکە لەوەدایە کە کەس باوەڕ ناکات سەرهەنگ میندرۆ هەم کچەکەی کوشتبێت، هەمیش خۆی. خەڵك هەموو قسەی قۆڕ دەکەن، جەنابی سەرپەل. دەڵێن مەسەلەی کەلوپەلی قاچاغ لەئارادایە، دەڵێن مەسەلەی سیخوڕی لەگۆڕێ دایە، دەڵێن دەستی ئیکوادۆر لەم بابەتەدا دەبیندرێ.))

((هەندێ هەواڵی ناخۆشم بۆت هەیە، لیتۆما. تۆیان بۆ دایرەیەکی عەسکەری گواستووەتەوە کە وەك ئەم چیرۆکانە خەیاڵکردە، نەقلیان کردووی بۆ شوێنێك لە پارێزگای خۆنین. دەسبەجێ دەبێ خۆت بگەیەنییە ئەوێ. پارەی پاسەکەشت پێ دەدەنەوە.))

((پارێزگای خۆنین؟))

((منیش بڕیارە بگوازرێمەوە، بەڵام جێیەکەی هێشتا دیاری نەکراوە. لەوانەیە هەر بۆ ئەو شوێنەیە کە تۆ دەچی.))

((دەبێ زۆر دوور بێت.))

سەرپەل بە شێوەیەکی میهرەبانانەوە فشەی پێدەکرد: ((ئێستا دەزانی، کەرە گیان، زۆر تامەزرۆ بووی ڕازی کوشتنی پالۆمینۆ مۆلرۆ بدۆزیتەوە. دەی، ئەوە دۆزرایەوەو منیش بۆم دۆزییەوە. چی دەستی گرتین؟ تۆیان گواستنەوە بۆ کوێستان، دوور لە گەرما و خزم و کەسوکارت. بە دڵنیاییەوە وێرانەیەکی خراپتر بۆ من دەستنیشان دەکەن. کاتێك کارێك بەم باشی و ڕێکوپێکییە لە هێزی ئاسایش جێبەجێ دەبێت، بەم شێوەیە خەڵاتی دەدرێتێ. لەوێندەر چ بەڵایەك بە سەرتدا دێت، لیتۆما؟ پێم وانییە لەوێ تاقەت بێنی. لەو سەرمایەدا پیاو زگی پێت دەسووتێ.))

((هەی بیژووییینە.))